
# ڕۆژنامە

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 550 سێشەممە 6/ 10/ 2009
نرخ 750 دینار

No.550 Tue 6/ 10/ 2009


٦



کوێستان محەمەد:
**ئەگەر فراکسیۆنی کوردستانی دژایەتیمان بکات، زەرەر دەکات**



مەحمود سەنگاوی:
**ڕێکخستنی حیزبی لەنێو پێشمەرگەدا ئاساییە**

# د.بەرهەم دووساڵ سەرۆکی حکومەت دەبێت

**ڕۆژنامە**

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تەمەنی سەرۆکایەتی وەزیران بۆ د.بەرهەم ساڵح تەنیا دوو ساڵەو لە پاش ئەو، پارتی ئەو پۆستە وەردەگرێت.
سەرچاوەکە ڕوونکردنەوەی زیاتری داو ئاماژەی بۆ ئەوەکرد؛ لە ماوەی ڕابردوودا لە نێوان تاڵەبانیو بارزانیدا ئەم مەسەلەیە خراوەتەڕوو، بارزانی بە تاڵەبانی وتووە بۆچوونی سەرکردایەتی پارتی لە بارەی پۆستی سەرۆک وەزیرانەوە ئەوەیە، کە لەم کابینەیەدا پێویستە دوو ساڵ بۆ یەکێتی بێتو دوو ساڵیش بۆ پارتی، بەوپێیەی پارتی لە مانگی شوباتی (٢٠٠٨) ئامادەبووە پۆستی سەرۆک وەزیران بەپێی ڕێکەوتنە ستراتیژییەکە تەسلیمی یەکێتی بکات، بەڵام یەکێتی خۆی لەبەر بارودۆخی ناوخۆی وەرینەگرتووەو ئەو مافەی بۆ خۆی بەکارنەهێناوە.
ئازاد بەرواری کاندیدی ڕاسپێردراو بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت دەربارەی ماوەی سەرۆکایەتی بەرهەم ساڵح دەڵێت: «جارێ زووە باس لە ماوەی سەرۆکایەتی د.بەرهەم بکرێتو ڕێکەوتنی ستراتیژییو شتی نووسراو لەنێوان پارتیو یەکێتیدا هەیە».
بەرواری هەروەها وتیشی: «ئەو پرسە لە چوارچێوەی ئەو ڕێکەوتنەدایە، کە لە نێوان سەرۆک تاڵەبانیو بارزانیدا ئیمزا کراوە».
لەلایەکی دیکەوە، بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، لە کابینەکەی بەرهەم ساڵح-دا زۆرینەی ئەو ستافە سەرەکییەی نێچیرڤان بارزانی لە کابینەکەیدا هەیبووە، وەک خۆیان دەمێننەوە، کە پێکهاتووە لە د.نوری عوسمان، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانو د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانو فەلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی دەرەوەی حکومەتو د.عیزەت، کە بەڕێوەبەری گشتییە لە ئەنجومەنی وەزیرانو کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆ.

**لە ل٤ دا ڕاپۆرتێک لەوبارەیەوە بڵاوکراوەتەوە**

## ئەگەر هەڵبژاردن لە کەرکوک نەکرێت، لیستی گۆڕان بایکۆتی هەڵبژاردن دەکات

## د.بەرهەم: پێمانخۆشبوو لیستی گۆڕان بەشداریی لە حکومەتدا بکات

**ڕۆژنامە**

سەرۆکی ڕاسپێردراوی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم لە کۆبوونەوەکەیدا لەگەڵ سەرۆکی لیستی گۆڕان وتوویەتی: «پێمانخۆشبوو لیستی گۆڕان بەشداریی لە حکومەتدا بکردایە».
هاوکات لیستی گۆڕان هەڵوێستی خۆیان لە بارەی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقەوە خستووەتە ڕوو.
سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆبوونەوەی نێوان لیستی گۆڕانو د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی ڕاسپێردراوی کابینەی شەشەم، کە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو ئەنجامدرا، ڕایگەیاند: لە کۆبوونەوەکەدا باسی چۆنێتی کارەکانی حکومەت کراوە، ئەوەش گفتوگۆی لەسەر کراوە، کە دەیانەوێت کاروباری حکومەت لە حیزب جیابکەنەوە.
سەبارەت بە جیاکردنەوەی حیزب لە کاروباری حکومەت، نەوشیروان مستەفا سەرۆکی لیستی گۆڕان وتوویەتی؛ هەرچەندە کارێکی سەختە، چونکە تائێستا حیزبەکان کەسەکانتان بۆ دیاریدەکەن، بەڵام ئێمە پشتگیریتان دەکەین.
هەر لەو کۆبوونەوەیەدا هەردوولا باسیان لە چۆنێتی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەراندا کردووەو لیستی گۆڕان هەڵوێستی خۆیانی لەوبارەیەوە خستووەتە ڕوو، بەوەی «ئەگەر پارێزگای کەرکوک لە هەڵبژاردندا جیابکرێتەوە، ئەوا بە تەواویی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان دەکەین».

١٥


**حکومەتی هەرێم (٧.٨) ملیۆن پشکی لە کۆمپانیای (دی.ئین.ئۆ) کڕیوە**

٨

**قایمقامی ڕانیە بە کەفالەتی شەخسی ئازاد دەکرێت**



قایمقامی کەرکوک:
**حیزبە کوردییەکان ڕووی ئیدارەیان ناشرینکردووە**



١٠

١٦

**فراکسیۆنی گۆڕان هەوڵی دابینکردنی مووچە بۆ کابانی ماڵ دەدات**









**ڕاستییەکان وەک خۆیان**

بۆتان ئامێدی

٢٢

١٢

**یاداشتەکەی حیزبی ئیسلامیی و یەکێتیی و پارتی هەڵدەوەشێتەوە**



١٩

**مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە بینای پەروەردەدایە**

# ئاسایشی کەلار هەڵدەکوتنە سەر نووسینگەی فراکسیۆنی گۆڕان

بەهادین یوسف

قایمقامییەتی کـــەلار لـــەڕێـی ئاسایشەوە چەند جارێک دەچێتە سەر ئۆفیسی فراکسیۆنی گۆڕان لە شاری کەلارو داوایان لێدەکەن ئۆفیسەکەیان دابخەن، پەرلەمانتارێکی گۆڕانیش هەوڵەکە بە گوشاری سیاسیی دەزانێت، نەک یاسایی‌و نەبوونی مۆڵەت.

رۆژانــی پێنجشەممەو شەممەو یەکشەممەی رابــردوو چەند جارێک مـەفـرەزەیـەکـی ئاسایشی کـەلار دەچنەسەر نووسینگەی فراکسیۆنی گـۆڕان لە گەرمیان‌و بەبیانووی وەرنەگرتنی مۆڵەت داوایان لێدەکەن نووسینگەکەیان دابخەن، لەکاتێکدا بۆ کردنەوەی ئەو نووسینگەیە مۆڵەت لە سەرۆکایەتی پەرلەمان وەرگیراوە.

پەرلەمانتار عەبدوڵڵا مەلانوری لە فراکسیۆنی گـۆڕان بە رۆژنـامـەی راگـەیـانـد: «بـۆ جاری دووەم رۆژی یەکشەممە ئاسایش هاتنەسەر نووسنگەکەمان کە لەلایەن قایمقامیەتی کەلار بەوەکالەت نـێـردرابـوون، بەبیانووی ئـەوەی مۆڵەتمان وەرنەگرتووەو ئێمەش پەیوەندیمان بە قایمقامیەتی کەلارەوە کردو پێمانڕاگەیاندن کە بۆ وەرگرتنی مۆڵەت پێویستمان بە دەسەڵاتی تەنفیزی نییەو مۆڵەت لە مەرجەعی خۆمانەوە وەردەگرین کە سەرۆکایەتی پەرلەمانە».

ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان وتیشی: «بەپێی عورفی پەرلەمانی هەموو دنیا پەرلەمانتار نوێنەری خەڵکەو مافی ئەوەی هەیە نووسینگە لە شارەکەی خۆی بکاتەوە ئەگەر گرفتێکیش هەبێت، دەتوانرێت لەڕێی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەیوەندی بە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بکەن، بەڵام ئەوان سووربوون لەسەر ئەوەی کە دەبێت نووسینگەکە دابخرێت‌و لە هەڵسوکەوتەکانیانەوە بۆمان دەرکەوت فشاری سیاسیان لەسەرە، نەک سەرپێچی یاسایی هەبێت لەلایەن ئێمەوە».

چــوار پەرلەمانتاری گـۆڕان کە نوێنەری گەرمیانن، نووسینگەیەکیان بۆ وەرگرتنی سکاڵاو داواکارییەکانی هاوڵاتییان لە شـاری کەلار کردووەتەوە، تا لەوێوە بیگەیەننە پەرلەمان.



عەبدوڵڵا مەلانوری ئاماژەی بەوەشکرد: «ئەم هەڵسوکەوتەی ئیدارەو ئاسایشی کـەلار لـەوەوە سـەرچـاوەی گرتووە کە پێشتر پەرلەمانتار نوێنەری حیزب بووەو ملکەچی دەسـەڵاتو حیزب بوون، نەک پەرلەمان بە مەرجەعی خۆیان بزانن».

سـەبـارەت بـە وەرگـرتـنـی مۆڵەتیش وتـی: «پێش پشووی جەژن شێخ جەلال نوری قایمقامی کەلارمان لە کردنەوەی نووسینگە ئـاگـادارکـردووەتـەوە، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕانیش لەڕێی سکرتێری پەرلەمانەوە سەرۆکایەتی ئاگادارکردووەتەوە لە کردنەوەی نووسینگەی ئەو پەرلەمانتارانە لە کەلار».

ئۆفیسی پەرلەمانتارانی گۆڕان لە گەرمیان کە لەسەر ئەرکی خۆیان کردوویانەتەوە، جگە لە رۆژانی هەینی‌و شەممە، رۆژانە کراوەتەوەو لەڕێی کەسێکی یاساییەوە نووسینگەکە بەڕێوە دەبرێت‌و ستافێکی تایبەت دانـراوە بۆ وەرگرتنی سکاڵاو داواکاری هاوڵاتییان‌و لە رۆژانی پشووی خۆیاندا، پەرلەمانتارانی گۆڕان لە نووسینگەکەی خۆیان پێشوازی لە هاوڵاتییان دەکەن.

رۆژنامە چەند جارێک پەیوەندیکرد بە قایمقامی کەلار بەوەکالەت، بەڵام بەردەست نەکەوت یان بەبیانووی بوونی کارەوە وەڵامی پرسیارەکانی رۆژنامەی نەدایەوە.

# «سەرۆکی نوێی حکومەت لیستەکان هەڵدەوەشێنێتەوە»

شارا عەبدولڕەحمان

ســەرکــردەیــەکــی حـیـزبـی زەحمەتکێشانی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسیی) پـێـیـوایـە، کە کۆبوونەوەی سەرۆکی راسپێردراوی حکومەت لەسەر ئاستی حیزبەکان‌و داوا لێکردنیان بۆ بەشداریکردنیان لە حکومەتدا «بۆ هەڵوەشاندنەوەی لیستەکانە».

سەعد خالید کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسیی) نیگەرانی خۆی نیشاندا لەسەر شێوازی پێکهێنانی حکومەت‌و کۆبوونەوەی د.بـەرهـەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی راسـپـێـردراوی حـکـومـەت لەگەڵ حیزبەکان‌و رایگەیاند: پێویست بوو ئەو هەوڵانەی، کە سەرۆکی راسپێردراوی حکومەت بـۆ پێکهێنانی کابینەی شەشەم ئەنجامی دەدات لەسەر ئاستی لیستەکانی بەشدار لە پەرلەماندا بوایە، نەک حیزبەکان.

بەو هۆیەشەوە سەعد خالید پێی باش بوو گفتوگۆ بۆ پێکهێنانی حکومەت لەسەر ئاستی لیستەکان بوایە، کە «ئەمە لە خزمەتی تەجروبەکەدا دەبوو»، وتیشی: «ئەم هەوڵەی سەرۆکی راسپێردراوی حـکـومـەت بـۆ هـەڵـوەشـانـدنـەوەی لیستەکانە».

حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (بـاڵـی مەکتەبی سیاسیی) کـە لە چوارچێوەی لیستی ئازادی‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کـردووەو تائێستا هیچ بڕیارێکی بۆ بەشداریکردن لە حکومەتدا نەداوەو بە بڕوای کارگێڕەکەی مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبەش بەشدارییپێکردنی لایـەن‌و حیزبە کوردستانییەکان لە حکومەتدا «کارێکی شکڵیی دەبێت، نەک بەشدارییەکی فیعلی».

# پەرلەمان ئەندامانی لیژنەکان دەستنیشاندەکات

رۆژنامە

پاش تێپەڕبوونی چەندین هەفتە بەبێ کۆبوونەوە، بڕیاروایە ئەمڕۆ پەرلەمان دانیشتنێک رێکبخات‌و ئەندامانی پەرلەمان بەسەر لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەماندا کە (١٩) لیژنەن دەستنیشان بکرێن.

کوێستان محەمەد عەبدوڵڵا، سـەرۆکـی فراکسیۆنی گـۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ئـەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە، کە دانیشتنەکە دووبـەش دەبـێـت، بـەشـی یەکەم تایبەت دەبێت بە میوانداریی خاتوو دانیال میتران کەسایەتی سیاسیی نێودەوڵەتی‌و بەشی دووەمیش تایبەت دەبێت بە دابەشکردنی ئەندامانی پەرلەمان بەسەر لیژنە هەمیشەییەکاندا بـەپـێـی پـسـپـۆڕیـی‌و ئـارەزووی پـەرلـەمـانـتـاران‌و بەڕەچاوکردنی ژمارەی کورسییەکان.

سەبارەت بە دیاریکردنی سەرۆکی لیژنەکانیش، عەونی بەزاز، ئەندامی فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان، وتی: «لەدوای پێکهێنانی لیژنەکان، ئەندامانی هەر لیژنەیەک لەنێو خۆیاندا سەرۆک‌و جێگرو بڕیاردەری لیژنەکەیان دەستنیشاندەکەن».



# ئێران بازرگانیی‌و تۆپبارانەکانی لەگەڵ هەرێم بەهێز دەکات

عەبدولڕەحمان عەلی رەزا

وەفدێکی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانییەکان، دوێنێ (١٠/٥) سـەردانـی مـەرزی نێودەوڵەتی باشماخیان کـردو لەلایەن دانا ئـەحـمـەد مەجید پـارێـزگـاری سلێمانی‌و وەفـدێـکـی یـاوەری پێشوازییان لێکرا.


نـازم عومەر دەبـاغ نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لـە ئـێـران دەربـــارەی ئامانجی سەردانەکە وتـی: «وەفـدەکـە بە مەبەستی پەرەپێدانی پەیوەندی ئابووری‌و بازرگانیی سەردانی باشماخیان کـردووەو ئامانجی سـەرەکـیـش درێـژکـردنـەوەو زیادکردنی کاتەکانی کارکردنە لە مەرزی باشماخ لە (١٢) سەعاتەوە بۆ (٢٤) سەعات، بۆ ئەوەی کاری بازرگانان دوانەکەوێت».

نـــازم دەبـــاغ ئـامـــاژەی بـۆ ئـەوەشـکـرد؛ کـە رۆژانـــە قەرەباڵغییەکی زۆر لەسەر مـەرزەکـەیـەو لـەمـەودوا بە بەردەوامیی دەروازەی باشماخ کراوە دەبێت».

نـاوبـراو وتیشی: «هەوڵیش دەدرێت، کە گرنگی زیاتر بە مەرزو ناوچە سنوورییەکان بدرێت‌و بایەخی زیاتریش بە مەرزەکانی حاجی ئۆمەران‌و پەروێزخانیش بدرێت».

ئـەم هـەوڵانـەی کە کۆماری ئیسلامیی بۆ باشکردنی پەیوەندیی بـازرگـانـیـی لـەگـەڵ هەرێمی کوردستاندا لە کاتێکدایە، کە تۆپبارانکردنی سنوورەکانی هـەرێـمـی کـوردسـتـان لەلایەن ئێرانەوە بەردەوامەو سەدان دۆنم دارستانی هەرێمی کورستان بـەهـۆی تـۆپـەکـانـی ئـێـرانـەوە سووتاون‌و زیانی زۆر بە خەڵکی ناوچە سنوورییەکان کەوتوون.

# لەپێناو میدیایەکی تەندروست‌و خزمەتگوزار



ئاودێر شێخ عومەر

میدیا لە کوردستان توانیویەتی رۆڵێکی ئیجابی ببینێت لە دروستکردنی رای گشتیی‌و ئاراستەکردنی کارو کردارەکان بە رێژەیەکی سنووردار، بە ئاستێکی باڵاش توانیویەتی ئەرکی خۆی لە گەیاندنی زانیاری رایی بکات‌و خەڵکی کوردستان بەرچاوڕۆشن بکات لەوەی لە هەرێم گوزەراوەو دەگوزەرێت.

هـەمـوو ئـەو کـارانـەش هـەم لە مەسەلەی دروستکردنی رای گشتیی‌و ئاراستەکردن‌و هەم لە بەدەستهێنان‌و گەیاندنی زانیارییەکان خزمەتێکی گشتییانکردووە، بـەڵام خزمەتەکە نـاتـەواوەو وەک پێویست جێی خۆی نەگرتووە.

بۆچی ناتەواوەو بۆچی وەک پێویست جێی خۆی نەگرتووە؟

ئەمە ئەو پرسیارەیە، کە لەو مەسەلەیەدا خوێنەر هەقییەتی داوای روونکردنەوە بکات.

بەلای منەوە بۆ مەسەلەی ناتەواویی ئەوەیە؛ دەسەڵات بە درێژایی ئەو چەند ساڵەی رابردوو، کە میدیای کوردی بە تایبەتیش میدیای غەیرە حیزبی گەشەی کردووە، هەمیشە بە چاوی نەیار لەو میدیایانەی روانیوە، کە زانیارییە شاراوەکانیان بۆ خەڵک گواستووەتەوە یان رەخنەگربوون لە کارو کردارو سیستمەکان، یان دەنگو رای جیاواز لە بۆچوونی دەسەڵاتیان لە خەڵکی جۆراوجۆرەوە گواستووەتەوە بۆ خەڵک‌و دەسەڵاتیش.

ئەمەش وایکردووە، کە دەسەڵات گوێ بەو باسانە نەدات، کە لە میدیاکانەوە خراونەتە روو و بەدواداچوونی نەبێت، یان ئەگەر هەشبووبێت لە ئاستێکی ئێجگار کەمدابووە، بۆیە لەوێدا ئەمە هۆکار بووە لەبەردەم خەمڵینی میدیا وەک دەسەڵاتی چوارەم.

بۆ مەسەلەی ناتەواویی خزمەتگەیاندنەکەش سەرباری بە بوغزاندن‌و روانین بە چاوی نەیارانە لە میدیای غەیرە حیزبیی لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، دەسەڵاتی قەزاش نەیتوانیوە میدیا وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی خۆی بەکار بہات‌و سوودی لێ ببینێت بۆ راییکردنی ئەرکەکانی خۆی‌و سەروەرکردنی یاسا، ئەمەش لەناو دەسەڵاتی قـەزادا راستەوخۆ رووبـەڕووی دەزگای داواکاریی گشتیی دەبێتەوە، کە دەبوایەو پێویستە میدیا وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری‌و جوڵاندنی دۆسییەکان ئەوانەی پەیوەستن بە مافی گشتییەوە سوودیان لێوەربگرتایە، لە غیابی دەزگایەکی داواکاری گشتیی ئەکتیڤ هەموو ئەو مەسەلەو دۆسیانەی میدیا لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی لە بارەوە کردوون‌و خستوونییەتە روو بۆ دەسەڵات تەنیا وەک مەرەکەبی سەر کاغەز ماونەتەوە یان بە زمانە بڵاوەکە تەنیا (حەچی جەرائید) بوون.

لێرەوە دەردەکەوێت، کە میدیا بە شێوەیەکی باش ئەرکی خۆی راییکردووەو کەمتەرخەمییەکە لە میدیاوە نەبووە، هێندەی لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن‌و قەزا بووە.

بۆ خەملاندنی میدیا وەک دەسەڵاتی چـوارەم، کە بێگومان گرنگی کەمتر نییە لە سێ دەسەڵاتەکەی دیکە پێویستە لەمەودوا هەم دەسەڵاتی جێبەجێکردن چیتر بە هەمان چاوی پێشووی نەیارانە نەڕوانێتە میدیا. بەو پێیەش دەشێ ئەم هەنگاوانە لە خزمەت هەردوولا (دەسەڵات‌و میدیا) بن‌و کە سەرباری دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەرکەکە دەکەوێتە ئەستۆی هەردوو دەسەڵاتی قەزاو یاسادانانیش:

یەکەم: کردنەوەی فەرمانگەیەکی تایبەت بە چاودێریی میدیا لە سەرۆکایەتی حکومەت، چاودێریی بە مانای بەگژداچوونەوەو زانیاری لەسەر کۆکردنەوە نا، بەڵکو بە مانای دەستنیشانکردن‌و بەدواداچوونی ئەو دۆسییەو بابەتە مەوزوعیانەی لە میدیاکاندا دەخرێنە روو کە پەیوەندییان بە حکومەت‌و دەزگاکانییەوە هەیە.

دووەم: پێکهێنانی لیژنەی تایبەت بە چاودێریی میدیا لە دەزگای داواکاری گشتیی، کە بەشێکی تایبەت بکرێت بە پەیوەندیکردن بە میدیاکانەوە، بۆ کۆکردنەوەو ئامادەکردنی ئەو دۆسییەو باسانەی لە میدیاکاندا دەخرێنە روو، ئەرکی بەشی پەیوەندییەکانیش لەو لیژنەیەدا پەیوەندیکردن بێت بە میدیاکانەوە بۆ وەرگرتنی هەرچی زیاتری بەڵگەنامەی پەیوەست بە دۆسییەکان.

سێیەم: یەکێک لە پێویستییەکانی رێکخستنەوەی رەوشی میدیا لە کوردستان، کە رووبەڕووی حاڵەتێکی بێسەروبەرەیی بووەتەوە، دەرکردنی یاسایەکە بۆ ئاشکراکردنی سـەرچـاوەی دارایـی میدیا، کە ئەمە خزمەتێکی گەورە بە رەوشی راگەیاندن دەکات، بەوپێیەی دەرکردنی ئەو یاسایە تا ئاستێک سنوور بۆ ئەو دەزگاو دامەزراوە ئیعلامیی‌و بڵاوکراوانە دادەنێت، کە کەسەکانی ناو حیزب‌و دەزگا جاسوسییەکانی حیزب بە مەبەستی بێسەروبەرەکردنی میدیاو ناشرینکردن‌و کەمکردنەوە لە زەرورەتی بوونی میدیای ئەهلیی‌و بۆ شکاندنی ئەم لایەن‌و ئەو کەس‌و گروپ دروستیانکردن‌و کۆمەکی داراییان دەکەن.

ئەو یاسایە جارێکی دیکە رەوشێک بۆ شەن‌وکەوی راگەیاندن دەرەخسێنێت.

## عەلی ساڵەیی:

# ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك، بەدەست قەڵاچوالانو سەڵاحەدینەوەیە

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

ئەندامێكی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك رەخنە لە ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك دەگرێتو بە «ئەنجومەنێكی لاوازو بێهەڵوێست»ی ناودەباتو ئاماژە بەوە دەكات؛ «ئەنجومەنەكەیان ئامێرێكە بەدەست مەكتەبی سیاسیی یەكێتیو پارتییەوەو فەرمانەكانی ئەوان جێبەجێ دەكات».

عەلی ساڵەیی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك وتــی: «ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك، ئەنجومەنێكە بە ویستی یەكێتیو پارتی دەجوڵێتەوە، ئەنجومەنێكە بەدەست قەڵاچوالانو سەڵاحەدینەوەیەو فەرمانەكانی ئــەوان جێبەجێ دەكـات، نوێنەری خەڵكی شارەكە نییەو جێگەی ئومێد نییە».

بڕیارە لە (٢٠١٠/١/١٦) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامبدرێت، بەڵام تائێستا كێشەو ململانێكان لەسەر شێوازی بەشداریكردنی پارێزگای كەركوك لەنێوان پێكهاتەكاندا بەردەوامە، هاوكات وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك نادیارە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك هەڵوێستێكی روونی نەبووە، بەوەش ئەنجومەنەكە رووبەڕووی رەخنەیەكی زۆر بووەتەوە.

ساڵەیی، وتیشی: «ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك ئەنجومەنێكی ناشرینی نابووتی بێدەسەڵاتو بێهەڵوێستە، چونكە تائێستا هەڵوێستی نەبووە، لەكاتێكدا دەبوو شەڕی لەسەر كەركوك بكردایە، بەتایبەتی لە ئێستادا پێویستە هەڵوێستی روونی هەبێتو داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكە بكات».




# لە زانكۆی كۆیە زیاتر لە (١٠٠) ملیۆن دینار، دیارنامێنێت

**ئیبراهیم عەلی**

لە زانكۆی كۆیە زیاتر لە (١٠٠) ملیۆن دینار دیار نامێنێتو تائێستاش لێكۆڵینەوەكان بۆ ئــەو مەبەستە ئەنجامێكی ئەوتۆی لێنەكەوتووەتەوە.

دوای ئەوەی زانكۆی كۆیە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٨) بڕیاریدا گەشتی ساڵانە بە نــاوی گەشتی زانستیی بۆ خوێندكارانی قۆناغی چوارەم ئەنجامبدات، سەرەتا بەهۆی درەنگیی كاتەكەو نەهاتنی پارەكە لە لایەن حكومەتەوە، زانكۆی ناوبراو بڕیاریدا بڕێك پارە بۆ مەسروفاتی گازوایلو هەندێك وردە خەرجیی دیكە بۆ سەرجەم كۆلێژەكان دابین بكات، داواشی لە خوێندكاران كرد، كە پارەی هوتێلو خواردن لە گیرفانی خۆیان سەرف بكەن، تا ئەو كاتەی پارەكە لە وەزارەتــی دارایــی دێت، ئینجا بۆیان دەگەڕێنرێتەوە.


بەپێی زانیارییەكانی رۆژنامە، پارەكە درەنــگ گەیشتو ئەو كات خوێندكاران لە زانكۆ نەمابوون، سەرۆكایەتی زانكۆش، كە پارەكە وەردەگرێت بێدەنگی لێدەكاتو جگە لە چەند كەسێكی دیاریكراو، هیچ كەس بە دابەشكردنو تەنانەت بە هاتنی پارەكەش نازانێت، چونكە بــۆ وەرگــرتــنــی پــارەكــە دەبــوایــە بەڕێوەبەری خۆیەتیی زانكۆ بچێت لە بانك وەریبگرێت، بەڵام كەسێكی دیكە كە فەرمانبەری زانكۆیە دەچێت پارەكە وەردەگرێت.

هەر بەپێی زانیارییەكان، بڕی ئەو پارەیەی كە بۆ زانكۆ هاتووە (١٤٠٠٠٠٠٠٠) سەدوچل ملیۆن دینار بووە.

سەرۆكایەتی زانكۆ لەو پارەیە، خەرجییەكانی خۆی هەڵدەگرێتەوەو بــڕی (١٠٨) ســەد ملیۆنو هەشت هەزار دەمێنێتەوە، كە پێویست بوو بدرێتەوە بە خوێندكاران، بەڵام هیچ خوێندكارێك ئەو بڕە پارەیەی وەرنەگرتووەتەوەو چارەنووسی ئەو بڕە پارەیەش دیار نییە.

سەرچاوەیەك لە زانكۆی كۆیە لە بارەی چارەنووسی ئەو بڕە پارەیە لە لێدوانێكیدا بۆ رۆژنامە وتی: لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە پێكهێنراوەو سەرقاڵی لێكۆڵینەوەیەو تائێستا چەندین كەس بۆ لێكۆڵینەوە بانگكراون.

د.خدر مەعسوم سەرۆكی زانكۆی كۆیە لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ، كۆنگرەیەكی رۆژنامەوانی بەناوی شەفافییەتی زانكۆ ئەنجامداو باسی هەموو پارەی زانكۆی كرد، كە چۆن وەرگیراوەو چۆن سەرفكراوە، بەڵام باسی ئەو پارەیەی نەكرد.



# لە ماوەی (١٠) رۆژدا لە هەڵەبجە (٤) خۆپیشاندان دژی تێكەڵكردنی خوێندكاران ئەنجامدراون

**ئارام نەجیم**

بە مەبەستی رێگرتن لە تێكەڵكردنی كــوڕانو كچان لەناو پۆلەكانی خوێندندا لە ماوەی (١٠) رۆژی رابردوو، چوارجار خۆپیشاندان لەلایەن دایكانو باوكانو زانایانی ئایینیو خوێندكاران بۆ بەردەم هەریەك لە بەڕێوەبەرێتی پــەروەردەو قایمقامیەتی هەڵەبجە ئەنجامدراون.

خوێندكارانی پۆلی (٧و ٨)ی بنەڕەتی بەهۆی تێكەڵكردنیان لە پۆلەكانی خوێندنو رێگەنەدانی دایكو باوكیان بە تێكەڵبوونی كوڕان تاكو ئێستا دەوام ناكەنو ئەمڕۆ بۆ جــاری چــوارەم خۆپیشاندانیان بۆ بـــەردەم هـــەریـــەك لـــە بـــەڕێـــوەبـــەرێـــتـــی پەروەردەو قایمقامیەتی هەڵەبجە ئەنجامداو لەلایەن قایمقامی هەڵەبجە بەوەكالەت بە خۆپیشاندەران راگەیەندرا: ئەو كێشەیە پەیوەندی بە بەڕێوەبەرێتی پــەروەردەی هەڵەبجەوە هەیەو دەتوانن سەبارەت بەو كێشەیە لەگەڵ ئەوان قسە بكەن.

شاهۆ عوسمان، قایمقامی هەڵەبجە بەوەكالەت بە رۆژنامەی وت: «من ناتوانم بڕیاری پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەت هەڵبوەشێنمەوەو ئەو كێشەیەش تایبەتە بە بــواری پــەروەردەو ئیشی من نییە».

خۆپیشاندەرەكان دوای ئــەوەی، كە لەلایەن قایمقامەوە وەڵامێكی تەواویان وەرنــەگــرت، روویــان لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی هەڵەبجە كردو لەلایەن پۆلیسی پاسەوانی بەڕێوەبەرێتی هەڵەبجەوە ویستیان رێگریی لە چوونە ژوورەوەیان بۆ ناو بەڕێوەبەرێتییەكە بكەن، بەڵام خۆپیشاندەران توانییان بچنە ناو بینای بەڕێوەبەرێتییەكەوەو لەبەردەم نووسینگەی بەڕێوەبەر بووەستنو بۆ چەند كاتژمێرێك ئیشوكارەكان رابگرن.

یەكێك لە ئامادەبووانی خۆپیشاندانەكە بە رۆژنامەی راگەیاند: من هەرگیز رێگە نادەم خوشكەكەم تێكەڵ بە كوڕان بكرێت. ئێستاش هاتووین داوا دەكەین، كە كێشەكەمان بۆ چارەسەر بكرێت، ئەگینا هەڵوێستی دیكەمان دەبێت.

حەسەن شێخ نــوری، بەڕێوەبەری پــەروەردەی هەڵەبجە دوای كۆبوونەوەی لەگەڵ نوێنەری خۆپیشاندانەكە تایبەت بە رۆژنامە وتی: «كێشەی تێكەڵكردنمان حــەلــكــردووەو ژمــارەیــەكــی كــەم لەو خوێندكارانە مــاوە، وەكو چارەسەرێكی سەرەتایی (٤) خوێندنگەی بنەڕەتیمان بۆ دیاریكردوون بۆ ئــەوەی لە خوێندنە دوانەكەون، كە هەر كەسێكیان لێیانەوە نزیكە بچن بخوێنن، تاكو كێشەكەیان بۆ چارەسەر دەكەین».

ئەوەشی نــەشــاردەوە، كە ئێستا لە سنوورەكەدا كەمیی مامۆستای پسپۆڕو بینایان هەیە.

شــایــانــی ئــامــاژە پــێــكــردنــە دایــكو باوكی خوێندكاران لەسەر هەڵوێستی تێكەڵنەكردنی خوێندكاران بەردەوامبوونو هۆشیاری ئەوەشیان دا، ئەگەر كێشەكەیان بۆ چارەسەرنەكەن رێگە لە خوێندنی چەند خوێندنگەیەك دەگــرن تاكو بەدەم داواكارییەكانیانەوە دێن.



# پەسەندكردنی یاسای نەوتو غاز تا ساڵی داهاتوو دوادەكەوێت

**بەهادین یوسف**

بەهۆی رێكنەكەوتنی كوتلە سیاسییەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، پەسەندكردنی یــاســای نــەوتو غــاز دەكــەوێــتــە دوای هەڵبژاردنو خولی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، بەپێی دوا رەشنووسی یاسای كۆمپانیای نیشتمانی نەوتی عێراقیش (٩٣٪)ی كێڵگە نەوتییەكان لەلایەن ئەو كۆمپانیایەوەو لەلایەن مەركەزەوە بەڕێوەدەبرێتو هەرێمو پارێزگاكانیش تەنیا (٧٪)ی بەڕێوەدەبەن.

د.بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی نەوتو غاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: «تائێستا هیچ شتێكی رەسمیمان بۆ نەهاتووە بۆ دواخستنی یاسای نەوتو غاز بۆ خولی داهاتوو، بەڵام پێشبینی دەكەین پەسەندكردنی یاساكە دوابخرێت بەهۆی رێكنەكەوتنی كوتلەكانەوە، ئەگەر بخرێتە دەنگدانەوە لە هۆڵی پەرلەمانیش ئەوە دەنگ ناهێنێتو پەسەندناكرێت».

مانگی شوباتی ساڵی (٢٠٠٧) هەردوو حكومەتی ناوەندو هەرێم لەسەر رەشنووسی یاسای نــەوتو غاز رێكەوتنو دەبــوو تا مانگی پێنجی هەمان ساڵ دەنگ لەسەر ئەو یاسایە بدرایەو هاوكات هەر چوار یاسای (كۆمپانیای نیشتمانی نەوت، یاسای نەوتو غاز، دابەشكردنی داهاتی نیشتمانی نەوتی فیدراڵیو یاسای دامەزراندنەوەی وەزارەتی نەوت لەژێر رۆشنایی یاسای نەوتو غازی نوێدا) بەیەكەوەو بەیەك پاكێج لە ئەنجومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر بدرێت.

دواتر لەسەر داوای وەزارەتی نەوتی عێراق ئەنجومەنی وەزیران رەشنووسی یاساكەی دەستكاریكردەوەو نێردرایە ئەنجومەنی شــوراو دەسەڵاتەكانی هەرێم لە رووی بەڕێوەبردنی داهاتو كێڵگە نەوتییەكانەوە كەمكرایەوەو- لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٠٨) رەشنووسە دەستكاریكراوەكە نێردرایەوە ئەنجومەنی نوێنەرانو مانگی رابــردووش یاسای كۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراق ئاراستەی لیژنەی نەوتو غازی ئەنجومەنی نوێنەران كراو دوو یاساكەی دیكە تائێستا نەنێردراونەتەوە پەرلەمان.

بەپێی دوا رەشنووسی یاسای كۆمپانیای نــەوتــی نیشتمانی، كــە مانگی رابــردوو نــێــردراوەتــە پەرلەمان، (٩٣٪)ی كێڵگە نەوتییەكان لەلایەن كۆمپانیای نیشتمانیو ناوەندەوە بەڕێوەدەبرێتو تەنیا (٧٪)ی دەمێنێتەوە بۆ هەرێمو ئەو پارێزگایانەی كە نەوتیان هەیە.

# حیزبەکان داوای هاوبەشی دەکەنو بەشداربوون لە کابینەی شەشەمدا ڕەتدەکەنەوە

شارا عەبدولڕەحمان

**سەرجەم لایەنو حیزبە سیاسییەکان داوادەکەن کە بەشداریی پێکردنیان لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە بۆ پێکهێنانی حکومەت هاوبەشیکردن بێت، نەک بەشداریکردنو یەکەم مەرجی بەشداربوونیان لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمدا ئەوەبێت، کە بەفیعلیی لە ناوەندی بڕیاردانی حکومەتدابن.**

دوای ئەوەی لە (٩/١٦)دا، د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح کاندیدی لیستی کوردستانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دیاریکرا بۆ سەرۆکی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمو دواترو لە (٩/٣٠)دا لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەو کارە راسپێردرا، دەستیکرد بە گفتوگۆو بانگهێشتکردنی حیزبو لایەنە سیاسییەکان بۆ بەشداریکردنیان لە کابینەی شەشەمی حکومەتدا.

د. ئەحمەد وەرتی، سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە بەشداریکردنی حیزبەکەی لە حکومەتدا بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەرچەندە تائێستا بڕیاری یەکلاییکەرەوەمان بۆ بەشداریکردن لە حکومەتدا نەداوەو هاوکات سەرۆکی راسپێردراوی حکومەت هیچ کۆبوونەوەیەکی لەگەڵماندا نەکردووە، بەڵام ئەگەر بڕیاری بەشداریکردنماندا ئەوا کۆمەڵێک مەرجو میکانیزمی تایبەت هەیە، کە پێویستە بۆ بەشداریکردنمان لەبەرچاو بگیرێت، مەرجی سەرەکیشمان ئەوەیە، کە بەشداریکردنەکەمان بەشدارییەکی کارابێتو لە بڕیاری سیاسییدا رۆڵمان هەبێت».

بە بڕوای ئەو ئەندام پەرلەمانە لە کابینەکانی پێشوودا بەشدارپێکردنی حیزبە سیاسییەکان لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە رووکەش بووەو تەنیا بەشدارپێکردن بووە، «کە دەبێت لەڕاستیدا هاوبەشیپێکردن بێت، نەک بەشداریی پێکردن، چونکە ئەو دوو وشەیە جیاوازییەکی زۆریان هەیە».

کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، کە لایەنێکی سەرەکی لیستی خزمەتگوزارییو چاکسازیە لە پەرلەمانی کوردستاندا چوار کورسی پەرلەمانی هەیە، تائێستا بڕیاری یەکلاییکەرەوەی بۆ بەشداریکردن لە حکومەتدا نەداوە، ئەمە لە کاتێکدایە سەرۆکی راسپێردراوی حکومەت لەگەڵ ئەمیری حیزبەکەدا کۆبووەتەوەو داوای بەشداریکردنی لێکردووە.

ئارام قادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان ک هاوکات پەرلەمانتاری کوردستانیشە، بە رۆژنامەی راگەیاند: کۆمەڵی ئیسلامیی تائێستا لە گفتوگۆی ناوخۆیی بۆ بەشداریکردن یان نەکردن لە حکومەتدا تەواونەبووەو پێمانباشە لەو مەسەلەیەدا راو بۆچوونی سەرجەم لایەنگرانو دۆستانو ئەندامانی حیزبەکە وەربگیرێت، بەو هۆیەشەوە بڕیاردانمان تائێستا دواکەوتووە».

سەبارەت بە مەرجی پێشوەختیش ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵ ئاماژەی بەوە کرد، کە تائێستا نەگەیشتوونەتە قۆناغی دانووستان لەگەڵ سەرۆکی راسپێردراوی حکومەتدا تا هیچ مەرجێکی پێ رابگەیەنن،» چونکە ئەگەر ئێمە بڕیاری موعارەزەبوون بدەین پێویست بەدانووستان ناکات لەسەر مەرجەکانمان، ئەگەر بڕیاری بەشدارییش بدەین، ئەوا کۆمەڵێک مەرجو دانووستانی تێرو تەسەل بەو بابەتە دەخەینەڕوو».

د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی راسپێردراوی حکومەت رۆژی (٢٠٠٩/١٠/٣) سەردانی قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی کردو تیایدا داوای بەشداریکردنی لێکردن.

شێرکۆ میروەیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: رامان وایە حکومەت، حکومەتێکی بنکە فراوان بێت کە زۆربەی لایەنە سیاسییەکان بەشداریی تیادا بکات، تائێستاش لەگەڵ ئەوەداین کە بەشداریی لە حکومەتدا بکەین، بەڵام دەمانەوێت بەشداریکردنی ئەمجارەمان کارابێت، نەک وەک کابینەکانی پێشوو بۆ ئەوەی بتوانین بەهەموو لایەک خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەینو بە هەموومان چارەسەری کێشە خزمەتگوزارییو سیاسییەکانی خەڵک بکەین لە سەرجەم کایە جیاجیاکانی ژیاندا».

لە ئێستادا دەنگۆی ئەوە لەناو خەڵکدا بڵاوە، کە حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە مەرجی گەڕانەوەی ناوەکەیو بودجەکەی بۆی، بەشداریی لە پێکهێنانی حکومەتدا دەکاتو بۆ ئەو مەبەستەش بەڵێنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی راسپێردراوی حکومەتەوە پێدراوە.

بەڵام شێرکۆ میروەیس ئەوەی تەنیا بە دەنگۆ زانیو وتی: «ئەوە کێشەیەکی سیاسییەو لە رابردوودا بەهۆی دەستێوەردانی دەسەڵاتەوە دروستبووە، لە ئێستاشدا کێشەکە لەڕێی دادگاوە چارەسەر دەکرێت، بەڵام بەشداریکردنمان لە حکومەتدا بەناوی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە دەبێت».

زۆربەی ئەو حیزبانەی کە لە کابینەی پێشووی حکومەتدا بەشداربوون، لەلایەن دەسەڵاتەوە رووبەڕووی ئەو رەخنەیە دەبوونەوە، کە گوایە ئەوان پێیەکیان لە دەسەڵاتدایەو پێیەکەی دیکەیان لە ئۆپۆزسیۆندایە، بەهۆی ئەوەی کە دەست بۆ کەموکوڕییەکانی حکومەتو پێداویستییەکانی خەڵک درێژ دەکەن، بەو هۆیەشەوە لە ئێستادا دەسەڵات بە پێویستی دەزانێت، کە ئەو حیزبانەی لەم کابینەیەی حکومەتدا بەشداردەبن پێیان لە ئۆپۆزسیۆن بوون بێننە دەرەوە، بەڵام ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان ئەو کارە بە زەحمەت دەزانێت لە حاڵەتێکدا ئەگەر دەسەڵات بەشداربوونێکی کارایان پێنەکات.

بێرون عومەر فەتاح ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان لەو بارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە تائێستا بڕیاری یەکلاییکەرەوەمان بۆ بەشداریکردن لە حکومەتی هەرێمدا نەداوە، بەڵام لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەشداریمان کرد، ئەوا بە پێویستی دەزانین کە بەشدارییەکەمان بە فیعلی بێت، نەک رەمزیی بۆئەوەی بتوانین وەڵامی هەموو ئەو رەخنانە بدەینەوە، کە بەرامبەر بە حکومەت هەیەتی، ئەوکاتە تەنیا دەچینە چوارچێوەی کابینەی شەشەمی حکومەتەوەو لە ئۆپۆزسیۆندا نامێنینەوە، بەڵام ئەگەر بەشدارییەکەمان کاریگەر نەبێتو لە ئاست کەموکوڕییەکانیشدا بەرپرست بکەن، ئەوکاتە ناچاردەبین ئێمە مینبەرێک بین بۆ گواستنەوەی رەخنەکانی خەڵک بەرامبەر بە حکومەت».

سەمیر سەلیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان پێیوابوو کە یەکێتیو پارتی سەرجەم شتەکان لەنێو خۆیاندا پەنجا بەپەنجا دابەشدەکەنو بەشداریی کارا بە حیزبەکانی دیکە ناکەن، هەروەک وتی: «ئێمە پێمان باش بوو لە رێگەی ئۆپۆزسیۆن بوونەوە خزمەت بە گەلی کورد بکەین، چونکە پێمانوانییە بەشداریکردنی حیزبەکانی دیکەیش فیعلیی بێت، بەڵکو یەکێتیو پارتی پەنجا بەپەنجا شتەکان دابەشدەکەنو لە کۆبوونەوەی بچووکدا بڕیار لەسەر شتەکان دەدەنو دواتر دەیهێننە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ پرسو راوێژ، بۆیە پێمانوانییە بۆ ئەم کابینەیەش شتێکی نوێتر لەوانەی رابردوو بکرێت».

# کردار شەرتە
# دەبێت کابینەکەی بەرهەم ساڵح چی بکات؟

دلێر عەبدولخالق

**دوای تێپەڕبوونی (٦٧) رۆژ بەسەر هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی هەرێمی کوردستان، کە لە (٢٥)ی تەمموز بەڕێوەچوو. مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم لە (٩/٣٠) هەریەک لە بەرهەم ساڵحو ئازاد بەرواری وەک سەرۆکو جێگری کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم ناوزەدکردو رایسپاردن لە ماوەی (٣٠) رۆژدا کابینەی نوێ پێکبهێنن.**

لە سەروبەندی کۆبوونەوەو گفتوگۆی سەرۆکو جێگری راسپێردراوی کابینەی شەشەم لەگەڵ لیستە براوەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکە، چاودێران تەئکید دەکەنەوە ئەگەر ئەو کابینەیە راستگۆ نەبێت لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی، بێگومان ناتوانن حیزبەکانیان لە بێ متمانەیی جەماوەر رزگار بکەن.

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا، کە رۆژی (٩/٣٠) لە سەلاحەدین بەڕێوەچوو، بەرهەم ساڵح ئاماژەی بەوەکرد؛ ئەو بەڵێنانەی لیستەکەیان لە کاتی هەڵبژاردنەکان بە خەڵکیان داوە جێبەجێدەکرێن، بەڵام ئەوەشی نەشاردەوە چاوەڕوانیی خەڵک لەو کابینەیەدا زۆرەو کێشەو گرفتەکانی بەردەم کابینەکەشی کەم نین، بۆیە فاکتەری یەکڕیزیی ناوخۆی بە گرنگ لەبەردەم سەرکەوتنی حکومەتەکەیدا لە قەڵەمدا.

بەرهەم ساڵح بەڵێنی ئەوەشیدا، ئەو خەڵکانەی بەرپرسیارێتیان لە کابینەکەیدا پێدەدرێت دەبێت کەسی بەتواناو لێهاتوو بنو بڕوایان بە چاکسازیی هەبێت.

هاوکاتیش لە بەرنامەی گەرماوگەرمی کەناڵی گەلی کوردستان د. بەرهەم جەختی لەسەر باشکردنی ئەدای کاری حکومەتو چارەسەرکردنی کێشەکان، رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی، شەفافییەتی بودجە، چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمو مەرکەزو بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویی ژیانی خەڵک کردەوە.

لەگەڵ ئەوەی بەڵێنەکانی لیستی کوردستانییو بەرپرسانی کابینەی نوێ جێگەی دڵخۆشین، بەڵام دروشمی «کردار شەرتە»ی لیستی کوردستانیی دەتوانێت بەڵێنەکان لە مەودایەکی تیۆرییەوەو بەرەو پراکتیکو کردار ئاراستە بکات.

د.دلێر ئەحمەد، راگری کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی لە بارەی ئەرکە لەپێشینەکانی کابینەی شەشەم ئاماژە بەوە دەکات، بەر لە هەرشتێک ئەو بەڵێنانەی بەخەڵکیان داوە جێبەجێبکرێن، ژێرخانی ئابووری هەرێم ببووژێنرێتەوە، تەدەخولاتی حیزب لە کارەکانی حکومەتو کەرتی ئابووری ببڕدرێت، فەلسەفەیەکی ئابووریی گرنگ بۆ چوار ساڵی داهاتوو دابڕێژرێتو وتیشی: «پێویستدەکات پشت بە پسپۆڕانی بیانیی ببەسرێتو دیراسەی هەلومەرجەکە بکەن، بۆئەوەی بەر لە هەرشتێک هەوڵبدرێت هەرێم بهێنرێتە ریزی وڵاتە بەرهەمهێنەکان، هاوکاتیش گرنگیی بە کەرتی تایبەت بدرێتو دامەزراوەیەک هەبێت کە پەیوەندییەکانی کەرتی گشتییو تایبەتی رێکبخاتو لەرێشییەوە دەتوانرێت چارەسەری بەشێک لە کێشەی بێکاریی بکرێت».

ئەو مامۆستایەی زانکۆی سلێمانی پێیوایە؛ «سەرۆکی کابینەی نوێ لەبەردەم بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی‌و ئەخلاقییو نیشتمانیدایە بەرامبەر بە میللەتەکەی» کە دەبێت هەوڵبدات خزمەتگوزارییەکان باشتر بکات، کەرتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە ببووژێنرێنەوە، دامەزراوەی یاسا بەهێز بکرێتو شتێک دروستبکەن بەناوی دەوڵەتی یاسا، چونکە ئەگەر ئەوە نەکرێت هەوڵەکانی دیکە بە نیوەچڵی دەمێنێتەوە.

د. دلێر دەڵێت: ئەو پارەی لە بەغداوە دێت، ملیارەها دۆلارە، کە ئەگەر «بەشێوەیەکی دروست»و بەرنامە بۆ داڕێژراو سەرف بکرێت دەتوانرێت ئەو وڵاتە بە جوانترین شێوە ئاوەدان بکرێتەوە.

یەکێک لەو کارە گرنگانەی، کە کابینەی نوێ دەبێت هەنگاوی جدیی بۆ بنێت چاکسازیکردنە لە سیستمی ئیدارەو بەڕێوەبردن بەشێوەیەک بتوانرێت چارەسەری هەڵاوسانی دامودەزگا ئیدارییو وەزیفییەکان بکات، گۆڕانکاریی لە یاساو رێنماییە ئیدارییەکان بکرێت، سەرفکردنی پارە بەشێوەیەکی ژیرانەو عەقڵانیانە بەپێی ئەولەویاتە پێویستییەکانی دەزگا ئیدارییەکان بێتو ئاستی توانای کارمەندانیان لە رێگەی راهێنانەوە بەرز بکرێتەوە.

فەرید ئەسەسەرد چاودێری سیاسیی ئاماژە بە سێ بابەتی گرنگ دەکات، کە کابینەی نوێ دەبێت لە پێشینەی کارەکانی سەیریان بکات، ئەوانیش: چاکسازیی ئیداری، کە بە بڕوای ئەو «هەرێم زۆر پێویستی پێیەتی» هەروەها بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی بە ئەرکی دووەم دەزانێت، کە بە درێژایی چوارساڵی رابردووی کابینەی پێشوو هیچ هەنگاوێکی لەو شێوەیە نەنراوەو هیچ دەزگایەکی بۆ دروستنەکراوە. چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی نێوان هەرێمو بەغداش، کە بەهۆی کەمتەرخەمییەکانی حکومەتی هەرێمو ناوەندەوە دروستبووە بە ئەرکی سێیەمی کابینەکەی بەرهەم ساڵح ناو دەبات.

بە بڕوای ئەسەسەرد، کەسەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستانە بۆ ئەوەی متمانە لە نێوان هێزی ئۆپۆزسیۆنو حکومەتدا دروست بێت پێویستە بودجەی حیزبەکان لە چوارچێوەیەکی یاساییو بە شێوەیەکی شەفاف رێکبخرێتو وتی: «جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان بودجەی حیزبە دەسەڵاتدارەکانو حیزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات، کە دەبێت ئەو کابینەیە کۆتایی بەو کێشەیە بهێنێت، بەشێوەیەک بودجەی حیزبەکان بەشێوەیەکی شەفافو رێکوپێک رێکبخرێت، بۆئەوەی نەبێتە مایەی دروستبوونی کێشە لەنێوان حیزبو لایەنەکان بۆ ئەو مەبەستەش پێوانەیەکی یاسایی بۆ بدۆزرێتەوە».

مامۆستایەکی زانکۆی دهۆکیش ئەدای کارەکانی کابینەی شەشەم وەک تاقیکردنەوەیەک لەبەردەم کارەکانی بەرهەم ساڵح ناودەباتو پێشیوایە؛ ئێستا دۆخی سیاسیی هەرێم جیاوازە بەشێوەیەک ئەگەر کارەکانی حکومەت بە چوارچێوەیەکی یاساییو ئاساییدا تێنەپەڕێت، ئەوا بێگومان ئۆپۆزسیۆن کاربەدەستانی حکومەت بانگهێشتی پەرلەمان دەکاتو لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات.

د.فرسەت مەرعی مامۆستای زانکۆی دهۆک بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کابینەی شەشەم پێویستە هەڵوەستە لەسەر کارەکانی کابینەی پێشوو بکات، بە سیستمی ئیداریو بەڕێوەچوونی کارەکانو بەگژداچوونەوەی گەندەڵیدا بچێتەوە، چونکە ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە هەیەو دەتوانێت لێپرسینەوە لە کارەکانی کابینەکە بکات. وتیشی: «دەبێت ئەم کابینەیە سروشتی دوو ئیدارەیی بەجێبهێڵێت، ئەمەش تاقیکردنەوەگرنگەکەی بەردەم بەرهەم ساڵحە، کە لە ئیدارەی بەغدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام نازانرێت هەلومەرجەکە لێرە چۆنەو دەتوانێت لە هەرێمیش سەرکەوتن بەدەسبهێنێت؟، بەتایبەت کە جێگرەکەشی پیاوێکی بەهێزی پارتییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەرهەم ساڵح وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێم بڕیارەکانی لە هەموو شوێنەکانی کوردستان جێبەجێ بکرێت».

مەرعی ئەوەش دەڵێت: «پێویستە لە ماوەی یاسای کارکردنی کابینەی نوێدا، دارایی حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە دارایی حکومەت جیابکرێتەوەو بزانرێت بودجە لەچیو بۆ چ مەبەستێک سەرف دەکرێت».

د.دلێر ئەحمەد راگری کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات؛ هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار پێگەیان لەناو جەماوەر خراپەو ئەگەر کاربەدەستانی حکومەت، کە نوێنەرایەتی حیزبەکانیان دەکەن لە ئیدارەداندا شتێک نەکەن، کە متمانەی خەڵک بۆ خۆیان بگێڕنەوە، ئەوا بێگومان هێزی ئۆپۆزسیۆن بەهێزتر دەبێت. وتیشی: «بەشێوەیەکی گشتیی لە حکومەتدا کەسی یەکەم، کە سەرۆکی حکومەتە خۆی بەرپرسەو هەر کەسێکی دیکەیشی لەگەڵدا بێت ئەوا یاریدەدەرە، کەواتە ئەگەر کەسەکەی دیکەی لەگەڵ یەکسان بکرێت مانای ئەوەیە لە هەرێمێکی دوو حکومەتیدا دەژین، لە وەها حاڵەتێکیشدا ئەگەر کەسی یەکەم دەسەڵاتی تەواوی پێنەدرێت زۆر زەحمەتە کێشەکان چارەسەر بکرێت».

دلێر ئەحمەد پێشیوایە هەرێم لە هەرێمێکی یەک حکومەتی ناچێت، بەوپێیەی بڕیارەکان بەپێی رێککەوتنی دوو حیزبەکە دەردەچن لەو رووەوە وتی: «بڕوام وایە د.بەرهەم لە توانایدا نییە لە هەولێرو دهۆک زەوی دابەش بکاتو یان بڕیارەکانی جێبەجێ بکات، بەڵکو پێش ئەوە دەبێت لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتیو ئازاد بەروای راوێژ بکاتو ئەوان بۆی دابنێنو ئیمزاکەش وەک سەرۆکی حکومەت بۆ ئەو بمێنێتەوە».



د.بەرهەم لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا

# ستافەکەی نێچیرڤان لە کابینەی نوێدا وەک خۆی دەمێنێتەوە

# د. بەرهەم تەنیا دووساڵ سەرۆکی حکومەت دەبێت

سیروان رەشید

دوای ئەوەی لە ٣٠ی مانگی رابردوو، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، د.بەرهەم ساڵح‌و ئازاد بەرواری راسپارد بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە پێویستە لەماوەی یەک مانگدا ئەم دوو کەسەی راسپێردراون ستافی نوێی کابینەکەو بەرنامەی حکومەتەکەیان ئامادەبکەن‌و بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دەبێت تا ٣٠ی ئەم مانگە لەبەردەم پەرلەماندا متمانە وەربگرن‌و بەپێی زانیارییەکانیش ژمارەی وەزارەتەکان لە ١٩وەزارەت‌و ٢بۆ ٣وەزیری هەرێم پێکدێت.

## دوو کەسایەتی خاوەن توانا بۆ سەرۆکایەتی کابینەکە

د.بەرهەم ساڵح، تەمەن ٤٩ساڵی جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە دەبێتە سەرۆکی حکومەتی نوێ، لەسەر ئاستی کوردستان‌و عێراق کەسایەتییەکی ناسراوەو سیاسییەکی لۆکاڵی نییە، لەبواری بەڕێوەبردنیشدا کەسێکی بە کەفائەت‌و لێوەشاوەیەو سیاسییەکی خۆگونجێنە لەگەڵ دۆست‌و ناحەزەکانیدا، هەرچەندە ئەم کارەکتەرە سیاسییە هێشتا لەسەر پێی خۆی نەوەستاوەو لەژێر سێبەری تاڵەبانیدایەو ئەم خەسڵەتەش بەسلبی بەسەریدا شکاوەتەوەو نەیارەکانی پێیدەڵێن، بەدرێژایی تەمەنی کابینەکەی لەئیدارەی سلێمانی نەیتوانیوە بۆ یەک جاریش موحاسەبەی بەرپرسە گەندەڵەکان بکات.

ئازاد بەرواری تەمەن ٦٣ساڵیش، هەرچەندە یەکەمجارە پۆستی حکومیی وەردەگرێت، بەڵام یەکێکە لەو کەسایەتییە بەهێزانەی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان کە جێگەی ئیعتیمادو متمانەیەکی زۆری مەسعود بارزانی‌و سەرکردایەتی پارتییە، ساڵی ١٩٧٩ لەسەفەرێکدا بۆ ڤییەنای پایتەختی نەمسا کە هاوەڵی مەسعود بارزانی دەبێت، لەهەوڵێکدا کە گروپێک لەپیاوەکانی ڕژێمی بەعس هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی دەدەن، ئازاد بەرواری بەوپێیەی لەشکڵو باڵادا هاوشانی مەسعود بارزانییە، لە بری بارزانی دەپێکرێت، بۆیە هەرلەوکاتەوە دەبێتە جێی متمانەی بنەماڵەی بارزانی‌و لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا لە سەرکردایەتی پارتیدا چەندین دۆسیەی گرنگی بەدەستەوە بووە، هەروەها ئازاد بەرواری یەکێکە لەو کەسایەتییانەی کە لەناو پارتیدا ناوی بە گەندەڵی ئیداریی‌و ئەخلاقی لەکەدارنەبووە.

## بەگەڕخستنی هەوڵەکان

لەچەند ڕۆژی رابردوودا بەرهەم ساڵح‌و ئازاد بەرواری هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ بانگهێشتکردن‌و ڕازیکردنی لایەنەکان بەمەبەستی بەشداریکردنیان لەکابینەکەیاندا.

سیاسەتی پارتی‌و یەکێتی‌و بەتایبەتیش یەکێتی لەم قۆناغەدا وایە کە دەیانەوێت کابینەکەی بەرهەم ساڵح حکومەتێکی بنکەفراوانی ئیئتیلافی بێت‌و زۆرترینی لایەنەکان بەشداری تێدابکەن، چونکە بە ڕای چاودێران یەکێتی لەبارودۆخێکدا سەرۆکایەتی حکومەت دەکات، لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی تەممووزەوە پێگەی جەماوەریی‌و سیاسیی زۆر دابەزیوەو ئێستا ناتوانێت بڵێت؛ هیچ شاروشارۆچکەیەکی کوردستان جێنفوزی سەرەکیمە، هەربۆیە تاڵەبانی زۆر مەبەستێتی زۆرینەی لایەنەکان ڕازیبکات بۆ هاوکاریکردنی حکومەتەکەی بەرهەم ساڵح‌و کەمترین نارەزایی‌و ڕووبەڕووبوونەوەی لەلایەن هێزی ئۆپۆزسیۆنەوە ڕووبەڕووببێتەوە.

## لایەنەکان شەریکدەبن یان بەشدارییان پێدەکرێت؟

هەوڵی ڕازیکردنی لایەنەکان بۆ بەشداریکردن لەکابینەکەدا تائێستا روون نییە، کە ئایا بەهەمان میکانیزمی کابینەی پێشوو بەشداری دەکەن‌و وەزارەت وەردەگرن؟ هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار مەبەستیانە زۆرترین لایەن‌و پێکهاتەکان لەحکومەتدا بەشدارییان پێبکرێت، بەڵام پێدەچێت قورسایی لایەنەکان لەم کابینەیەدا ئەگەر لەکابینەی رابردوو لاوازتر نەبێت، قورستر نابێت، چونکە لەکابینەی رابردوودا لایەنەکان بەشداربوون نەک شەریک‌و ئەو ١٠وەزیرەی لایەنە سیاسییەکان لەکابینەی پێشوودا هەیان بوو، هیچ ڕۆڵێکی گرنگیان نەبووەو لەبڕیارداندا بەشدارییان پێ نەکراوەو پارتی‌و یەکێتی جگە لەکۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکی حکومەت‌و جێگرو وەزیری وەزارەتە سیادییەکان لەپشتەوە کۆبوونەوەی بچووکیان دەبەست‌و لەوێدا بڕیارەکانیان حەسمدەکرد، نەک لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا، بۆیە پێدەچێت میکانیزمی بەشدارپێکردن‌و قورسایی لایەنەکان لەم کابینەیەشدا هەر بەهەمانشێوە بێت.

قورسایی پێگەی جەماوەری لایەنەکان لە لیستی گۆڕاندا خۆی دەبینێتەوە، بەو پێیەی خاوەنی یەک لەسەر چواری کورسییەکانی پەرلەمانەو ئامادەنییە بچێتە ناوحکومەتەوەو یەکگرتووی ئیسلامیش کە ٦کورسی هەیە بەهەمانشێوە بڕیاری بوون بە ئۆپۆزسیۆنی داوەو بۆ کۆمەڵی ئیسلامیش هێشتا ئەگەر هەیە بەشداری بکەن، بەڵام فشاری قاعیدەو کادیرانی ناوەندیان بۆ بەشداری نەکردن لای سەرکردایەتی ناتوانرێت نادیدە بگیرێت‌و کەمێک لەبەشداریکردنیانی کاڵکردووەتەوە.

لەچەند ڕۆژی رابردوودا بەرهەم ساڵح‌و ئازاد بەرواری سەردانی نەوشیروان مستەفاو سەرۆکی حیزبی سۆسیالیست‌و زەحمەتکێشان‌و هەندێک لایەنی دیکەیان کردووە بەمەبەستی بانگهێشتکردنیان بۆ چوونە ناوحکومەت.

دوای ئەو شکستەی لە هەڵبژاردنی ٢٥ی تەممووزدا تووشی یەکێتی بوو، ئێستا پێگەی د.بەرهەم‌و حیزبەکەی لەم کابینەیەدا زۆر قورس‌و کاریگەر نییە، بەو پێیەی هەولێرو دهۆک پارتی خاوەنیەتی‌و نایەوێت سلێمانیش دژایەتی بکات، چونکە گۆڕان ئەو شارەی بردووەتەوە، بەوپێیە بەرهەم ساڵح لەساحەیەکدا ململانێ دەکات کە هی خۆی نییەو دەیەوێت کەمتر ڕەخنەو نارەزایی لەئەدای سەرۆکایەتی ڕووبەڕوو ببێتەوەو تووشی سەرئێشە بێت. بە بۆچوونی سەرچاوە ئاگادارەکان، بەرهەم ساڵح لەکۆبوونەوەیدا لەگەڵ نەوشیروان مستەفا باسی لەوەکردووە کە حکومەتەکەی هەوڵدەدات، بەجدیی ڕووبەڕووی گەندەڵیی ببێتەوەو داوای پشتیوانی کردووە بۆ ئەوەی زۆرترین دەرفەتی سەرکەوتن بۆخۆی مسۆگەربکات.

## تەمەنی سەرۆکایەتی بەرهەم دوو ساڵە

بەگوێرەی ئەو زانیارییە باوەڕپێکراوانەی ڕۆژنامە دەستیکەوتوون، تەمەنی سەرۆکایەتی وەزیران بۆ بەرهەم ساڵح تەنیا دوو ساڵەو لەپاش ئەو، پارتی ئەو پۆستە وەردەگرێت. سەرچاوە ئاگادارو باوەڕپێکراوەکەی ڕۆژنامە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، لەماوەی ڕابردوودا جارێک لەنێوان تاڵەبانی‌و بارزانیدا ئەم مەسەلەیە خراوەتەڕوو، بارزانی بە تاڵەبانی وتووە بۆچوونی سەرکردایەتی پارتی لە بارەی پۆستی سەرۆک وەزیرانەوە ئەوەیە، کە لەم کابینەیەدا پێویستە دوو ساڵ بۆ یەکێتی بێت‌و دوو ساڵیش بۆ پارتی، بەوپێیەی نێچیرڤان بارزانی لە ٢٠٠٦/٥/٧دا وەک سەرۆک وەزیران دەستبەکاربووە بۆماوەی سێ ساڵ‌و پارتی لە مانگی شوباتی ٢٠٠٨ ئامادەبووە پۆستی سەرۆک وەزیران بەپێی ڕێکەوتنە ستراتیژییەکە تەسلیمی یەکێتی بکات، بەڵام یەکێتی خۆی لەبەر بارودۆخی ناوخۆی وەرینەگرتووەو ئەو مافەی خۆی بەکارنەهێناوە، ئەوەبوو تاڵەبانی لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٨ لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە هاوینەهەواری دووکان وتی «کاک نێچیرڤان کاندیدی یەکێتییە بۆ دووبارە سەرۆکایەتی حکومەت». هەر بۆهەمان مەبەست ئازاد بەرواری کاندیدی ڕاسپێردراو بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت لە چاوپێکەوتنی بەرنامەی (مباشرمع)ی کەناڵی جەزیرەدا کاتێک پێشکەشکاری بەرنامەکە پرسیاری لەبارەی ماوەی سەرۆکایەتی (بەرهەم ساڵح)ەوە لێدەکات، دەڵێت «جارێ زووە باس لەماوەی سەرۆکایەتی د.بەرهەم بکرێت‌و ڕێکەوتنی ستراتیژیی‌و شتی نووسراو لەنێوان پارتی‌و یەکێتیدا هەیە». بەرواری هەروەها وتیشی «ئەو پرسە لەچوارچێوەی ئەو ڕێکەوتنەدایە کە لەنێوان سەرۆک تاڵەبانی‌و بارزانیدا ئیمزا کراوە».

د.بەرهەم ساڵح، کاندیدی ڕاسپێردراو بۆ سەرۆکایەتی حکومەت لەچەند ڕۆژی رابردوودا لەچاوپێکەوتنێکی کەناڵی گەلی کوردستانداو لەکاتی وەڵامدانەوەی پرسیارێکدا، کە ئایا ماوەی تەمەنی سەرۆکایەتی ٢ ساڵە یان ٤ ساڵ، بەرهەم ساڵح هەرچەندە وتی، نە لە دوورو نە لە نزیک باسی ئەو بابەتە نەکراوە، بەڵام دانی بەوەشدا نەنا کە سەرۆکایەتی حکومەتەکەی بۆ چوارساڵ بێت.

## ستافەکەی نێچیرڤان بارزانی وەک خۆی دەمێنێتەوە

لە کابینەکەی بەرهەم ساڵحدا زۆرینەی ئەو ستافە سەرەکییەی نێچیرڤان بارزانی لەکابینەکەیدا هەیبوو، وەک خۆیان دەمێننەوە، کە بە ڕای چاودێران ئەمەش تا ئاستێک مانای بوونی هەیمەنەی نێچیرڤان بارزانییە بەسەر کابینەکەی د.بەرهەمدا. زانیارییە باوەڕپێکراوەکان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە هەریەکە لە د.نوری عوسمان، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە ئەم پۆستە لەحکومەتدا هێندەی چەند وەزیرێک گرنگی هەیە، بەوپێیەی ئاگاداری وردو درشتی کاروبارو سیاسەتی حکومەتەکە دەبێت‌و تەواوی فایلی حکومەتی لەبەردەستدا دەبێت، هەریەکە لە د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان‌و فەلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی دەرەوەی حکومەت‌و د.عیزەت کە بەڕێوەبەری گشتییە لەئەنجومەنی وەزیران، وەک خۆیان دەمێننەوە کە ئەم ستافە زۆر نزیکن لەنێچیرڤان بارزانی‌و بەردەوام پەیوەندییان لەگەڵیدا هەیەو دەتوانن ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ بکەن. هەر بەپێی زانیاریی سەرچاوە ئاگادارەکە، ئەگەری مانەوەی کەریم سنجاریش دەکرێت، بەڵام ئەگەرێکی بەهێز نییەو پێدەچێت نەزهەت عەلی کە نزیکە لە مەسرور بارزانییەوە بکرێتە وەزیری ناوخۆ.



د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح — فۆتۆ: ڕۆژنامە

# نزیکەی دووساڵە لیژنەی لێکۆڵینەوە لە فایلدارەکان چاوەڕوانی کۆبوونەوەیەکن لەگەڵ سەرۆکی هەرێم

ڕۆژنامە

پاش تێپەڕبوونی نزیکەی دووساڵ بەسەر پێکهێنانی لیژنەی باڵای لێکۆڵینەوە لە فایلی فایلدارەکانی بەعس، تائێستا هیچ فایلدارێک لێکۆڵینەوەی لەگەڵ نەکراوەو زیاتر لە ساڵێکیشە لیژنەکە چاوەڕوانی کۆبوونەوەیەکن لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، پسپۆڕانی سیاسیش پێیانوایە، کە پێویستە پەرلەمانتاران بێدەنگ نەبن لە ئاست شاردنەوەی کەسانی خیانەتکار.

لیژنەی لێکۆڵینەوە لە فایلدارەکان لە سەرەتای (٢٠٠٨) بە فەرمانی سەرۆکی هەرێم دامەزراوەو لە (٩) ئەندام پێکهاتووە، زیاتر لە ساڵێکە لیژنەکە لێکۆڵینەوەیان لە دۆسییەی (١٠٠) فایلدار کۆتاییهاتووەو دۆسییەکانیان ڕەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم کراون.

تائێستا لیژنەکە لەگەڵ سەرۆکی هەرێم کۆنەبوونەتەوە، لەمبارەیەوە دادوەر ڕزگار محەمەد ئەمین سەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆسییەی فایلدارەکان بۆ ڕۆژنامە تەئکیدی کردەوە، کە لە دوای تەواوکردنی لێکۆڵینەوە لە (١٠٠) دۆسییەی فایلدارەکان، دۆسییەکان ڕەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم کراون، بەڵام بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسیان چاوەڕوانی کۆبوونەوەیەک دەکەن لەگەڵ سەرۆکی هەرێم.

سەبارەت بەو مەسەلەیە د.سالار باسیرە مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سلێمانی پێیوابوو، نەبوونی کاتی سەرۆکی هەرێم تا لەگەڵ ئەو لیژنەیە کۆببێتەوە، ئەوە دەسەلمێنێت کە پێکهێنانی ئەو لیژنانە تەنیا بۆ دامرکاندنەوەی مەسەلە هەستیارەکانە کە بەلای میللەتەوە گرنگن، نەک کارکردن لەسەری، ئەمەش مۆدێلێکی نوێیە کە لەلایەن دوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە پەیڕەو دەکرێت.

دواخستنی دیاریکردنی چارەنووسی ئەو فایلدارانە، بە وتەی سەرچاوەیەک لە سەرۆکایەتی هەرێم لەم بارودۆخەی ئێستای هەرێم‌و ئەو ئاڵۆزیانەی لە پەیوەندییەکانی هەرێم‌و بەغدا لە ئارادایە، ناکرێت مەسەلەی فایلدارەکان بوروژێنرێت، کە رەنگە بە وتەی ئەو سەرچاوەیە کەسانی باڵای نێو حیزبەکانی تێدا بێت یان ناوی کەسانێک ئاشکرا بکرێت کە لە ژیاندا نەماون یان لە دەرەوەی وڵاتن.

بە پێچەوانەی بۆچوونی سەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆسییەی فایلدارەکان‌و سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمیش، کە وروژاندنی مەسەلەی ئەو فایلدارانە لەم بارودۆخەی ئێستادا شیاو نییە، د.سالار باسیرە پێیوایە، کە ئێستای هەرێم لەبارترین کاتە بۆ وروژاندنی ئەو جۆرە مەسەلانەو دیاریکردنی کەسانی خیانەتکار، بەڵام بۆ دووحیزبی دەسەڵاتدار ڕەنگە کات شیاونەبێت، چونکە بێگومان لەنێو ئەو فایلدارانەدا کەسانێک هەن، کە پۆستی باڵای سیاسیی‌و سەربازییان لە حیزب‌و حکومەتدا هەیەو نایانەوێت ئاشکرابن.

# هاوپەیمانیی پێشوەخت، کورسییەکانی کورد کەمدەکاتەوە

**بەرهەم خالید**

**بە بڕوای چاودێران پەنابردنە بەر هاوپەیمانیی پێشوەختو تاکلیستی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن لەلایەن هەردوو پارتی دەسەڵاتداری هەرێمەوە، ڕێکەوتنە لەسەر دابەشکردنی سەروەتو سامانو ترس لە ئۆپۆزسیۆن، نەک لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی کورد وەک خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەوە لە کاتێکدایە لە دنیای دیموکراسیدا پارتو لایەنە سیاسییەکان پاش هەڵبژاردن هاوپەیمانی دەبەستن نەک پێش هەڵبژاردن.**

لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، زۆرێک لە لایەنە عێراقییەکان کەوتوونەتە خۆ بە مەبەستی پێکهێنانی هاوپەیمانی بۆ ئەوەی بتوانن ژمارەیەکی زۆر کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنن، هەرچەندە زۆربەی چاودێرانی سیاسیی هاوپەیمانیی پێشوەخت بە نەگونجاو دەزانن لەبەر ئەوەی پێشتر چەند هاوپەیمانییەکی لەوجۆرە دوای هەڵبژاردن بەرەو هەڵوەشاندنەوە چوون، بە تایبەت لە عێراق، هەروەها لە هەرێمیش لیستی چوارحیزبەکە لە لێواری هەڵوەشاندنەوەدایە.

هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان، بەپێی ڕێکەوتنێک کە لە نێوانیاندا کراوەو بە ڕێکەوتننامەی ستراتیژی ناویدەبەن، بڕیاریانداوە بۆ هەر هەڵبژاردنێک چ لە هەرێم یان عێراق ئەنجامبدرێت بە یەک لیست بەشداری تێدا بکەن، ئەوەش جۆرێک لە بێ ئومێدی لای دەنگەری کورد دروستکردبوو، بە جۆرێک هەستی بە گرنگی دەنگی خۆی نەدەکردو لەبەر ئەوەی ململانێ لە هەڵبژاردندا نەبوو، بە ساردیی بەشداریی هەڵبژاردنی دەکرد، بەڵام هەڵبژاردنەکەی تەمموزی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان ئەو هاوکێشەیەی گۆڕیو بەشداریی هەردوو لیستی گۆڕانو خزمەتگوزارییو چاکسازی گەرموگوڕییەکی باشی بەخشییە هەڵبژاردنەکە، بەڵام بەرپرسە باڵانی یەکێتیو پارتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە فرەلیستی لە بەغدا دەبێتە هۆی لاوازکردنی پێگەی کورد.

حاکم ئەحمەد ئەنوەر، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانیی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا کورد دوو لیستی هەبووە لە بەغداو کێشە نەبووە، بۆیە ئەگەر کورد ببێتە (٣ یان ٤) لیستیش کێشە بۆ کورد دروست ناکات، بەڵام دەبێت لەسەر بابەتە سەرەکییەکان لێکتێگەیشتنو ڕێکەوتن هەبێت لە نێوانیانداو وتیشی: «فرە لیستی کێشە نییە، بەڵام گرنگە یەکهەڵوێستی هەبێت بۆ ئەوەی پێگەو قورسایی کورد بپارێزرێت».

بە پێچەوانەی گوتاری یەکێتیو پارتییەوە، لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا هاوپەیمانێتییەکان لەدوای دەرکەوتنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە ئەنجامدەدرێت بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی پێکهێنانی کابینەی حکومەت یاخود پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بۆ دروستکردنی کوتلەی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا.

مەحمود ڕەزا ئەمین، نووسەرو چاودێری سیاسیی دانیشتووی وڵاتی هۆڵەندا دەربارەی سروشتی هاوپەیمانیی پێش هەڵبژاردنو دوای هەڵبژاردن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە بەپێی ئەو ئەزموونەی لە ئەورووپا بینیویەتی، دەبێت هاوپەیمانیی لە دوای هەڵبژاردن لەسەر بنەمای بەرنامەی حکومەتو ئایدیۆلۆژیا پێکبهێنرێت، ئەوەش باشترین جۆری هاوپەیمانییە، بەڵام لە هەندێک وڵاتدا حیزبە بچووکەکان بۆ ئەوەی دەنگەکانیان نەفەوتێت پەنا دەبەنە بەر هاوپەیمانێتی پێش هەڵبژاردن لەگەڵ حیزبە گەورەکان، بە تایبەت ئەوانەی لە ڕووی ئایدیۆلۆژیاو بۆچوونەوە لەیەکەوە نزیکن، بۆ ئەوەی بتوانن بەشداریی لە پەرلەمانو حکومەتدا بکەن، وتیشی: «ئەوەی یەکێتیو پارتی ناویان لێناوە هاوپەیمانییو بە یەک لیست بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن، ڕێکەوتنە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتو پارەو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان لەنێوان دوو بنەماڵەدا، نەک بەرژەوەندیی گشتیی ئەوەش زیانی بۆ هاوڵاتییان هەیە، چونکە ئۆپشن لەبەردەم دەنگدەراندا نابێتو بەهۆی نەبوونی ململانێوە خەڵک وەک پێویست بەشداریی لە هەڵبژاردندا ناکات».

بە بۆچوونی ئەو چاودێرە سیاسییە بەرژەوەندیی خەڵک لەوەدایە هەموو حیزبەکان بە لیستی جیاواز دابەزن تەنانەت یەکێتیو پارتیش بەجیا بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، نەک پێکەوە وەک ئەوەی یەکگرتوو لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)دا بە لیستی سەربەخۆ بەشداریکرد، کە هەنگاوێکی ئیجابی بوو بۆ پرۆسەی دیموکراسیو وتی: «بەجیا بەشداریکردنی حیزبەکان ڕێژەی بەشداریکردن زیاد دەکاتو هاوڵاتییان هەست بە گرنگی دەنگی خۆیان دەکەنو بە گڕوتینو گرنگییەوە بەشداریی دەکەن، ئەوەش بە سوودی کورد کۆتایی دێت».

یوسف محەمەد سادق، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سلێمانی، هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی لیستی چوار حیزبەکە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە ئەو هاوپەیمانێتییە لە سەرەتادا لەسەر بنەمایەکی پتەو نەبووەو هیچ جۆرە نووسراوێکی ئەوتۆیان لە نێواندا نەبووە، بەڵکو زیاتر لەسەر بنەمای سیقە بووەو بەرنامەیەکی ئەوتۆشیان نەبووە بۆ بەشداریکردن لە حکومەتدا، لەلایەکی دیکەوە، هەریەکە لە یەکێتیو پارتی فشاریان لەسەر ئەو چوارحیزبە هەیەو یاری بە هەندێک لەو حیزبانە دەکەنو وتیشی: «پێموایە بەرژەوەندیی مادیی هۆکاری بەشداریکردنیانە لە حکومەتداو بەشداریکردنی هەر حیزبێک لەو چوار حیزبەش لە هەڵبژاردندا خیانەتکردنە لە دەنگی هاوڵاتییان، چونکە ئەوان جۆرێک لە خیتابی ئۆپۆزسیۆنیان هەڵگرتبوو، ئەوەش بە زیانی یەکگرتوو کۆمەڵ کۆتایی دێت».

دەربارەی جۆری هاوپەیمانێتییەکانیش ئەو چاودێرە سیاسییە بە باشی دەزانێت هەر حیزبو لایەنێک بە جیا بەشداریی لە هەر هەڵبژاردنێکدا بکەنو دوای ئەوەی قەبارەی خۆیان زانیو سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەوکاتە هاوپەیمانیی پێکبهێنن، نەک بەر لە هەڵبژاردنەکان.

یوسف محەمەد سادق، مامۆستای زانستی سیاسیی لە زانکۆی سلێمانی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هۆکاری پێکهێنانی هاوپەیمانیی پێشوەخت بۆ ترسی حیزبە بچووکەکان دەگەڕێتەوە لە پێگەی خۆیان نموونەی ئەوەشی بەوە هێنایەوە، کە هەریەکە لە حیزبی زەحمەتکێشانو سۆسیالیست پەنایان بۆ ئەو هاوپەیمانێتییە برد لەگەڵ یەکگرتوو کۆمەڵ، کە دوو پارتی ئیسلامینو وتی: «باشترە هەر حیزبو لایەنێک بەجیا بەشداری هەڵبژاردن بکاتو قەبارەو پێگەی ڕاستەقینەی خۆی بزانێت ئەو کاتە دواتر بیر لە هاوپەیمانێتی بکاتەوە، ئەگەر توانی سەرکەوتوو بێت، چونکە هەڵبژاردن لە دنیای دیموکراتیدا تاقیکردنەوەیەکە بۆ حیزبەکان».



## با باجدان بەسبێت

**هیوا جەماڵ**

لەسەردەمە تاریکەکاندا چاومان دەست بە بینین دەکات
تیۆدۆر ڕۆسکە

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی، بەردەوام بەجۆرێک لەم پارێزگەیەدا کاردەکات، کە هەست دەکەیت هیچ ئارامییەکی پێوە دیار نییە.

ئەو پارێزگایە لەچاو هەردوو پارێزگاکەی دیکەی هەرێم، زۆرترین گۆڕانکاریی تێدا ڕوودەدات، ئەگەر ئەمە لەلایەکەوە بۆ چالاکییو بەرەوپێشچوونی ئەو شارە حساب بکرێت، لەلایەکی دیکەوە بۆ شێواوییو نەبوونی بەرنامەی ئیدارەی ئەم بەشەی حکومەتو بوونی ململانێیەکی زۆر لە پارێزگاکەدا دەگەڕێتەوە.

لە پارێزگای سلێمانیدا لە کارمەندانی ئاساییەوە تا پارێزگاری شارەکە، کە بەحساب بەرزترین دەسەڵاتە لەو پارێزگایەدا بێخەم نین لەوەی کە هەموو ڕۆژێک سەر لە بەیانی لەگەڵ سەرەتای دەوامدا چاوەڕێی هەواڵی لابردن، یان گواستنەوەیان بکەن.

لابردنو گواستنەوەی ئەو دەیانو سەدان فەرمانبەرو پۆلیسو پێشمەرگەو بەڕێوەبەرو مودیر ناحیەو قایمقامانە، پشێویی دەخاتە نێو پارێزگاکەوە.

وەک یەکێک لە بەڕێوەبەری ناحییەکان دەڵێت: هەموو ڕۆژێک چەند تەلەفۆنێکت بۆدێت، ئەوە لە شوێنی خۆت ماویت یان نا؟ ڕۆژی یەکشەممە دەوام دەکەیت؟ لانەبراویت؟ وایلێهاتووە دەبێت هەر وەڵامی ئەو دەنگۆیانە بدەیتەوەو کارەکانت بۆ ڕایی ناکرێت.

ئەم حالەتە (قەلەقبوون)، لەڕووی ئیدارییەوە کاریگەریی خراپ لەسەر کارکردن لە فەرمانگەکاندا جێدێڵێت، بەجۆرێک فەرمانبەر ڕۆژانە نازانێت چۆن ڕۆژ بەڕێبکاتو بەردەوام شوێنەکەی بەهیی خۆی نازانێتو دڵی پێی خۆش نابێت.

ئەم حاڵەتانەی لە پارێزگای سلێمانی دروست بوون، بەشێکی زۆر پەیوەندیی بە کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هەیەو بەو هۆیەوە زیانی بە هەموو خەڵکی گەیاندووە.

هەڵبژاردنەکان دەریخست، کە ئێستا لە پارێزگای سلێمانیدا نفوزی یەکێتی زۆر لە جاران لەخوارترەو ئەگەر پارتی لێجیابکرێتەوە وەک یەکێک لە حیزبەکانی دیکە نفوزی هەیە، ناکرێت یەکێتیو پارتی کە لە کۆی زیاتر لە (یەک ملیۆنو ٥٨ هەزار) دەنگدەر، بە هەردووکیان (٢٦٦ هەزار) دەنگیان لەم شارەدا هێناوەو ئەگەر دابەشی بکەن، یەکێتی (١٣٣ هەزار) دەنگی بەردەکەوێتو ئەگەر باڵانسی ئەوەش حساب بکەین، کە پارتی لە سلێمانی جەماوەری کەمترە (کە دەشێت پارتییەکان ئێستا ئەوە قبووڵ نەکەنو خۆیان بە کەمینە لەچاو یەکێتیدا نەزانن)، ئەوا یەکێتی کۆی دەنگەکانی ناکاتە (٢٠٠ هەزار) دەنگ، کەواتە دەکرێت ئەم پارێزگایە بەدەست کەمینەیەکی لەو شێوەیەوە ئاوا بەردەوام لە دڵەڕاوکێدا بێت.

ناکرێت حیزبێکی بچووک پارێزگایەکی گەورە بخاتە زەلالەتەوەو هەر ڕۆژەو بە ئارەزووی ئەوانەی سەرەڕای کەمینە بوونیان تیایدا باڵادەستن بڕیارێک دەربکەنو خەڵک بخەنە دڵەڕاوکێوە، ڕاستە ئێوە بەلاتانەوە گرنگ نییە ئایندەی ئەم شارە بەرەو کوێ دەچێت، بەڵام خەڵکەکەی بەلایانەوە گرنگەو پێویستە لە هیچ حیزبو لایەنێکی قبووڵنەکەن ئاوا یاریی بە چارەنووسیان بکات.

سەرئەنجامی ئەو دڵنیانەبوونو دڵەڕاوکێیەش وەک هەڵەو کەموکورتیو بێبەرنامەییەکانی دیکە، سلێمانیو دانیشتووانەکەی باجەکەی دەدەن، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت، کە هەڵبژاردن هات، خەڵک باجەکانی خۆیانتان لێوەردەگرنەوە.

## جەماوەری یەکگرتوو داوادەکەن حیزبەکەیان نەچێتە هیچ هاوپەیمانێتییەکەوە

# دوو حیزبی ئیسلامیی داوای هاوپەیمانیی لە یەکگرتوو دەکەن

**ئیبراهیم عەلی**

**هەریەک لە بزووتنەوەی ئیسلامییو کۆمەڵی ئیسلامیی بانگهێشتی یەکگرتووی ئیسلامیی دەکەن بۆ ئەوەی لیستێکی ئیسلامیی پێکبهێنن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، تائێستاش یەکگرتووی ئیسلامیی وەڵامی ئەو داوایەی ئەو دوو حیزبەی نەداوەتەوەو نایانەوێت بەشداریی لە هاوپەیمانێتیدا بکەن.**

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەسەرچاوەیەکی نزیک لەمەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامییەوە دەست ڕۆژنامە کەوتوون، ئەوان وەک یەکگرتوو لەبەر دوو هۆکار نایانەوێت بەشداریی بکەن لە لیستێکی ئیسلامیدا، یەکەمیان، نایانەوێت هەرێمی کوردستان دابەش بکەن بۆ دوو بەرەی عەلمانیو ئیسلامیی، هۆکاری دووەمیشیان ناهاوسەنگی قەبارەی کۆمەڵو بزووتنەوەو یەکگرتووە، یەکگرتوو پێیوایە ئەمجارە ئەو دوو حیزبە لەسەر حیسابی جەماوەری یەکگرتوو دەبن بە خاوەنی کورسی لە پەرلەمانی عێراقدا.

ماوەی چەند ڕۆژێکە مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی بانگهێشتێکی ئاراستەی هەریەک لە بزووتنەوەی ئیسلامییو یەکگرتووی ئیسلامیی کردووە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، عەبدولستار مەجید، کارگێری مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، تا ئێستا بزووتنەوەی ئیسلامیی وەڵامی داواکەی ئێمەی داوەتەوەو پێیان باشە ئەو لیستە پێکبهێنرێت، بەڵام تا ئێستا یەکگرتووی ئیسلامیی وەڵامی نەداوەتەوە.

سەبارەت بە وەڵامنەدانەوەی داواکەی کۆمەڵو بزووتنەوە لەلایەن یەکگرتووەوە، سەرچاوەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو وتی: «لەو کاتەی ئەم داوایە گەیشتووەتە دەست مەکتەبی سیاسیی، تا ئێستا یەکگرتووی ئیسلامیی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی نەکردووە».

محەمەد بازیانی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەوان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش لیستێکی لەو جۆرەیان بەپێویستزانی، بەڵام هەر یەک لە کۆمەڵو یەکگرتوو بەبیانووی ئەوەی کە لەگەڵ زەحمەتکێشانو سۆشیالیست قسەیان کردووە کە بەیەک لیست بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، بۆیە ناتوانن لە ئێستادا بەدەم ئەو داوایەی ئێمەوە بێن». وتیشی: «ئێمە لای خۆمانەوە بڕیاری ئەوەمان داوە کە لەگەڵ ئەو دوو لایەنە ئیسلامییەی دیکە بەیەک لیست بەشداریی هەڵبژاردن بکەین».

بە وتەی بازیانی پێکهێنانی ئەو لیستە ئیسلامییە وادەکات ئەو سێ لایەنە قەبارەی ڕاستەقینەی ئیسلامییەکان دەربکەوێت لە هەڵبژاردنەکاندا.

دیندار نەجمان دۆسکی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەو بڕیارە پەیوەستە بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتیو لە چەند ڕۆژی داهاتووش ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەوبارەیەوە کۆدەبێتەوە».

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو بە دووری زانی کە حیزبەکەی بچێتە لیستێکی لەو شێوەیەو وتی: «جەماوەرو ئەندامو کادیرانی یەکگرتوو پێیان باش نییە کە یەکگرتوو ئەمجارە بچێتە نێو هیچ هاوپەیمانێتییەکو ئەگەری بەهێز ئەوەیە کە یەکگرتوو بە تەنیا بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکات».

## سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان: ئەگەر فراکسیۆنی کوردستانی هەموو کاتێک دژایەتی ئێمە بکاتو پرۆژەکانمان ڕەتبکاتەوە زەرەر دەکات

پشتیوان سەعدوڵڵا

**سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان باس لەوە دەکات؛ لیستی گۆڕان داکۆکیکەرێکی راستەقینەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانەو بەردەوام فشار دەخەنە سەر دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی خەڵک.**
**هاوکات ئەو تۆمەتانە بە «ناڕەوا» وەسفدەکات، کە دەدرێتە پاڵ لیستەکەیانو دەڵێت: ئەوان دەیانەوێت لیستی گۆران لەناو خەڵکدا ناشرین بکەن، بەڵام خەڵک زۆر لەوە هۆشیارترە باوەڕ بەو تۆمەتانە بکات.**

کوێستان محەمەد، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا بەڵێنمان بە خەڵک داوە، ئەگەر زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانمان بەدەستهێنا، حکومەت پێکدەهێنین، ئەگەر نا وەکو ئۆپۆزسیۆن دەمێنینەوەو لەڕێگەی فشارەوە پەیامو بەرنامەکەمان بە دەسەڵات جێبەجێ دەکەین.

لیستی گۆڕان خاوەنی (٢٥) کورسی پەرلەمانییەو وەکو ئۆپۆزسیۆن خۆی ناساندووە، هەر لە سەرەتاوە جێی ئومێدی خەڵکی کوردستان بووە، کە بتوانێت گۆڕانکاریی ریشەیی لە ژیانی سیاسیی و سیستمی هەرێمی کوردستاندا بهێنێتەکایەوە.

لە دانیشتەکانی مانگی رابردووی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا لیستی گۆڕان چەند پرۆژەیاسایەکی پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردوو بەگژ چەند بڕیارێکی سەپێنراودا چووەوە.

کوێستان محەمەد ئەوەی خستەڕوو، لە یەکەم دانیشتنی پەرلەماندا سەرۆکی پەرلەمان پرۆژەیاسایەکی بۆ هەموارکردنی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان خستە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، ناوی هەندێک لە لیژنەکانی گۆڕیبوو هەوڵدرابوو ئەرکی «تەشریع» لە پەرلەمان بسێنرێتەوەو بسپێررێت بە لیژنەیەک، ئێمە لە لیستی گۆڕان ئەوەمان رەتکردەوە.

سەبارەت بە پێشنیازەکانی فراکسیۆنی گۆڕان وتی: ئێمە پێشنیازمانکرد لیژنەی ئاسایش زیاد بکرێتو ئەوەبوو ئەو لیژنەیە زیادکرا، هەروەها چەند پێشنیازێکی دیکەمان کردوو سەرکەوتنمان بەدەستهێنا، کۆمەڵێک پرۆژەیاسای «زۆر گرنگمان» ئامادەکردووەو پێش هەموو کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان چەند پرۆژەیاسایەک ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، «ئێمە تەنیا لیست بووین کە تەنیا لە یەکەم دانیشتندا سێ پرۆژەیاسامان دایە سەرۆکایەتی پەرلەمان».


بەشێک لە دەسەڵاتداران فراکسیۆنی گۆڕان بە لیستێکی «بێبەرنامەو گێرەشێوێن» ناودەبرێن، بە وتەی سەرۆکی لیستی گۆڕان لە ئێستادا هەڵمەتێک لە ئارادایە بۆ دژایەتیکردنی لیستی گۆڕانو دەڵێ: «مەبەست لەو تۆمەتانە ناشرینکردنی لیستی گۆڕانە».

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان رایگەیاند: لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا «لیستی کوردستانی ئاراستەکرابوو، کە هەموو پێشنیازێکی لیستی گۆڕان رەتبکەنەوە»و کەوتنە دژایەتیکردنمان، بۆیە کۆمەڵێک پێشنیازی لیستی گۆڕان رەتکرایەوە، بەڵام ئەندامانی لیستەکانی دیکەی پەرلەمان خۆشەبەختانە دەنگیان بە پێشنیازەکانماندا، هەروەک دەڵێ ئەو تۆمەتانەی بۆ فراکسیۆنی گۆڕانو بزووتنەوەی گۆڕان دروستدەکرێن بەلای ئێمەوە زۆر ئاساییە، چونکە ئەوە ئاشکرایە، کە دەسەڵاتداران کۆمەڵێک خەڵکن زەمەنێکە دەسەڵاتی ئەم هەرێمەیان بەدەستەوەیەو خۆیان هەمووشتێک بوونو لەگەڵ وشەی «نەخێر»دا رانەهاتوون، ئەوان لە هەڵبژاردنەکاندا تووشی «شکستێکی گەورە» هاتنو وەرچەرخانێکی گەورە هاتە ئاراوەو نەخشەی سیاسیی هەرێم گۆڕا، ئێستاش دەبینن ئۆپۆزسیۆن بووەتە واقیع، ئەمە تووشی رامانو راچڵەکینی کردوونو زەمەنێکی دەوێت تا دێنەوە سەر حاڵەتی ئاسایی خۆیان، کاتێکی زۆری دەوێت تا ئەم دەسەڵاتدارانە چاوو گوێیان بە وشەی ئۆپۆزسیۆن رادێت، «ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان موراعاتی ئەو نەخۆشییەیان دەکەینو چاوەڕواندەکەین تا دێنەوە سەر خۆیان»، لە بەرامبەر ئەو هێرشانەی دەکرێتە سەرمان ئێمە نەرمیمان نواندووەو هەڵویستی جوانمان هەبووە.

باسی لەوەشکرد، ئەوەی زیاتر تۆمەت بۆ فراکسیۆنی گۆڕان دروستدەکات راگەیاندنی یەکێتییە، ئەوان دەیانەوێت لیستی گۆڕان لەناو خەڵکدا ناشرین بکەن، بەڵام «خەڵک زۆر لەوە هۆشیارترەو باوەڕ بەو تۆمەتە بێ بنەمایانە ناکات».

هەروەها وتیشی: ئەگەر فراکسیۆنی کوردستانی هەمووکاتێک دژایەتی ئێمە بکاتو پرۆژەکانمان رەتبکەنەوە «زەرەری گەورە دەکەنو خۆیانی پێ ناشرین دەکەن»، هەروەها تووشی شکستێکی گەورەتریان دەکات.

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت: لیستی گۆڕان خاوەن بەرنامەیەکی پتەوی ئەوتۆیە، کە جێی ئومێدی خەڵکە، پەیامو بەرنامەکەمان بەرژوەندیی و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانەو سوورین لەسەر جێبەجێکردنی داواکارییەکانمان، روحیەتی کارکردنی ئێمە روحیەتێکی زۆر یەکگرتووەو پەرلەمانتارەکانمان کەسانێکی رۆشنبیرنو هەڵقوڵاوی ناو ئازارەکانی کۆمەڵانی خەڵکنو زۆر باش دەتوانن بەرگری لە مافو داخوازییەکانی خەڵک بکەن، ئێمە راستگۆین لەگەڵ جەماوەرەکەی خۆمانو بەڵێن بە هاوڵاتییانی کوردستان دەدەین داکۆکیکەرێکی دڵسۆزی داخوازییەکانیان دەبینو هەمووکات سووردەبین لەسەر بەڵێنەکانمانو بەردەوام فشاردەخەینە سەر دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی خەڵک.


کوێستان محەمەد

## ڕێکخستن لەنێو ریزی هێزە چەکدارەکاندا، ئینتیمای حیزبی زاڵدەکات بەسەر ئینتیمای نیشتمانیدا

## مەحمود سەنگاوی: ڕێکخستنی حیزبی لەنێو پێشمەرگەدا ئاساییە

عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر

**فەرماندەیەکی باڵای هێزی پێشمەرگەی یەکێتی، بوونی رێکخستنو تەزکییەی حیزبی لەناو هێزەکانی پێشمەرگەو هێزە ئەمنییەکانی دیکەدا بە ئاسایی دەزانێت، لەکاتێکدا شارەزایەکی کاروباری پێشمەرگە پێیوایە، بوونی تەزکیەی حیزبی مەیلی پێشمەرگە بەلای حیزبدا دەبات، نەک پاراستنی کوردستان.**

دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، بەناچاریی هەردوو وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم یەکخرانەوە، بەڵام یەکێتیو پارتی تائێستاش خاوەنی دووهێزی تایبەت بە خۆیانن کە فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو فەرماندەیی لەشکری کوردستاننو لەنێو ئەو دوو هێزەشدا هەیئەی ئەرکانو زێرەڤانی هەن کە بەشێوەیەکی سەربازیی رێکخراون، جگە لەوەی ئەم دووحیزبە دەسەڵاتدارە لەناو هێزەکانیاندا خاوەنی کۆمیتەو لیژنەی رێکخستننو ئامانجیان بە حیزبیکردنی هێزی پێشمەرگەیە.

بە رای شارەزایانی کاروباری پێشمەرگەش، رێکخستنی حیزبی لەنێو پێشمەرگەدا مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئەوەی پێشمەرگە ئینتیمای بۆ حیزبەکان دەبێت، نەک بۆ کوردستان، بەڵام سەرکردە سەربازییەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی ئەوە رەتدەکەنەوەو باس لەوەدەکەن، کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزی هەموو کوردستانەو تەنیا ئەو هێزەش هەیە کە بتوانێت بەرگریی لە کوردستان بکات.

مەحمودسەنگاوی، جێگری فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان (ی.ن.ک) لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی KNN ئاماژەی بەوەداوە، کە ئەوان وەکو یەکێتیو پارتی مافی خۆیانە کە رێکخستنیان لەناو هێزەکاندا هەبێت: «ئەگەر ئەم هێزە بەنیزامی سەر بەوەزارەت بێت، رێکخستنی ئێمەش نامێنێت، بەڵام کەسێک کە ئەفسەرە دەتوانێت لە دەرەوەی کارەکەی خۆی کاری رێکخستن بکاتو ئەوەش زیانی نییە».

ئەو فەرماندەیە دەڵێت: «تا ئەم نەوەیە مابێت حیزبایەتی دەمێنێت»و هێزی پێشمەرگەی یەکێتی لە سنووری ئیدارەی یەکێتیدا بەگەورەترین هێز ناودەبات «هەر رووبەڕووبوونەوەیەک هەبێت، تەنیا پێشمەرگەی یەکێتییە رووبەڕووی ببێتەوە»و کێشەی خانەقین لەهاوینی رابردوودا بە نموونە دەهێنێتەوە.

لەناو هێزەکانی یەکێتیو پارتیدا چەندین رێکخستن هەن، بۆ پێشمەرگەو پۆلیسو ئاسایشو تەنانەت بەشێوەیەک هەرکەسێک بیەوێت لە ریزی هێزە چەکدارەکان دابمەزرێت، بەپشتگیریی کۆمیتەو ناوچەکانی هەردوولا دەبێت.

بە حیزبیکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە لایەن رێکخستنەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتبەدەستەوە ئەوە دەگەیەنێت کە هەوڵەکان بۆ دروستکردنی هێزێکی پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان تەنیا لە چوارچێوەی دروشمدایەو ئەوەش لە سادەترین مانایدا بریتییە لە بچووککردنەوەی ئینتیمای هێزی پێشمەرگە لەکوردستانیبوونەوە بۆ حیزبیبوون، کە ئەوەش بە بڕوای چاودێران، مەترسیی ئەگەری هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆی لێدەکەوێتەوە.

رەئووف ئەحمەد کاکی، شارەزای بورای رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان باس لەوەدەکات دەکات، هەرکەسێک ببێتە پێشمەرگە یان پۆلیسو ئاسایش دەبێت پشتگیریی کۆمیتەیەکی پێبێت، «ئەمەش زیان لەوە دەدات کە ئەو کەسە ئەوەندەی ئینتیمای بۆ حیزبەکەی خۆی دەبێت، بۆ کوردستانی نابێت»، چونکە بەوتەی ئەو: «ئەو حیزبە هەموو گیانی داگیردەکات بەکاری حیزبی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە هۆکارێکی گەورەیە بۆ درووستبوونەوەی شەڕی ناوخۆ».

سەلاح چاوشین، فەرماندەی دێرینی پێشووی یەکێتی دەڵێت: سەردەمی شاخو پێشمەرگایەتی ئەوکاتە وای دەخواست کە دەبوویت بەپێشمەرگە، پێشمەرگەی ئەو حیزبە بیت، بەڵام ئێستا جیاوازەو حکومەتی هەرێم هەیە، دەبێت هێزەکان رێکبخرێنەوەو هێزێکی دوور لە دەستوەردانی حیزب دروستبکرێتو بەرگریی لەکوردستان بکات، نەک حیزب.

بە بڕوای چاودێران، دروستبوونی هێز لە کوردستان لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە، وەکو فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەو فەرماندەیی لەشکری کوردستان، تەنیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی حیزبەکانە، نەک پاراستنی هاوڵاتییانی کوردستان.

ئەمەش ئەو پرسەیە کە دەبێت پەرلەمانی نوێی کوردستان لەم خولەی خۆیدا یەکلایی بکاتەوەو بە زووترین کات ئەو هێزە لە ژێر بیری تەسکی حیزبایەتی دەربهێنێتو بیکاتە هێزێکی نیزامی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان.

لە یەکەم دانیشتنی خولی نوێی پەرلەماندا، فراکسیۆنی گۆڕان پرۆژە یاسایەکی ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، بۆ نەهێشتنو قەدەغەکردنی کاری رێکخستنی حیزبایەتی لەنێو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەو پۆلیسو ئاسایشو هێزە چەکدارەکاندا، بۆ دوورخستنەوەی دەستی حیزب لەو دامەزراوانەو کردنیان بە هێزێکی نیزامیی بێلایەنی حکومیی، نەک هێزێکی چەکداری حیزبی.


مەحمود سەنگاوی

## لیستی چوار حیزبەکە لە ئەزموونی هەڵوێستەوە بۆ تاقیگەی هەڵبژاردن

# هاوپەیمانی عەلمانییو ئیسلامیی لە کوردستان سەرکەوتوو دەبێت؟

هەستیار قادر

ئەزموونی لیستی چاکسازییو خزمەتگوزاری بە رای پێکهێنەرانی دەرئەنجامی ئیجابی هەبووەو هەندێکی دیکەش خاڵی سلبی لێ دەدۆزنەوەو پسپۆڕێکی هەڵبژاردنیش دەڵێت: «ئەو لیستە ڕێکەوتنێکی درێژخایەن نییەو جێگیریی نییە، کە یەک تێڕوانیان هەبێت، هەر بۆیە دوای هەڵبژاردن بەشێکیان دەڵێن؛ بەشداریی حکومەت دەکەین ئەوانی دیکە دەڵێن؛ نایکەین».

### لیستەکە چۆن لە دایک بوو؟

هەندێک پێیانوایە پێکهێنانی لیستی چاکسازییو خزمەتگوزاری لە هەریەک لە یەکگرتووی ئیسلامییو کۆمەڵو حیزبی سۆسیالیستو زەحمەتکێشان بە ماوەیەکی کەم بەر لە هەڵبژاردن ترس بووە لە دۆڕاندنی دەنگی نارەزایی بەرامبەر بە لیستێکی وەک گۆڕان، کە کاری لەسەر ئەو ڕەهەندەی کۆمەڵگە کردووەو هەندێکی دیکەش پێیانوایە، لەدایکبوونی شەرعیی لیستی خزمەتگوزارییو چاکسازی، کە بە لیستی چوار حیزبەکە ناسراوە، لە پێشکەشکردنی یاداشتنامەی نارەزاییان بوو، بە سەرۆکایەتی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیران لە (٢٠٠٨/١/١٧) دا، کە دواتر پرۆژەیەکیشیان بۆ چاکسازیی پێشکەش بە حکومەت کردو دەرئەنجام لە (٢٠٠٩/١/١١)دا ڕاپۆرتێکیان لەسەر ئەو هەوڵانەیان بۆ رای گشتیی بڵاوکردەوە.

عەبدولستار مەجید کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «خاڵێکی ئیجابیی ئەو هەوڵانەمان ئەوە بوو، کە لە هەرێمی کوردستان جۆرێک لە ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی دروست ببوو، وای لە خەڵک کردبوو، کە قسە لەسەر ئەدای پەرلەمانو حکومەت بکات، ئێمەش ویستمان گەشە بەوە بدەین بۆیە بە پێویستمانزانی لیستێکمان هەبێت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان».

### شیوعی بەشداریی گەمەکەی نەکرد:

لەگەڵ ئەوەی بە درێژایی چەند ساڵی ڕابردوو هەر باس لە حیزبەکانی دەرەوەی یەکێتیو پارتی دەکرا، حیزبی شیوعی کوردستان ناوی لەو چوارچێوەی چوار حیزبەکەی دیکە دەهات وەک کوتلەیەکی حیزبی لە هەرێمی کوردستاندا، کە لەسەر ڕووداو و پێشهاتەکان پێکەوە قسەی خۆیان هەبوو، بەڵام حیزبی شیوعی بەشداریی لەو یاداشتەی یەکگرتوو و کۆمەڵو زەحمەتکێشانو سۆسیالیستدا نەکردوو لە (٢٠٠٨/١/١٧)دا بە ناوی مەکتەبی سیاسییەوە یاداشتێکی ئاراستەی ئەو چوار حیزبە کردو تیایدا تێبینیی خۆی لەسەر ئەو پەراوێز وەستانەی خستە ڕوو.

لە بەشێکی ئەو یاداشتەدا، کە تائێستا لەلای ڕۆژنامە پارێزراوە هاتووە: «یاداشتانامەکە (یاداشتنامەی چوار حیزبەکە) بەزمانێکی تەسعیدی نووسراوە، کاتەکەیمان پێ گونجاو نییە، لە کاتێکدایە کوردستانو گەلەکەی دووچاری هێرشێکی شۆڤینستانەی زاڵمانە بووەتەوە، بەتایبەت لەسەر مەسەلەی کەرکوکو مادەی (١٤٠)و دۆسییەکانی دی، ئەوکات حیزبی شیوعی پێی باش بووە، کە کێشەکان لەنێو ئەنجومەنی پارتە سیاسییەکاندا یەکلایی بکرێتەوە، لەو بارەیەشەوە لە یاداشتەکەیاندا دەڵێت: «ئێمەو ئێوەش کۆششی جدیمان کرد، بۆپێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان، هەموانیش لە هەوڵی کاراترکردنی ئەنجومەنەکەداین، میکانیزمی پێشکەشکردنی ئەم یاداشتنامە بە واژۆی پێنج حیزب، دەبێتە هۆی لاوازکردنی ئەنجومەنەکە، ئێمە وای بەباش دەزانین هەر ڕەخنەو پێشنیازو دیدو بۆچوونێکیان هەبێت بە ئامانجی چاکسازیی شوێنی سروشتی خۆی ناو ئەنجومەنەکەیە، کە هەموومان ئەندامین تیایدا».

### لیستەکە چی لێ سەوز بوو؟

بەدەر لە تێڕوانین لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان، کە تیایدا لیستی چاکسازییو خزمەتگوزاری (١٣) کورسی بەدەستهێنا تێڕوانینێک هاتە ئاراوە، کە پێیوابوو هێندەی سەرکەوتن لە پێکەوە گونجاندنو گرێدانو کۆکردنەوەی دوولایەنی ئیسلامیی سیاسییو دووانی عەلمانییو نەتەوەیی بووەو بینراوە، هێندە بەدەستهێنانی ئەو کورسیانە بە سەرکەوتن لە قەڵەم نەدراوە.

بەڕای بێرون عومەر فەتاح، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی سۆسیالیست پێکەوە کۆکردنەوەی ئەو لایەنانە لە لیستێکدا، داهێنانێکی نوێ بوو بۆ ئاراستەی کارکردنی حیزبەکان پێکەوەو وتیشی: «هەرچەندە دەنگەکان لە ئاستی پێویستدا نەبووە، بەڵام بە قەناعەتی خۆشمان ئەو ئەزموونە بۆ ئەم قۆناغە سەرکەوتوو بووەو بووینەتە سێیەم لیستی پەرلەمان».

بەڕای عەبدولستار مەجید کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵیش، یەکێک لە خاڵە ئیجابییەکانی ئەزموونی چوارحیزبەکە ئەوە بووە، کە هیچ دەسەڵاتێک کۆی نەکردوونەتەوە لەو هاوپەیمانێتییەدا، بەو واتایەی کە هیچ کام لەو چوارحیزبە دەسەڵاتدار نەبوون تا ناچار بن ئەو ڕێکەوتنە ئەنجامبدەن».

### لیستەکە چی بۆ نەکرا؟

لیستی خزمەتگوزارییو چاکسازی لەپاڵ لایەنە ئیجابییەکانی لە ڕووی سیاسییو لۆرژیکی هەڵبژاردنەوە خاڵێکی سلبیشی هەبووە، بەتایبەت کە هەریەک لە کۆمەڵی ئیسلامییو یەکگرتووە زۆێک لە کورسییەکانی پێشتریان لە پەرلەمان دۆڕاندو یەکگرتووی ئیسلامیی (لە کۆی (٩) کورسی (٦)ی بۆ مایەوەو کۆمەڵیش لە (٦) کورسییەوە بۆ (٤) کورسی دابەزی).

کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵ ئاماژەی بە خاڵێکی سلبیی ئەو پرۆژەیە کرد، کە بەڕای ئەو «ئیستیعاب نەکردنی» سروشتی بەرەکە بووە، کە لە دوو حیزبی ئیسلامییو دووانی عەلمانیی پێکهاتوون، ئاماژەی بە خاڵێکی سلبیی دیکەی ئەو پرۆژەیەداو وتی: «جەماوەری ئێمە بەگشتیی ئەوەیان لەبیرچووە، کە ئەو چوار حیزبە دروشمی ئۆپۆزسیۆنیان بەرزکردەوەو دەبوو جەماوەر ئەوەی جیا بکردایەتەوە».

پسپۆڕێکی هەڵبژاردنیش ئاماژە بە چەند خاڵێکی دیکەی سلبیی ئەزموونی لیستی چوار حیزبەکە دەکاتو پێیوایە، هێشتا دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان نەگەیشتووەتە ئاستێک کە هاوپەیمانی فرە ڕەنگ قبووڵبکات.

هۆگر چەتۆ، پسپۆڕی هەڵبژاردن بەرپرسی لقی کوردستانیی تۆڕی شەمس بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە بۆ پێکهێنانی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان چەند پێکهاتەیەک هەیە، کە دەبێت بە شێوەیەکی سروشتی دروست بن، کە بریتین لە عەلمانییو هێزی دیموکراسیخواز، کە پێویستە لەسەر ئاستی چینایەتی هاوپەیمانێتی ببەستنو وتیشی: «لیستی خزمەتگوزاریی ڕێکەوتنێکی درێژخایەن نییەو ڕەهەندی ستراتیژیی دوورخایەنی جێگیری نییە، کە یەک تێڕوانینیان هەبێت، هەربۆیە دوای هەڵبژاردن بەشێکیان دەڵێن، بەشداریی حکومەت دەکەین ئەوانی دیکە دەڵێن، نایکەین».



فۆتۆ: سامان حەمەکەریم

### یەکگرتوو، ترس لە بەرەی ئیسلامییو کەمبوونەوەی دەنگەکان:

یەکگرتووی ئیسلامیی، کە وەک خۆی دەڵێت: ڕێبەرایەتی لیستی چاکسازییو خومەتگوزاری کردووە زەرەرمەندی یەکەم بووە لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانو ئەو کورسییانەی بەدەستیهێناوە.

دیندار نەجمان سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی سەرەڕای ئاماژەدان بە لایەنە ئیجابییەکانی ئەزموونی لیستی چاکسازییو خزمەتگوزاری، دانی بەوەدا نا، کە یەکگرتووی ئیسلامیی زۆرترین زیانی لە دەرئەنجامی دەنگەکانی ئەو لیستە پێگەیشتووەو بەر لە هەڵبژاردنەکانیش هەستیان بەو زیانە کردووە».

ترسیش لەبەرەی ئیسلامیی سیاسیی هۆکارێکی دیکەی پێکهێنانی ئەو لیستە عەلمانییو ئیسلامییە بووە بەپێی سەرچاوەکان یەکگرتووی ئیسلامیی بە پەرۆشترین لایەن بووە بۆ پێکهێنانی ئەو لیستە هاوبەشە تا ناوی بەرەی ئیسلامییان بەسەردا دانەبڕێنرێت،

لەوبارەیەوە دیندار نەجمان وتی: «یەکگرتووی ئیسلامیی هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەوەدا نەبووە لە هەرێمی کوردستاندا دووبەرەی عەلمانییو ئیسلامیی بەرامبەر بە یەک هەبێت».

### لیستەکە وەک فریادرەسێک:

بەشداریکردنی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بەناوی لیستی (ئایندە)وە لە لیستی چوار حیزبەکە، هاوکات بوو لەگەڵ کێشەیەکی ناوخۆی ئەو حیزبە لە نێوان باڵی قادر عەزیزی سکرتێرو زۆرینەی باڵی مەکتەبی سیاسییو ئەوکات گفتوگۆیەکی زۆری لێکەوتەوە، کە ئایا سێ حیزبەکەی دیکە پشتی تێدەکەن، یان باڵەکەی قادر عەزیزی سکرتێر هەمان قەبارەی پێشتری هەیە؟.

فازڵ حەسەن، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی باڵەکەی قادر عەزیزی زەحمەتکێشان، ستایشی سێ لایەنەکەی دیکەی لیستی خزمەتگوزایی دەکات لەوەی ئەوکاتو لە گەرمەی ئەو کێشەیەدا باڵەکەی قادر عەزیزیان وەک زەحمەتکێشان ناسیو وتیشی: «کێشەکانی ناو حیزبی زەحمەتکێشان کارێکی سلبیی بوو، بەڵام هەرسێ لایەنی نێو لیستی چاکسازیی پێیانوتین؛ کە پشتگیریی ئەو زەحمەتکێشانە دەکەن، کە قادر عەزیز سکرتێریانەو ئەو هەڵوێستەشیان جوامێرانە بووە وەک ئەرکێکی ئەخلاقییو مەبدەئیی».



### یەکگرتووی ئیسلامیی

- بە یەکەمین حیزبی ئیسلامیی مەدەنی دادەنرێت لە هەرێمی کوردستاندا.
- لە (١٩٩٤/٢/٦) ڕاگەیەندراوە.
- تائێستا (٥) کۆنگرەی ئەنجامداوە.
- هەیکەلی ئیداریی باڵای حیزبەکەی پێکهاتووە لە ئەمینداری گشتییو شوراو ئەنجومەنی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیی.
- هەر لە سەرەتای ڕاگەیاندنیەوە سەلاحەدین بەهادین ئەمینداری گشتییە.

### کۆمەڵی ئیسلامیی

- لە (٢٠٠١/٥/٣١)دا ڕاگەیەندرا.
- (٤) ساڵ جارێک کۆنگرە دەکەنو تیایدا سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیی هەڵدەبژێردرێت.
- جگە لە مەکتەبی سیاسیی ئەمیندارو پێشەوای هەیە، کە هەریەکەیان دەسەڵاتی تایبەتی خۆی هەیەو تائێستا بە دانان بووە.
- ئێستا عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامییەو شێخ محەمەد بەرزنجی پێشەوایە.

### حیزبی سۆسیالیست

- لە (١٩٧٦/٨/٨) دامەزرێندراوە.
- سەیدا ساڵح یوسفی یەکەم سکرتێر بووەو دوای کوژرانی، ڕەسوڵ مامەند بووەتە سکرتێرو لە ساڵی (١٩٩٤)یشەوە محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبەکەیە.
- هەڵگری دروشمی سۆسیال دیموکراتە.

### حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

- لە ١٩٨٥/١٢/١٢ دا لە حیزبی سۆسیالیست جیابووەتەوە.
- لەوکاتەوە قادر عەزیز سکرتێری حیزبە.
- تائێستا ٦ کۆنگرەو ٤ کۆنفرانسیان ئەنجامداوە.
- کۆمیتەی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسییان هەیە.

# پارێزگاری سلێمانی: ئاگاداری گۆڕینی بەڕێوەبەری ناحیەو قایمقامەکان نیم

# بریکاری وەزارەتی ناوخۆ: ئەوە ئەرکی پارێزگاربووە، بەڵام نەیکردووە

**ڕۆژنامە**

بەبێ ئاگاداری پارێزگار وەزارەتی ناوخۆ، پێشنیازی گۆڕینو خانەنشینکردنی ژمارەیەک لە بەڕێوەبەری ناحیەو قایمقام لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەکات، بەپێی سەرچاوەیەکیش ئەو پێشنیازە بڕیاری سیاسیی لە پشتە.

بە وتەی بریکاری وەزارەتی ناوخۆ گۆڕینی ئەو ژمارە قایمقامو مودیر ناحیانە لەسەر پێشنیازی وەزارەتی ناوخۆیەو بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەک لە وەزارەتەوە پێکهێنراوە، جەلال شێخ کەریم، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە، کە لەو گۆڕانکارییانەدا ژمارەیەک لە قایمقامو مودیر ناحیەکان لادەبرێنو هەندێکیشیان کە معەوەمن خانەنشین دەکرێن تیاشیاندایە پلەکەی بەرزدەکرێتەوە، بەڵام بەپێی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی ناوخۆ بڕیاری لابردنی ژمارەیەک لە قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیەکان، بڕیارێکی سیاسییەو وەزیری ناوخۆش ڕازی نییە بەو بڕیارە ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە تا لە ئەنجومەن ڕەتبکرێتەوە.

ئەم گۆڕانکارییانەی کە لە ئێستادا بڕیاروایە ئەنجامبدرێت نزیکەی (١١) قایمقامو مودیر ناحیە دەگرێتەوە لە سنووری پارێزگای سلێمانی، بەڵام پارێزگاری سلێمانی بە ڕەسمیی لەو گۆڕانکارییانە ئاگادارنەکراوەتەوە، لەمبارەیەوە دانای ئەحمەد مەجید، پارێزگاری سلێمانی وتی: «ئاگاداری بڕیاری لابردنو گۆڕینی ژمارەیەک لە قایمقامو مودیر ناحیەکان نیم، ئەوە پێشنیازی وەزارەتی ناوخۆیەو بەرزی دەکەنەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران».

پارێزگاری سلێمانی بێئاگایی خۆشی پیشاندا لەوەی کە ئەو گۆڕانکارییە تەنیا لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا بکرێتو وتی: «تەنیا لە ڕۆژنامەکانەوە ئەوەم بیستووە ئەگینا هیچ نووسراوێکی ڕەسمیمان پێنەگەیشتووە دەربارەی لابردنی ئەو قایمقامو مودیر ناحیانە».

دەربارەی ئاگادارنەکردنەوەی پارێزگار لەو گۆڕانکارییانەی کە لە سنووری پارێزگاکەیدا دەکرێت، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ لە لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەوە ئەرکی پارێزگار بووە بیکات، بەڵام نەیکردووەو کەمتەرخەمی تێدا کردووە، هەربۆیە لیژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتەوە پێکهێنراوەو ژمارەیەک لە قایمقامو مودیر ناحیەکانی سنووری پارێزگای سلێمانیو گەرمیان دەگۆڕدرێن».

گۆڕینی ئەو ژمارە مودیر ناحیەو قایمقامانە، پێدەچێت لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانە بێت کە دەسەڵاتی سیاسیی لەدوای هەڵبژاردنەکانەوەو بەهۆی تووڕەبوونیان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەنجامیدەدەن، لە ئێستاشدا وەزارەتی ناوخۆ بڕیاری خانەنشینکردنو گۆڕینی ئەو مودیر ناحیەو قایمقامانەی ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، بەڵام بە وتەی د.نوری عوسمان، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، تائێستا ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر دەرنەبڕیوەو هەندێک ڕێوشوێنی پێویستی ماوە.


یەکەم سەرۆکی حکومەتی کوردی، لە سلێمانییەوە حوکمی کرد

## هەڕەشەی لە ئەفسەرێکی پۆلیس کردووە

# قایمقامی ڕانیە بە کەفالەتی شەخسیی ئازاد دەکرێت


عەلی حەمەد بەگ، قایمقامی ڕانیە

**بەهادین یوسف**

بە تۆمەتی هەڕەشەلێکردنی لەڕێی مۆبایلەوە، ئەفسەرێکی بنکەی پۆلیسی ڕانیە سکاڵا لەسەر قایمقامی ڕانیە تۆماردەکاتو لەڕێی کەفالەتی شەخسییەوە قایمقامی ڕانیە لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوە ئازاد دەکرێت.

لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا، قایمقامی قەزای ڕانیە لەڕێی تەلەفۆنەوەو بە تۆمەتی لایەنگریی لە لیستێکی دیاریکراو، هەڕەشە لە ئەفسەرێکی پۆلیس دەکات، لەبەرامبەردا ئەفسەرەکە بە تۆمەتی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیی سکاڵا لەسەر قایمقام تۆماردەکات.

ملازم قادر مستەفا، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی ڕانیە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەسەر دۆسیەی سکاڵاکەم لەسەر قایمقام، تائێستا هیچ نەکراوەو پێدەچێت بەڕێوەبەری ئاسایشو پۆلیس شاهیدی ناڕاستی بۆ بدەنو دۆسیەکەی دابخەن، ئەگەردادوەری لێکۆڵینەوەش بە بێلایەنی کارەکانی نەکات، دۆسیەکە دەگوازمەوە بۆ شوێنێکی دیکە.

سەبارەت بە کێشەکەیان قادر مستەفا وتی: «لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بەرپرسی ئەمنی یەکێک لە بنکەکانی دەنگدان بووم، پێشتر قایمقامو بەڕێوەبەری ئاسایشو پۆلیس هاتنو دواتر ڕۆیشتن، دوای ماوەیەک قایمقامی ڕانیە تەلەفۆنی بۆ کردمو بە تۆمەتی لایەنگریی هەڕەشەی لێکردمو وتی پۆلیست بۆ دەنێرمو کەلەپچەت دەکەم».

لە بەرامبەردا عەلی حەمەد بەگ، قایمقامی قەزای ڕانیە ئاماژە بەوەدەکات ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی جێبەجێکردووەو وتی: «وەکو سەرۆکی یەکەی ئیداریيو بەرپرسی لیژنەی باڵای ئەمنیی، بڕیارەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانمان جێبەجێکردووەو کۆبوونەوەی تایبەتمان لەگەڵ پۆلیسو ئاسایشو چالاکییە مەدەنییەکان کردووە، پێمانڕاگەیاندوون کە بۆمان نییە بەهیچ شێوەیەک تەدەخول لە کاری هیچ قەوارەیەک بکەین».

قایمقامی ڕانیە ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو ملازمە بەرپرسیارێتی لە ناوچەیەکی هەستیار پێسپێردراوە، پێمڕاگەیاندووە، ئەگەر زیادەڕەوی بۆ هەر قەوارەیەک بکات، بڕیاری کۆمسیۆنی باڵای لەسەر جێبەجێدەکەینو سەحبی دەکەینەوەو لەوە زیاتر نەبووە، دواتر ئەو داوای تۆمارکردووەو ئێستا داواکە چووەتە دادگا. وتیشی: «ئەگەر دەقی پەیوەندییەکەم تۆماربکردایە، ئەوا توندترین سکاڵام لەسەر تۆمار دەکرد، چونکە من واجبم جێبەجێکردووەو ئەو لایداوە لە کاری خۆیو هەموو لایەنەکان گەواهی ئەوەدەدەن ئەو کارە لە ڕانیە چەند بە ڕێکوپێکی بەڕێوەچووە بێ هیچ موخالەفەیەک».

ئەفسەرەکەی بنکەی پۆلیسی ڕانیە، وتیشی: «دواتر سکاڵام لەسەر عەلی حەمەد بەگ، قایمقامی ڕانیە، تۆمارکرد بەپێی مادەی (٢) لە یاسای خراپ بەکارهێنانی مۆبایل، ئێستا ئەو حاشا لە هەڕەشەکەی دەکاتو دۆسیەکە لە فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی دادی ڕانیە مایەوە، دواتر فەرمانی بانگهێشتیان بۆ دەکردووەو بە کەفالەتی شەخسی ئازادیان کردووە، ئەمەش پێچەوانەی یاسایە، کە ئەو دادگایە لێی بەرپرسە».

دوای ڕوودانی ئەو کێشەیەو چوونی کێشەکە بۆ دادگا، بە فەرمانێک لە (٩/٢٠) ئەو ئەفسەرە گواستراوەتەوە بۆ سورداش.

حاکم کەمال، دادوەری لێکۆڵینەوە لە دادگای ڕانیە، سەبارەت بە کێشەی نێوان ئەو ئەفسەرەو قایمقامی ڕانیە وتی: «لێکۆڵینەوە لە کێشەکە بەردەوامەو تائێستا هیچ بڕیارێک نەدراوەو ئیفادەی هەردوولا وەرگیراوە».

دەربارەی ئازادکردنی قایمقامی ڕانیە بە کەفالەتی شەخسی، وتی: «ئەوراقی ئەو کێشەیەم لانییە کە چۆن ئازادکراوە، بەڵام یاسا ڕێگەی بەوەداوە کە بە تەعەهودی شەخسیی کەسێک ئازادبکرێت».

حاکم کەمال وتیشی: «ئەو ملازم قادرە زۆر بە کێشەیە تائێستا چەند دۆسیەیەکی دیکەی لای ئێمە هەبووە، ئەمەش خەڵک دەزانێت، لەبارەی ئەوەی ئێمە لایەنگری بکەین بێگومان ئەوە ڕاست نییەو کارە یاساییەکان وەک خۆی جێبەجێدەکرێن».

# دانیال میتران دووان لەگرانترین قوتابخانەکان لە هەرێم دەکاتەوە

**سیروان عەول**

دانیاڵ میتران کەسایەتی ناسراوی فەرەنسا ڕۆژی ١٠/٤ گەیشتە هەرێمی کوردستان بۆ کردنەوەی دوو قوتابخانەی فەرەنسی لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی، وەکو بەشێک لەو خوێندگانەی بەزمانەکانی (ئینگلیزیو ئەڵمانیو تورکی) تێیدا دەخوێنرێت، بەڵام بەهۆی گرانیی نرخی ساڵانەی خوێندنەوە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵانی کەمدەرامەتو هەژار بێبەشن لەو خوێندنگایانە.

لە کوردستاندا چەندین قوتابخانەی بیانی، کە سەر بەکەرتی تایبەتن دەکرێنەوە، کە بە زمانەکانی تورکیو ئینگلیزیو فەرەنسیو ئەڵمانی تێیدا دەخوێندرێت، بەڵام بۆ ئەوەی منداڵانی هەژار بێبەش نەبن لەو خزمەتگوزارییانە، بەشێک لە شارەزایانی پەروەردە پێیانوایە؛ کە دەبووایە پێش پێدانی مۆڵەت بەو خوێندنگایانە وەکو مەرجێک داوایان لێبکرایە ژمارەیەک لە منداڵانی هەژارو کەمئەندام وەربگرن بەبێ بەرامبەر.


دانیاڵ میتران
فۆتۆ: سایتی پەیامنێر

محەمەد ئەحمەد بەڕێوبەری پەیوەندییەکان لە دیوانی بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی سلێمانیو سەرپەرشتیاری پسپۆڕیی قوتابخانەی فەرەنسی، ئاماژەی بەوەکرد، کە قوتابخانەی فەرەنسی بە بڕیارێک لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتی پەروەردەوە ڕەوانەی پەروەردەی سلێمانی کراوە، بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەکی فەرەنسی، کە بڕیارە لە پێنجشەممەی داهاتوودا بکرێتەوە، لەم خوێندنگەیەدا هەمان سیستمی فێرکردنی وڵاتی فەرەنسای تێدا جێبەجێ دەکرێتو لە (٢٣) وڵاتی جیهاندا (١٠٠) خوێندنگەی کردووەتەوە.

بۆ خوێندن لە قوتابخانەی فەرەنسیدا، هەر قوتابییەک ساڵانە (٢) هەزار دۆلار دەدات، پاش ئەوەی لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە هەڵسەنگاندنێک دەکرێت بۆ ئاستی زیرەکی قوتابییەکان.

ئەو بەرپرسەی پەروەردەی سلێمانی ئاماژەی بەوەشکرد، کە پێدەچێت لە ساڵی داهاتوودا بڕە پارەی خوێندن کەمبکرێتەوە، جگە لەوەی لە قوتابخانەی فەرەنسیدا چەند کورسییەک دانراوە بۆ منداڵانی ئەنفالو شەهیدو ئەو خوێندکارانەی ئاستی خوێندنیان زۆرباشە، بەڵام توانای داراییو بژێوییان لە ئاستی پێویستدا نییە.

یەکێکی دیکە لەو قوتابخانانە جونیەری بنەڕەتیە، کەتێیدا خوێندکاران بە زمانی ئینگلیزی دەخوێننو ساڵانە بە دووقیست بڕی (١) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ کرێی خوێندن، جگە لەوەی چەند کورسییەکی تایبەت دیاریکراوە بۆ کەسوکاری شەهیدان.

ڕەنج ئەحمەد عەبدولڕەحمان، بەڕێوبەری قوتابخانەی جونیەری نموونەیی ڕایگەیاند: ئەو بڕە پارەیەی کە دامانناوە نرخێکی گونجاوەو کەمترە لە خوێندگەکانی دیکەو ئەو خێزانانەی سەردانی ئێمەیان کردووە، ئەگەرچی هەندێکیان مووچەخۆری حکومەتن، بەڵام لە نرخەکەی ڕازییبوون.

قوتابخانەی شوەیفات، کە لقی لە شارەکانی سلێمانیو هەولێر هەیە، کرێی ساڵانەی خوێندن تیایدا (٤) هەزارو (٤٧٠) دۆلارەو خوێندن تیایدا بە زمانی ئینگلیزییە، مەرجی سەرەکی خوێندن لەو خوێندنگایەدا هەڵسەنگاندن دەکرێت بۆ ئاستی خوێندکارەکە لە وانەکانی (بیرکاریو ئینگلیزی).

شایی ڕەئوف، بەڕێوبەری نووسینگەی خوێندنگەی شوەیفات لە سلێمانی ڕایگەیاند: ساڵانە (٢٠) کورسی تەرخانکراوە بۆ منداڵانی کەسوکاری ئەنفالو شەهید، هەروەها ئەو منداڵانەی ئاستیان بەرزەو دەرامەتیان کەمە، جگە لەوەی بڕە پارەی خوێندن بە (٣) قیست وەردەگیرێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کتێبو جلوبەرگو هاتوچۆی قوتابییەکانو خواردنی ڕۆژانەیان.

# ـــی پرسیارەکان دەدەنەوە؟

(ی.ن.ک)و (پ.د.ک)، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، کە ئیدارەی کەرکوک لەماوەی ئەو شەش ساڵەدا چۆن بەڕێوەبراوە؟ پـاریـزگـای کـەرکـوک وەک هەر پارێزگایەکی دیکەی عێراق بودجەی ساڵانەی لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە بـۆ دابـیـنـکـراوەو بـودجـەکـەشـی وەرگـیـراوە، بـەڵام ئـەوەی جێگەی سـەرنـج بـووە سـەرەڕای ئـەو بێخزمەتییە هەر ساڵێک بەشێکی زۆر لە بودجەکەی گەڕێنراوەتەوە بۆ حکومەتی ناوەندیی‌و خەرجنەکراوە یان نەکراوە بە پرۆژە، دەبێت بپرسین بۆچی ئەو بودجەیە گەڕێنراوەتەوە؟ بۆ نەکراوە بە پرۆژە؟ کێ رێگربووە لـە بـە پـرۆژەبـوونـیـدا؟ کێشە ناوخۆییەکانی حیزبە کوردییەکان تاچەند رۆڵی لەم دۆخەدا هەبووە؟ دانیشتووانی کەرکوک چۆن لەو مەسەلە دەڕوانن؟ ئەو بەرپرسانە کێ لێیان دەپرسێتەوە؟ ئایا پێویست ناکات داواکاری گشتیی بیاندات بە دادگا لەسەر ئەوەی خزمەتیان بەپێی پێویست بە خەڵک نەکردووە؟



فۆتۆ: کۆچەر کەرکوکی

بەپێی دوایین راپرسیی دەستەی نەزاهە، ئیدارەی پارێزگای کەرکوک (کە ئیدارەیەکی کوردییە) گەندەڵییەکی زۆری تـێـدابـووەو وەک یەکەمین پارێزگا لە عێراقدا تۆمارکراوە، کـە بـەرتـیـلـخـۆریـی‌و گـەنـدەڵـیـی تێدایە، دەکرێت بووترێت کورد لە هەرشوێنێک ئیدارەی بەدەستەوە بـوو سـەرکـەوتـوو نـابـێـت؟ یان بەرپرسە کوردییەکان لە هەرشوێنێک بەرپرسبن ناتوانن خزمەت بکەن‌و سەرگەرمی کۆکردنەوەی سەروەت‌و سـامـانـن؟ پـەرپـرسـانـی ئـیـدارەی کەرکوک چۆن لەم پرسە دەکۆڵنەوە، سودی کورد چییە کە بەرپرسەکانی ئاوا نائیدارین؟ ئەمە ئەوەمان پێناڵێت کە ئەم بەرپرسانە دەبێت دان بەوەدا بنێن، کە جگە لە بازرگانیکردن نازانن ئیدارەدان چییە؟

یەکێتی‌و پارتی کە لەو شـارەدا لـەجـیـاتـی ئـــەوەی سـەرگـەرمـی خزمەتکردن‌و کوردایەتی بن‌و کورد نەڕەنجێنن‌و تورکمان‌و عەرەب بۆلای ئیدارەی کوردی رابکێشن، بەردەوام خەریکی حیزبایەتی‌و ململانێی حیزبیی بوون‌و ئەوەی لە هەرێمی کوردستان بە ناچاریی لەسەری رێکەوتوون‌و بوونە یەک حیزب، لە کەرکوک پێچەوانەیان کردووەتەوەو ململانێکانیان بەجۆرێک توندکردووەتەوە، جار هەبووە بەهۆی رێکنەکەوتن لەسەر ئەوەی سەرۆکی لیژنەیەک پارتی یان یەکێتی بێت زیاتر لە ساڵێک بێ سەرۆک لیژنەیەکیان هێشتووەتەوە.



لە شـاری کەرکوکدا بەجۆرێک لە گەندەڵیی‌و خراپ بەڕێوەبردنی ئـیـدارەوە تێوەگلاون، کە بەشێکی بەرپرسەکان ماڵێکیان لە کەرکوک‌و ماڵێکی سەرەکیشیان لە هەولێر یان سلێمانییەو لە هەفتەیەکدا چەند رۆژێک بۆ چەند سەعاتێک دەچنەوەو کەرکوک‌و باقی کاتەکەیان لە شارە ئارامەکان بەسەردەبەن، ئەوە لەکاتێکدا خەڵکەکەی بەهەموو نەتەوەکانەوە لـەژێـر رەحـمـەتـی توندوتیژیی‌و تەقینەوەدان.

ســـەرەڕای هـــەمـــوو ئـەمـانـە بەرپرسەکان بە خۆدەوڵەمەندکردنەوە سـەرگـەرمـن‌و بەشێکی زۆریـان هەوڵی داگیریکردنی چەندین پارچە زەوییان داوەو خانوویان بە زیادەڕۆ دروستکردووە.

ئێستا کورد لە ئیدارەدانی ئەو جۆرە بەرپرسانە ماندوو بووەو دەزانن کە سـوودی نییە چاککردنیان جگە لە گۆڕینیان، ئەو بەرپرسانە بەجۆرێک کارەکانیان خراپکردووە، کە تورکمان‌و عەرەبە رەسەنەکەی شارەکەشیان لە ئیدارەی کوردی کردووەو بەهەموو شێوەیەک دژی ئیدارەی کوردین.

جێی خۆیەتی بپرسین:

دوای شـەش سـاڵ ئـیـدارەدانـی کەرکوک، بەرپرسەکان چییان بۆ ئەو شارە کردووە؟

دوای ئەو هەموو ساڵە داگیرکردنی کورسییە سیادییەکانی ئەو پارێزگایە چەند خزمەتیان بە کورد کردووە؟

چیانکردووە بۆ ئـەوەی مەیلی نەتەوەکانی دیکەی وەک تورکمان‌و عەرەب بەلای کوردا رابکێشن؟

چـیـانـکـردووە بـۆ داهـاتـووی شارەکە؟

ئەو پرۆژە ستراتیژیانە چین کە لەو پارێزگایەدا ئەنجامیانداون؟

وەک شارێکی کـوردی، سیما کوردییەکانی ئەو شـارە چییان بۆ کراوە؟

لەسەر چ بەرنامەو بنەمایەک کاریانکردووە؟

ئـەو بـودجـەیـەی چـەنـد ساڵە وەریدەگرن چۆن خەرجیانکردووەو بۆچی بەشێکی لێ گەڕاوەتەوە؟

# یەکێتی کێشەکانی بۆ کەرکوک دەگوازێتەوە

# «یەکێتی‌و پارتی لە شەش ساڵی رابردوودا لە کەرکوک حیزبایەتییان کردووە، نەک کوردایەتی»

پشتیوان سەعدوڵڵا

**دوای ئەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاریدا چەند گۆڕانکارییەکی حیزبیی لە کەرکوکدا بکات، لە ئێستادا کێشەکانی نێو حیزبەکە قوڵتربوونەتەوەو هاوکات بە رای چاودێران‌و بەشێک لە کادیرانی یەکێتی ئەو گۆڕانکارییانە زیان بە مەسەلەی کەرکوک دەگەیەنێت.**

کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بڕیاری ژمارەیەک گـۆڕانـکـاریـی لـە پۆستە حیزبی‌و حکومییەکانی کەرکوکدا دەدات، کە زۆربەی بەرپرسانی سەر بەباڵی تاڵەبانی دەگرێتەوە.

دوای زنجیرە کۆبوونەوەکانی تاڵەبانی لە کەرکوک لە سەرەتای مانگی رابردوودا کۆسرەت رەسوڵ وەرەقەیەک بۆ گۆڕانکاریی لەناو ریزەکانی یەکێتیدا لە کەرکوک ئامادە دەکات‌و لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی سـەرکـردایـەتـی رۆژی (٢٠٠٩/٩/١٥)دا دەیخاتەڕوو، کە خۆی لە بەستنەوەی چەند مەکتەبێکی یەکێتی بە مەڵبەندی کەرکوکەوەو هەروەها لابردنی چەند بەرپرسێکی حکومیی‌و گواستنەوەی لێپرسراوی مەڵبەندی دبسی یەکێتی بۆ جێگری لێپرسراوی مەکتەبی رێکخستن دەبینێتەوە، بەڵام بەشێک لەو کەسانەی بڕیاری لابردنیان دراوە پێیانوایە، ئەو بڕیارە لەسەر بنەمایەکی هەڵە دارێـژراوەو دەبێتە هۆکاری قوولبوونەوەی کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی لە شارەکە.

مەکتەبی پەیوەندیی تورکمانی لە کەرکوک یەکێکی دیکەیە لەو دەزگایانەی بـڕیـاری بەستنەوەی بە مەڵبەندی کەرکوکەوە دراوە، بـەڵام بە وتەی لێپرسراوی مەکتەبەکە ئەو بڕیارەی سەرکردایەتی یەکێتی بڕیارێکی هەڵەیەو لە بنەڕەتەوە بنەمایەکی نادروستی هەیە.

رەمەزان حاجی رەشید، لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندیی تورکمانی یەکێتی لە کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو بڕیارە لە بنەڕەتەوە هەڵەیە، چونکە بڕیارەکە لەسەر ئـەو بنەمایە بوو، کە گوایە هەندێک کادیری یەکێتی لە کەرکوک یاداشتێکی نارەزاییان داوەتە کاک کۆسرەت‌و داوای گۆڕانکارییان لێکردووە، بەڵام ئەوە دروستکراوەو راست نییەو بۆ چەواشەکردنی بەڕێز جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتییە.

هەروەها ناوبراو ئەو گۆڕانکارییانەی ئێستای نێو حیزبەکەی بۆ بوونی ململانێ دەگەڕێنێتەوەو بە زیان بۆ مەسەلەی کەرکوکی ناودەبات، هەروەک دەڵێت: «ئێمە پێمانوتوون ئەو گۆڕانکارییانە لە قازانجی بارودۆخی کەرکوک نییەو زیـانـی هـەیـە، کـەرکـوک بریتی نییە لەو چەند بەرپرسە، پێویستە پرس بە هەموو کادیرەکان بکرێت، پاشان بڕیاری گۆڕانکاریی بدرێت، بۆیە ئێمە بەو گۆڕانکارییانە رازی نابین، ئەوە گۆڕانکاریی نییە، بەڵکو کێشەو ململانێی حیزبییەو کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات.

حەمەسوور دووشیوانی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکانی یەکێتی لـە کـەرکـوک، کـە بـڕیـاری بەستنەوەی مەکتەبەکەی بە مەڵبەندی کـەرکـوکـەوە دراوەو خـۆیـشـی پێشنیازکراوە بکرێتە لێپرسراوی مەڵبەندی دبسی یەکێتی، رایگەیاند: ئێمە پابەند دەبین بە هەر بڕیارێک لەلایەن کۆمیتەی سەرکردایەتییەوە بدرێت، لە ئێستادا رەنگە بڕیاری ئالوگۆڕی هەندێک کادیر درابێت، بەڵام هیچ مەکتەبێکی یەکێتی لە کەرکوک هەڵناوەشێتەوە.

بەڵام بە وتەی رەفعەت عەبدوڵڵا، لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکوکی یەکێتی، ئامانج لە گۆڕانکارییەکانی حیزبەکەی چاکسازیی حیزبییە، هەروەک رایگەیاند: رەنگە ئێمە وەکو یەکێتی لەگەڵ گۆڕانداین لە بەرامبەر ئەو بەرپرسە حکومییانەی کە کەمتەرخەمییان کردووە، بەڵام لەناو حیزبدا بڕیاردراوە چەند گۆڕانکارییەک بکرێت، بۆ نموونە لەوانە چەند مەکتەبێک بخرێنە سەر مەڵبەندی کەرکوک، ئەمەیش بە مەبەستی چاکسازیی ناو حیزبەکەیەو هەروەها دەمانەوێت لە کەرکوکدا یەک مەرکەزی بڕیار هەبێت، ئەویش مەڵبەند بێت.

چـاودێـران‌و شارەزایانی سیاسیی حیزبە کوردییەکان، «یەکێتی‌و پارتی» تۆمەتبار دەکەن، بەوەی «کەرکوکیان کردووەتە قوربانی بەرژەوەندیی حیزبی‌و پێیانوایە ئەو دوو حیزبە هیچیان بۆ کەرکوک نەکردووە».

عەلی سالەیی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، ئاماژە بەوە دەکات، لە سەرەتاوە داواکاریمان لە حیزبەکان ئەوەبوو لە ناوچەدابڕاوەکان‌و کەرکوک بەتایبەتی کـوردایـەتـی بکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوان لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا حیزبایەتییان کرد، نەک کوردایەتی، بەرژەوەندیی حیزبایەتییان خستە پێش بەرژەوەندیی کوردایەتی‌و کەرکوکێتی‌و کوردایەتییان لەبیرچوو، ئەم حیزبانەی ئێمە تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان لە کەرکوک کاریانکردووە، ئـەوەش کـوردی گەیاندە ئەمڕۆ، کە هەموو ئەنجامەکانی بە زەرەری کورد شکایەوەو لە بەرامبەریشدا نەیارەکانمان رۆژبـەڕۆژ بەهێزتر دەبن‌و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا پشتیوانییان زۆرتر دەبێت، کوردیش بەبێ خاوەن ماوەتەوە.

سەبارەت بە گواستنەوەی کێشەکانی یەکێتی بۆ کەرکوک، ساڵەیی وتی: «ئەو گۆڕانکارییانەی ئێستای یەکێتی لە کەرکوک من بە گۆڕانی نازانم، چونکە تەنیا گـۆڕانـی دەمـوچـاوەو گۆڕانی فیکرو «مەبدەء» نییەو بۆ بەرژەوەندیی حیزبەکەیە، لەبەرئەوە کوردی کەرکوک ئومێدی بەو گۆڕانە نییە، ئەو زیانەی حیزبە کوردییەکان بە شـەش ساڵ گەیاندوویانەتە کەرکوک، بە چوار رۆژ قەرەبوو ناکرێتەوە، مەگەر «موعجیزە» رووبدات.

ئیحسان نەجم، کەسایەتی کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: کێشەو ململانێی حیزبیی زیان بە کەرکوک دەگەیەنێت، چونکە دائیمەن حیزبەکان زیاتر بیر لە بەرژەوەندیی خۆیان دەکەنەوەو زۆر گوێ بە کێشەی شارەکە نادەن، نوێنەرانی کورد لە بەغدا بە جدیی کاریان بۆ مەسەلەی کەرکوک نەکردووە.

باسی لەوەشکرد، کێشەی کەرکوک بە هیچ حیزب‌و لایەنێک چارەسەر ناکرێت، بەڵکو تەنیا بە خەڵکی شارەکە چارەسەر دەکـرێـت‌و جگە لە کەرکوکییەکان، کەرکوک هیچ خەمخۆرێکی دیکەی نییە.

هاوکات ئیبراهیم خەلیل، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک‌و ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی، ئـەوە دەخـاتـەڕوو، هـەمـوو جۆرە ململانێیەکی حیزبی، زیانی بۆ شارەکە هەیەو لە رابردووشدا خەڵکی کەرکوک باجی ئەو جۆرە ململانێیان داوە».

# بەرپرسانی کورد لە کەرکوک چۆن وەڵام...

**لەماوەی (٦) ساڵی رابردوودا کورد لە کەرکوک باڵادەست بووە، بەشی زۆری پۆستە سیادییەکانی ئەو پارێزگایەی بەدەستەوە بووە، وەک پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاو بەڕێوەبەرانی پۆلیس و سەرۆکی شارەوانی و ژمارەیەک قایمقام و بەڕێوەبەری فەرمانگەکان، بەڵام ئایا ئەم پۆستانە تا چەند سوودیان بە کورد گەیاندووە؟**

**هیوا جەمال**

لە هەموو مفاوەزاتەکانی کوردو رژێمەکانی عێراقدا، کەرکوک و چەند ناوچەیەکی دیکە کێشەی سەرەکیی گفتوگۆکان و خاڵی شکست یان بنبەستی هەر گفتوگۆیەک زۆرینەی کات ئەو ناوچانە بوون، واتە ئەو ناوچانە هەم بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، وەک خاکێکی کوردی هەم بۆ رژێمەکانی عێراق وەک خاکێکی بەپیت و بەرەکەت و پڕ نەوت جێگەی گرنگی بوون.

لە چارەکی کۆتایی سەدەی رابردووەوە زۆرینەی ئەندامانی ئەو وەفدە کوردییانەی بەشدارییانکردووە لە گفتوگۆکاندا ئێستا لە ژیاندا ماون و هەر ئەوان لە زۆرینەی جارەکاندا دووبارەبوونەتەوە، ئەمە بەلایەکدا بووەتە هۆی قاڵبوونەوەی ئەندامانی وەفدەکان لەو جۆرە کێشانەداو بەلایەکی دیکەدا پێدەچێت بەشێکی شکستی گفتوگۆکانیان یەکلایەنە بەربکەوێت، بەڵام بەداخەوە تائێستا لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەنانە نییە تا هۆکاری شکستی گفتوگۆکان روونبکاتەوە، بەتایبەت ئەو شکستانەی کە وەفدە کوردییەکان هۆکاری بوون، لەپاڵ ئەمانەشدا بەدەگمەن ئەندامانی ئەو وەفدانەت دەستدەکەوێت کە شکستەکانیان دانپێدابنێت و سەرجەم شکستەکان دەخەنە سەر لایەنی بەرامبەر، بەوەی لایەنی بەرامبەر: لە مەسەلەی کورد تێنەگەیشتوون، نەیانویستووە کورد مافەکانی وەربگرێت، شۆڤێنی و نەتەوەپەرست بوون، دانیان بە بوونی کوردا نەناوە.... هتد.

دوای ئازادکردنی بەشێک لە خاکی کوردستانی عێراق لەژێر دەستی رژێمی بەعسی رووخاو و پێکهێنانی حکومەتێکی محەلیی و دروستکردنی ناوچەی ئارام و پاراستنی لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە، گفتوگۆکان ناوبەناو لەگەڵ رژێمە رووخاوەکە بەردەوام بوون، بەڵام کەرکوک و ئەو ناوچانەی ئێستا بە دابڕاو لە قەڵەم دەدرێن، هەمان کێشەی جاران بوون.

دوای رووخاندنی رژێمی بەعس لەلایەن ئەمریکاو هێزەکانی فرە رەگەزەوەو بە هاوکاریی کەمی پێشمەرگەش، بەتایبەت راستەوخۆ دوای رووخانەکە هێزی پێشمەرگە چوونە کەرکوک و ناوچەدابڕاوەکان و هەیمەنەی کوردییان تێدا نیشاندا، بەڵام ئەم هەیمەنەیە بۆ ئەمریکا قبووڵنەکراو داوا لە پێشمەرگە کرا ناوچەکان چۆڵبکات و بۆ هێزەکانی خۆیانی جێبهێڵن، ئیدی یەکەم هەڵەی دەسەڵاتی کوردی ئەوەبوو بە ئاسانیی ئەو داواکارییەیان قبووڵکردو ناوچەکەیان لە رووی چەکدارییەوە چۆڵکرد، بەڵام کورد زیادیکردو لە ناوچەکەدا مانەوە.

لەماوەی نزیکەی (٦) ساڵی رابردوودا کورد لە کەرکوک باڵادەست بووە، بەشی زۆری پۆستە سیادییەکانی ئەو پارێزگایەی بەدەستەوە بووە، وەک پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاو جێگرێکی و بەڕێوەبەری پۆلیس و پۆلیسی قەزاو ناحییەکان و بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتن و سەرۆکی شارەوانی و ژمارەیەک قایمقام و بەڕێوەبەری فەرمانگەکان، بەڵام ئایا ئەم پۆستانە تا چەند سوودیان بە کورد گەیاندووە؟

دیارە کەرکوک بەهۆی پشتگوێخستنییەوە شارێکی وێرانە بووەو لە هەموو خزمەتگوزارییەکی سەرەتایی بێبەشبووەو هێندەی گوندێکی خواپێداو خزمەت نەکراوە لەلایەن رژێمی بەعسەوە، بەڵام ئایا دوای رووخانی رژێمەکە تاچەند ئەومافەی بۆ گەڕاوەتەوەو خزمەتکراوە؟

ئیدارەی پارێزگای کەرکوک کە لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە بە دەست کوردەوەیە بەتایبەت بە دەست بەرپرسەکانی هەردوو حیزبەکە



# ئیحسان گلی، قایمقامی دەستلەکارکێشاوەی کەرکوک:
# حیزبە کوردییەکان رووی ئیدارەیان ناشرینکردووەو دەست لە هەموو کارێک وەردەدەن

**بەهادین یوسف**

**ئیحسان گلی، قایمقامی قەزای ناوەندی کەرکوک، دوای دەستلەکارکێشانەوەی رەخنە لە ئەدای پارێزگاو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەگرێت بەوەی نەیانتوانیوە نموونەیەکی جوانی دەسەڵاتی کوردی پیشانبدەن لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، ئاماژە بەوەش دەکات، کە حیزبە کوردییەکان دەستیان لە کاروباری ئیداریی وەرداوەو رووی ئیدارەیان ناشرینکردووە.**


هەفتەی رابردوو ئیحسان گلی، قایمقامی کەرکوک، بڕیاریدا دەرگای قایمقایمییەت دابخات و سەرجەم کاروبارەکانی رابگرێت وەک نارەزاییەک سەبارەت بەو بارودۆخەی لە کەرکوک درووستبووەو دەستوەردان لە کارەوبارەکانیان دەکرێت.

سەبارەت بە هۆکاری وازهێنانی بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو هەڵوێستە بۆ رەتکردنەوەی ئەو بارودۆخەیە کە بەسەر کەرکوکدا هێنراوەو ئیدارەی پارێزگاکە بێ دەسەڵات کراوەو هەر رۆژەو بەرنامەو سیناریۆیەکی لەسەر دادەنرێت و پێویستە نوێنەرانی سیاسیی و ئیداریی بەخۆماندا بچینەوەو بیرکردنەوەو رووئیای تازەمان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، زۆر مەسەلە هەبوو ئیدارەو ئەنجومەنی پارێزگا دەیانتوانی بە ئاسانیی چارەسەری بکەن لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، ئەگەر بەرپرسانی دەستپاک و خاوەن دەسەڵات و دڵسۆزو خاوەن جەماوەرمان هەبوایە».

گلی ئەوەشی رەتکردەوە هیچ جۆرە کێشەیەکی نەتەوایەتی لە کەرکوکدا هەبێت، جگە لە کێشەی داسەپێنراو: «کێشەی رەگەزی و نەتەوایەتی لەناو کەرکوکدا ئەسڵ و ئەساسی نییە، لەکاتێکدا قبوولی هەندێک سیناریۆ دەکەین بۆ دابەشکردنی دەسەڵات بۆ گۆڕانکاریی لە هەیکەلیەتی ئیداراتی کەرکوک بەم رێژەی ئەوەندە بۆ کوردو عەرەب و ئەم ئاراستەیە ئەنجامەکەی ئەوە دەبێت کە کەرکوک و خێزانی کەرکوک دەڕووخێنێت، رۆژێک لە رۆژان نەمبینیوە کێشەیەک ببێت لە کەرکوک لەنێوان کوردێک و عەرەبێک و تورکمانێک لەسەر بنەمای نەتەوەیی، ئەوانە بەرژەوەندیی سیاسییەو دەیانەوێت لەسەر کەرکوکی بسەپێنن، لەبەرئەوەی قیاداتی رێک و پێکمان نەبووە تێکەڵاوبوونێکی جەماوەریی لە دەورو پشتیان هەبێت، لەبەرئەوە ناتوانن هیچ حەرەکەیەک بکەن لەبەرئەوەی ژووری خۆیان قفڵ کردووەو بە کیتابناو کتابوکم کاردەکەن بێ ئەوەی هیچ نیگەرانییان هەبێت لەسەر بارودۆخەکە، هۆکارەکەیشی ئەوەیە بەرپرسی ئازاو خاوەن میسداقیەتمان نەبووە».

*** بە قسەکانتدا وا دەردەکەوێت کێشەی نەتەوەیی نییە لە کەرکوک و ئەوەی هەیە تەنیا ململانێ و ناکۆکی سیاسییە بۆ بەرژەوەندیی حیزبی و شەخسی؟**

– بەدڵنیاییەوە وایە کێشە لەسەر کێشە بۆ کەرکوکی دروستدەکەن، حاڵەتەکە گەیشتووەتە کارێکی وا کە قفلکراوەو هیچ



ئیحسان گلی

جوڵەیەکی تیادا نەماوە، نە دەستپێشخەریی دەبینین لەلایەن پارێزگارەوە، نە لە ئەنجومەنی پارێزگاوە ئەو ئەنجومەنە ئەوە پێنج بۆ شەش ساڵە کێشەیەکی بچووکی لە کەرکوک چارەسەر نەکردووە، کێشەکان زۆرترو خراپتر دەکەن، ناکۆکیی لەنێوان نەتەوەکاندا زیاتر دەکەن، جۆرە چارەسەرکردنێک دادەنێن بۆ کێشەی کەرکوک ئەو جۆرە چارەسەرکردنە مەترسیدارترین شتە بۆ کەرکوک ئەوە هەڕەشە لە کەرکوک و هەموو عێراق دەکات.

*** جگە لەکێشەی ئیداریی دەستوەردان هەبووە لە کاروبارەکانتان؟**

– یەکێک لە هۆکارەکانی وازهێنانمان ئەوەیە هەر لە سەرەتاوە ئیدارەو دەسەڵات و ئەنجومەنی پارێزگا هیچ رەسمێکی سیاسەتی خۆمانمان نەکردووەو هیچ هەماهەنگییەک و پەیوەندییەک نەبووە لە نێوانماندا، ئەوەش لە ئەنجامی ئەوەی ناکۆکیی هەبوو لەنێوان پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا، ئەمە بووە هۆی ئەوەی لە سەرەتای دوا خولی هەڵبژاردنەوە ئیدارەکردنی لیستی برایەتی بۆ پارێزگای کەرکوک بووە هۆی ئەوەی نەتوانین ئیدارەیەکی سەرکەوتوو لە کەرکوک دروستبکەین و ببینە نموونەی ئەوەی، کە بڵێین کورد لە کەرکوک شایەنی ئەوەیە ئیدارەیەکی سەربەخۆ بکات و شایەنی ئەوەین، کە یاساو دەستوور لە کەرکوکدا بچەسپێنین.

*** کەواتە هیچ هەماهەنگییەکیش نەبووە لەنێوان حیزب و لایەنەکانی لیستی برایەتی؟**

– لەنێوان حیزب و لایەنەکانی کەرکوک هەماهەنگی نەبووە، من دژی حیزبە کوردییەکان نیم، رەخنەم لە نوێنەرانیان لە کەرکوک هەیە، ئەو سیاسەتەی مام جەلال و کاک مەسعود هەیانەو بۆچوونی هەردووکیان بۆ کەرکوک و جۆری چارەسەرکردنیان بۆ کێشەکە، لەلایەن نوێنەرەکانیانەوە نەتوانراوە ئەوە تەرجومە بکرێت، چونکە نوێنەرانیان لە کەرکوک لە ئاست ئەو وتارەی خۆیاندا نین لە ئاستی عەقلیەتی سەرکردایەتیدا نیین.

*** لەگەڵ ئەوەی نەیانتوانیوە تەمسیلی وتاری سەرکردایەتی کورد بکەن، خۆیشیان ناکۆکییان هەبووە؟**

– بەو ناکۆکییەیان رووی ئێمەیان ناشرینکردووە، بە پێچەوانەوە حیزبە کوردییەکان رووی ئیدارەیان ناشرینکردووە، بەردەوام لە ململانێ بوونە لەسەر ئەو ئەساسەی، کە خۆیان دەسەڵات بن و قبوولی هیچ ئیدارەو مەسولی ئیدارەیەک ناکەن، تەدەخول دەکەن لە هەموو کارێکی ئێمە، کە دەبوو ئەوان هاوکارو پاڵپشتی ئێمە بوونایە.

*** بەڕەسمیی دەستلەکارکێشانەوەی خۆت داوەتە ئیدارەی کەرکوک؟**

– بەڕەسمیی دەستلەکارکێشانەوەم تەسلیم نەکردووەو وتوومە لەژێر سێبەری ئیدارەیەکی ئاوها ناتوانم هەستم بە ئەرکی خۆم و داوای لێبوردنم لە خەڵکی کەرکوک کردووەو وتوومە ناتوانم بگۆڕێم هەتا ئەم ئیدارەیەی ئێستا لە کەرکوک نەگۆڕێت، ئەمە هەڵوێستێکی عەفەوییە بێ ئەوەی بەرنامەو نەخشەم بۆدانابێت، یان کۆمەڵە خەڵکێکم لە پشت بێت، وەک کەرکوکییەک تەعبیرم کردووە لە ئیرادەو ویژدانی خەڵکی شارەکەو لە شەقامی کەرکوک بە هەموو نەتەوەکانەوە.

هەروەک ناگەشبینیی خۆی نیشاندا بۆ داهاتووی کەرکوک و وتی: «گەشبین نیم بۆ دوارۆژی کەرکوک پەیامم بۆ جەماوەری کەرکوک هەیە، پێویستە هەموو نەتەوەکانی کەرکوک بەرنامەیەکی تازەمان هەبێت بۆ ئیدارەی داهاتووی کەرکوک، کەرکوکیی گونجاو لە شوێنی گونجاو بێت، موحافزو سەرۆکی ئەنجومەن و بەڕێوەبەرەکان و بەڕێوەبەری مەرکەزو ئاسایش و دەزگا ئەمنییەکان خەڵکی کەرکوک بن و لە ئاستی ئەو مەسئولییەتە بن و خەڵکی دڵسۆزو بەتواناو دەستپاک و جێگەی رەزامەندیی خەڵکی کەرکوک بن.

# بەخشینی مەدالیا بە پێشمەرگە، بووە هۆی خۆپیشاندان

ئا: شالاو فەتاح

## ئێن.پی.ئار: ئەسیل نوجێفی داوا لە کورد دەکات موسڵ چۆڵبکەن

پرۆپۆزەڵی رای ئۆدێرنۆ، فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ پێکهێنانی هێزێکی یەکگرتووی عـەرەبو کوردو ئەمریکی، دەستبەجێ لەلایەن کوردەکانەوە پێشوازی لێکرا، بـەڵام هەر ئەم پێشوازیکردنەی کوردەکان بەس بوو بۆ ئەوەی سەرکردە عەرەبەکان دژی بوەستنەوە. ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری نەینەوا هەموو بیرۆکەیەکی دانانی هێزێکی کوردی لە موسڵ ڕەتکردەوە، تەنانەت لەگەڵ بوونی ئەو هێزانە لە رابـردوودا، بەڵام چیدی بوونیان لە موسڵدا قبووڵ ناکرێت. لەمبارەیەوە نوجێفی دەڵێت، «هیچ کەس داوای لەوان نەکردووە بێن، بەڵام ئێستا داوایان لێدەکەین بڕۆن». سەرکردە عەرەبەکان لەوە دەترسن کە بوونی هێزی هاوبەش ڕێگە بۆ کوردەکان خۆشبکات کۆنترۆڵی هـەزاران لادێو شارۆچکە بکەن، نوجێفی بانگەشەی ئەوە دەکات کە کوردەکان عەرەبەکانیان چەوساندووەتەوە، بەڵام کوردەکانیش دەڵێن، ئەوان بۆیە چوونەتە موسڵ، تا کوردەکانی ئەو ناوچانە نەچەوسێنرێنەوە. لەگەڵ نارەزایی زۆرێک لە بەرپرسانی عەرەبەکانیشدا، بەڵام هێشتا بیرۆکەی پێکهێنانی هێزێکی هاوبەش لەلایەن ئەمریکییەکانەوە پشتگیریی لێدەکرێتو یەکێک لە راوێژکارەکانی نوری مالیکیش پێکهێنانی هێزی هاوبەشی بە گونجاوترین بژارە دانا بۆ پاراستنی عەرەبو کوردەکان لە دروستبوونی ململانێ.

## میدڵ ئیست ریپۆرت: فوئاد حسێن: سوپای ئێستای عێراق بە زمانی بەعس دەدوێت

بوونی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەی خانەقین رووبەرووی نارەزایی زۆر بووەتەوە، سوپای عێراق دەیەوێت کۆنترۆڵی گشت ناوچەجێناکۆکەکان بکاتو کوردەکانیش داوای ریفراندۆم دەکـەن بۆ ئەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە یەکلایی بکرێنەوە، ئەوەی دەبینرێت ئەوەیە کە کوردەکان ترسیان لە سوپای عێراق هەیە، لەمبارەیەوە فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم دەڵێت، «خۆم خانەقینیم، بینیومە سوپای پێشتر چییان بە کوردەکان دەکـرد، ئەمەی ئێستاش بەهەمان زمان دەدوێـت»، بەڵام فەرماندەی سوپای عێراق لە خانەقین ڕەتیدەکاتەوە کە ویستبێتیان کێشە دروستبکەنو دەڵێت، تەنانەت بڕیاری چوونە ناو شاری خانەقینیان پێ نییە، ژەنەراڵ مونعیم هاشم فەهد لە درێژەی قسەکانیدا وتی، «پرسیاری ئەوەم کرد کە ئایا دەکرێت سەردانی شارەوانیی خانەقین بکەم، وتیان (بەرپرسان) نەخێر، ئەوە تەنیا کێشە دروستدەکات». جگە لە ڕەخنەگرتن لە سوپای عێراق، کوردەکان کەسایەتی مالیکی بە بارگاوی بە حەزی دیکتاتۆرییەت تۆمەتبار دەکەن، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێم دەڵێت، «ساڵی پار لە کاتی دروستبوونی کێشەی خانەقیندا ویستمان پەیوەندیی بە مالیکییەوە بکەین، بەڵام وەڵامی نەدایەوە، بەیانییەکەی وتیان خەوتووە، پاشنیوەڕۆکەی وتیان بەڕۆژووە».

## زەمان: بەخشینی مەدالیا بە پێشمەرگە، بووە هۆی خۆپیشاندان

هەزاران خوێندکاری شاری موسڵ خۆپیشاندانیان کرد لەدژی بوونی هێزەکانی پێشمەرگە لەو شارەدا. خوێندکارەکان زۆربەیان خوێندکاری ناوەندیی و ئامادەیی بوونو داوای کشانەوەی دەستبەجێی «میلیشیا»یان دەکرد لە موسڵ. سەرچاوەیەکی بەرپرس کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات وتی، خۆپیشاندەران دەیانەوێت هێزە حکومییەکانی عێراق لەجێی پێشمەرگە دابنرێن. موسڵ یەکێکە لە شارە گەورەکانی عێراقو توندوتیژیی لەو شـارەدا هێشتا بەردەوامە، سەرباری کوژرانو برینداربوونی هەزاران کەس، حکومەت نەیتوانیوە هیچ کەسێک بباتە بەردەم دادگا. دانیشتووانی موسڵ بوونی توندوتیژیی بۆ کوردەکان دەگێڕنەوە، بەڵام کوردەکان بنەبڕانە ڕەتیدەکەنەوە کە ئـەوان هۆکاربن. دوایین چالاکی ئەمریکییەکان، پێبەخشینی چەند مەدالیایەکی رێزلێنان بوو بە چەند بەرپرسێکی پێشمەرگە لە باکووری موسڵ، ئەم بۆنەیە بووە هۆی کاردانەوەی عەرەبەکانو دروستبوونی ئەو خۆپیشاندانەی خوێندکاران.

## ڕۆیتەرز: عێراق هەڕەشە لە گەورەترین کۆمپانیای نەوتی چینی دەکات

کۆمپانیای سینۆپیک کە گەورەترین کۆمپانیای چینییە، دەیەوێت بەردەوامبێت لە چالاکییەکانی لە کوردستان، بەڵام حکومەتی عێراق ئەو کۆمپانیایە ئاگاداردەکاتەوەو وەزیری نەوتی عێراقیش هەڕەشەی ناونووسکردنی ئەو کۆمپانیایە دەکات لە لیستی ڕەشدا. لە حوزەیرانی ٢٠٠٩دا کۆمپانیای سینۆپیکی چینی بەپێدانی ٧,٤ملیار دۆلار بە کۆمپانیای ئەداکس توانی چالاکییەکانی لە باکووری عێراقو لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دەستپێبکاتو ئەم بۆندەش ئارەزووی زۆری کۆمپانیا چینییەکانی دەرخست بۆ کارکردن لە کوردستان. کێشەکە لەوەدایە کە تائێستا ئەو کۆمپانیایانە پارەی کارکردنیان پێ نەدراوە، حکومەتی هەرێم پارەدانی ئەو کۆمپانیایانە بە ئەرکی حکومەتی عێراق دەزانێتو عێراقیش ئامادە نییە پـارەی ئەو کۆمپانیایانە لە دەرەوەی ١٧٪ی پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق بدات، ئەمە جگە لەوەی بەغدا بە نایاسایی دەزانێت کە هەرێمی کوردستان مامەڵە بە نەوتو گازەوە بکاتو بۆندی لەوجۆرە مۆربکات.

## بلومبێرگ: ئۆدێرنۆ: نامانەوێت نێوانی کوردو عەرەب خراپتر بێت

ژەنـــەراڵ رای ئـۆدێـرنـۆ، فـەرمـانـدەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق رایگەیاند، دەکرێت تا کۆتایی ئۆکتۆبەر بەشێک لە هێزەکانی ئەمریکا کەمبکاتەوەو لـەبـارەی پاڵنەری کەمکردنەوەی هێزەکانەوە ئۆدێرنۆ دەڵێت، عێراقییەکان رایانگەیاندووە کە دەتوانن ناوچەکانی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن، لەگەڵ تەئکیدکردنەوە لە کشانەوەی ڕێکخراوی هێزەکانیان، ئۆدێرنۆ پاڵپشتیی خۆیانی بۆ پاراستنی عـەرەبو کورد لە ململانێ دووپاتکردەوەو وتی، نامانەوێت ئەو پێشکەوتنەی کە درووستبووە لەدەستبچێت. ئۆدێرنۆ کێشەی نێوان کوردو عەرەبی بە گەورەترین نیگەرانی داناو هیوای خواست کە هەڵبژاردنەکانی ساڵی کانوونی دووەمـی ساڵی داهاتوو ببێتە هۆی باشترکردنی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لەنێوان کوردو عەرەبو سوننەو شیعەدا، ئۆدێرنۆ وتی، هێشتا پێموایە کێشەی کوردو عەرەب کێشەی یەکەمی عێراقەو دەبێت هەرچۆنێک بێت چارەسەر بکرێت. ئۆدێرنۆ خەریکی رازیکردنی هێزەکانی پێشمەرگەو سوپای عێراقە بۆ کارکردن پێکەوە بۆ پاراستنی ناوچەجێناکۆکەکانو لەبارەی هۆکاری توندوتیژییەکانیشەوە ئۆدێرنۆ وتی، بەداخەوە هێشتا ئێران راهێنان بە چەند چەکدارێک دەکاتو دەیاننێرێت بۆ عێراق.

## نینۆس پلەیس: عێراق داوای پێداچوونەوەی کێشەی دی.ئێن.ئۆو حکومەتی هەرێم دەکات

چەند پەرلەمانتارێکی عێراقی داوای زانیاری دەکەن لەسەر کێشەی نێوان کۆمپانیای دی.ئێن.ئۆی نەرویجیو حکومەتی هەرێمی کوردستان. عەلی حەسەن بەلو، بەرپرسی لیژنەی نەوتو گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند، کۆبوونەوەیان لەوبارەیەوە کردووەو داوایان لە حکومەتی هەرێم کردووە، ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات. بەلو وتی، «لیژنەی نەوتو گاز داوای لە حکومەتی هەرێمو وەزیـری سامانە سروشتییەکان کردووە کە ڕوونکردنەوەی تەواو بدەن». حکومەتی هەرێمی کوردستان کارەکانی کۆمپانیای دی.ئێن.ئۆی نەرویجی بۆ ماوەی شەش هەفتە ڕاگرت، ئەمەش دوای ئەوەی پشکە فرۆشراوەکانی کۆمپانیاکە ئاشکرا کرانو حکومەتی عێراقیش لەم کەیسەدا کەمترین بەشداری هەبووە، جابر خەلیفە جابر، پەرلەمانتاری عێراقو ئەندامی لیژنەی نەوتو گاز لەبارەی هۆکاری بەشداریکردنیان لە کێشەکەدا وتی، دی.ئێن.ئۆ لەسەر خاکی عێراق کاردەکاتو نەوتی عێراقییەکان دەردەهێنێت، بۆیە مافی خۆمانە بزانین کێشە چییە. بەغداو هەرێم لەسەر کێشەی نەوت ناکۆکییەکی زۆریان لەنێواندایە، چونکە بەغدا هەر لە بنەڕەتەوە مامەڵەکردنی هەرێم بە نەوتی ئەو پاڵاوتگانەو مۆرکردنی بۆندەکان بە نایاسایی دەزانێت.



هێزی پێشمەرگە

فۆتۆ: ئەلەند مەحوی

# هەڵبژاردنی پورتوگال (٢٠٠٩)

ئا: شالاو فەتاح

## لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەمساڵدا پارتی سۆشیالیست بردییەوە

پارتی سۆشیالیست کە سەرۆک وەزیران خۆسێ سۆکرات سەرۆکایەتی دەکات، توانی هەڵبژاردنەکە بباتەوەو ٣٦,٥٦٪ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت، ئەمە لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥دا ٤٥٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناو توانی ١٢١کـورسـی لەکۆی ٢٣٠کـورسـی ئەنجومەنی کۆمار بەدەستبهێنێتو بەهێزترین ئۆپۆزسیۆنیش کە پارتی سۆشیال دیموکراتە توانی ٢٩,٠٩٪ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت. سۆکرات ئەمەی بە سەرکەوتنێکی گەورە لەقەڵەمداو وتـی «خەڵکی پورتوگال، بێ دوودڵی نوێنەری خۆیان هەڵبژاردو ویستیان پارتی سۆشیالیست بەردەوامبێت لەسەر حوکمکردنی، بەڵام پارتەکەی سۆکرات نەیتوانی زۆرینەی ڕەها بەدەستبهێنێت». براوەترین پارتی هەڵبژاردنەکەش بە پارتی خەڵکی موحافیزکار دادەنرێت، ئەمەش دوای ئەوەی توانی ٢١کورسی ئەنجومەنی کۆمار بباتەوە، لەکاتێکدا تەنیا ١٢کورسی لە ئەنجومەنی پێشوودا هەبوو. ئەم ئەنجامەش لێکدەدرێتەوە بەوەی کە هەندێک لە سۆشیالیستەکان رازی نەبوون بە پرۆگرامی سۆکراتو نەیانویستووە دەنگ بە چەپو کۆمۆنیستەکان بدەن، بۆیە پارتی خەڵکی موحافیزەکاریان هەڵبژاردووە بۆ دەنگدان. لەبارەی پێکهێنانی حکومەتەوە، سۆکرات رایگەیاند، کە جارێ زۆر زووە بۆ باسکردنی چۆنێتیی پێکهاتەی حکومەتی نوێو شارەزایانیش پێیانوایە، کە پارتی سۆشیالیست هەوڵدەدات حکومەتێکی کەمینە پێکبهێنێت، نەک هەوڵی رازیکردنی پارتی سۆشیالیست دیموکرات بدات بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە.

## سیستمی هەڵبژاردنی پورتوگال

کۆماری پورتوگال هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە ٢٧ی سێپتەمبەری ئەمساڵدا ئەنجامدا، گرەوی هەڵبژاردنەکەش لەسەر ٢٣٠کورسی پەرلەمان یان (ئەنجومەنی کۆمار) بوو. سـەرۆکـی وڵات بـە زۆریـنـەی ڕەهـاو بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێت، ئەگەر هیچ کاندیدێک نەیتوانی زۆریـنـەی ڕەها بەدەستبهێنێت، ئەوا دەنگدان بۆ جاری دووەمو لەدوای دوو هەفتە ئەنجامدەدرێتەوە. سەرۆک وەزیرانیش بۆ ماوەی چوار ساڵ، ئەنجومەنی کۆماریش بە سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی هەڵدەبژێردرێنو شێوازی هەڵبژاردنیش داخـراوە. لەئێستادا پارتە سەرەکییەکانی پورتوگال بریتین لە: پارتی سۆشیالیست، خۆسێ سۆکرات سەرۆکایەتی دەکات، پارتی سۆشیال دیموکرات کە پێدرۆ میگوێل سانتانا لۆپێز سەرۆکایەتی دەکات، پارتی کۆمۆنیستی پورتوگال، جیرۆنیمۆ دیسۆسا سەرۆکایەتی دەکـات، پارتی گـەل کە پۆولۆ پۆرتاس سەرۆکایەتی دەکـاتو پارتی بلۆکی چەپ کە فرانسیسکۆ لۆوچا سەرۆکایەتی دەکات. بەپێی سەرژمێرییەک کە لە مانگی حەوتی ئەمساڵدا ئەنجامدراوە، ژمارەی هاوڵاتییانی پورتوگال، ١٠,٧٠٧,٩٢٤کـەسـەو یاسای پورتوگال بە مافی هەموو هاوڵاتییەکی هەژدە ساڵی دەزانێت دەنگبدات، هەموو هاوڵاتییەکی تەمەن ٢١ساڵیش بۆی هەیە کاروباری گشتی بەڕێوەبەرێت. هاوڵاتییانی پورتوگال ئازادن لە دەنگداناو مافی پێکهێنانی دەستەو گروپو حیزبی سیاسیش دابینکراوە.

زانیاری لە (کەنتری ستەدیس، وۆڵد ئیلێکشنز، شینخوای چینی) وەرگیراوە.

# یاسای پارتە سیاسییەکانی عێراق پەکدەخرێت

## هەندێک حیزب نایانەوێت سەرچاوەی داراییان ئاشکرا بکەن

ڕۆژنامە

یاسای پارتە سیاسییەکانی عێراق لە ئەنجومەنی نوێنەران پەکیدەکەوێت‌و پەرلەمانتارێکیش پێیوایە، ئەو حیزبانە دەیانەوێت یاساکە دەرنەچێت‌و نایانەوێت سەرچاوەی داراییان ئاشکرا بکەن.

زیاتر لە ساڵێکە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی پرۆژەیاسای پارتە سیاسییەکانی ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەران کردووە بە مەبەستی تاووتوێ‌و پەسەندکردنی، بەڵام تائێستا ئەو یاسایە یەکلایی نەکراوەتەوە، سـەرەڕای ئـەوەی لیژنەیەکی تایبەتیش لە کوتلە سیاسییەکان پێکهێنراوە بۆ چاوخشاندنەوە بە تێبینی لایەنەکان لەسەر یاسایەکە، بەڵام دەنگوباسی ئەو یاسایە لە لیژنەی یاسایشدا نەماوە.

لەوبارەیەوە زوهێر خۆشناو، ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پرۆژەیاسای پارتە سیاسییەکانی عێراق لە لیژنەی یاسایی باسی لێوەناکرێت‌و وەستێنراوە، بەتایبەت کە بەهۆی کێشەی یاسایی هەڵبژاردنەکانەوە ئەو دۆسیەیە دواخراوە».

وەستاندنی ئەو یاسایە لە کاتێکدایە کە لە عێراقدا یاسایەکی مۆدێرنی پارتە سیاسییەکان نییەو بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنـامـەش ئـەو پـرۆژەیـاسـایـە چەند ناکۆکییەکی لەنێوان لیستەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لایەکو ئەو لیستانەو حکومەت لەلایەکی دیکەوە دروستکردووە، بەتایبەت ئەو مادانەی پەیوەندییان بە ئاشکراکردنی بڕی پـارەو سەرچاوەی داهاتی دارایـی پارتە سیاسییەکانی ناو


ئەحمەد ئەنوەر

پەرلەمانەوە هەیە، ڕێگاش بە بەکارهێنانی مینبەری مزگەوت‌و پێگە ئایینییەکان نادات کە بۆ چالاکیی حیزبی‌و سیاسیی بەکاربهێنرێن.

یاسای پارتە سیاسییەکانی عێراق لە باری بەرێکردنیدا بەسەر ئەو پارتە سیاسییانەی هەرێمیشدا جێبەجێدەکرێت کە بەشدارییی لە هەڵبژاردنی گشتیی عێراقدا دەکەن‌و دەرنەچوونیشی بە ڕای هەندێک ترسی دارایـی لە پشتەوەیە، بەتایبەت کە ئەنجومەنی وەزیـران ناچاردەکات بودجە بداتە ئەو حیزبانەی لە پەرلەماندا نوێنەریان هەیە. د.ئەحمەد ئەنوەر، ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاماژە بەوە دەکات، کە یەکێک لە


ئازاد چالاک

بەربەستەکانی بەردەم دەرنەچوونی ئەو یاسایە، ئەو لیستانەن کە لە حکومەتدا بەشدارن، بەوپێیەی بە وتـەی ناوبراو نـایـانـەوێـت حـکـومـەت پــارەی پارتە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان بدات. بە ڕای هەندێکی دیکەش ئەو حیزبانە ڕێگرن لە دەرچوونی یاسای پارتە سیاسییەکانی عێراق، کە نایانەوێت داهات‌و سەرچاوەی دارایی خۆیان ئاشکرابکەن.

ئازاد چالاک، ئەندامی لیژنەی نەزاهە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاماژە بەوە دەکات؛ دەرچوونی ئەو یاسایە حساباتی حیزبەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە پارەکەیان لە کوێوە دەستدەکەوێت‌و ئـەوەشـی بـە یـەکـێـک لـە «هـۆکـارە


زوهێر خوشناو

سەرەکییەکان»ی ڕێنەدان بە دەرنەچوونی یاسای پارتە سیاسییەکانی عێراق لە قەڵەمداو وتی: «ئەو یاسایە پرسیاری ئەوە دەهێنێتەکایەوە کە ئایا پارتە سیاسییەکانی عێراق پارە لە شوێنی دەرەکیی یان لە لایەنی نهێنییەوە وەردەگرن یان نا؟»

بڕیاردەرێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش پێیوایە، لیستە بەشداربووەکانی حکومەتی عێراقی پرۆژەیاسایەکە بە یاسا هاوشێوەکانی حیزبی بەعس دەچوێنن، محەمەد بەیاتی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «پرۆژەیاساکە گەڕێنراوەتەوە بۆ حکومەت تا بە ڕای لیستە بەشداربووکانی حـکـومـەت گـۆڕانـکـاریـی تێدابکرێت بەشێوەیەک کە لەگەڵ واقیعی ئێستای



محەمەد بەیاتی

عێراقدا بگونجێت‌و حیزب لەژێر ڕکێفی ئەنجومەنی وەزیران دەربهێنرێن، کە بەپێی پرۆژەیاساکە حکومەت پارەی حیزبەکان دەدات».

بەیاتی ئاماژەی بەلایەنێکی «ئیجابیی» دەرچــوونــی پـــرۆژەیـــاســـای پـارتـە سیاسییەکانی عێراق کـرد، کە لایەنی دارایـی حیزبەکانەو ڕایگەیاند «بەپێی ئەو پرۆژەیاسایە دەبێت سەرجەم پارتە سیاسییەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەران ئەستۆپاکیی دارایی خۆیان بکەن‌و دەبێت حکومەت بودجەیان بۆ دابینبکات، ئەمەش ڕێ لە پارتە سیاسییەکان دەگرێت کە پەنا بەرنە بەر ڕێکخراوو لایەنی دەرەکیی بۆ پارەدارکردنی پارتەکەیان».

# چارەنووسی یاداشتەکەی حیزبی ئیسلامیی‌و یەکێتی‌و پارتی دوای هاشمی

## هاشم تایی: ئێمە دۆڕاوی ئەو یاداشتەین‌و پێیدا دەچینەوە


بارزانی، تاڵەبانی‌و هاشمی لە کاتی ئیمزاکردنی یاداشتی لێکگەیشتن

هەستیار قادر

سەرکردایەتی حیزبی ئیسلامیی عێراقی بەو پەیماننامەی لێکگەیشتنەدا دەچنەوە کە لە سەردەمی هاشمیدا لەگەڵ یەکێتی‌و پارتیدا ئیمزایانکردووەو، ئەندامێکی ئەنجومەنی شورای ئەو حیزبەش ئاماژە بـەوە دەکـات؛ «بەهۆی ئـەو یاداشتەوە تووشی ڕەخنەبوون‌و لیستی هاوپەیمانیش پشتی تێکردوون».


لــەدوای لادانــی تـاریـق هاشمی لە سەرکردایەتیکردنی حیزبی ئیسلامیی‌و دواتر دەرچوونی لە حیزبەکەو پێکهێنانی لیستێکی نوێ مقۆمقۆ سەبارەت بە کارەکانی قۆناغی هاشمی لە حیزبی ئیسلامیداو ئاستی بەردەوامبوونی دروستبووە بەتایبەت یاداشتی لێکگەیشتنی نێوان ئەم حیزبەو هەریەک لە یەکێتی‌و پارتی، کە لە کۆتایی سالی (٢٠٠٧)دا لە هاوینەهەواری دوکان ئیمزایانکرد کە ناوەڕۆکی ئەو پەیماننامەیەو سوودو شێوازەکەی ناکۆکی لەنێوان باڵی تاریق هاشمی‌و باڵەکای دیکەی نێو حیزبی ئیسلامیی دروستکردبوو.

هاشم تـایـی، ئەندامی ئەنجومەنی شورای حیزبی ئیسلامیی عێراقی، پێیوایە؛ پەیماننامەی لێکگەیشتنەکەیان لەگەڵ یەکێتی‌و پارتیدا بەشێوەیەکی عەمەلیی بەتایبەت لە سنووری پارێزگای موسلدا هیچی لێ سەوز نەبووە، هەر بۆیە بەهۆی ئەو پەیماننامەیەوە ڕووبەڕووی نارەزایی زۆری لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی ئـەو شـاره بـووەتـەوەو وتیشی: وەک نوێنەرانی موسڵی حیزبی ئیسلامیی بە بەرپرسانی لیستی هاوپەیمانیمان وتووە، کە بۆیە یاداشتی لێکگەیشتمان ئیمزاکرد تا هاوڵاتییان دەەرئەنجامەکەی ببینن، بەڵام وانەبوو خۆدزینەوەی بەرپرسە باڵاکانی کوردیش لەو یاداشتەو جێبەجێنەکردنی وای لە بەرامبەرەکانمان کرد ڕەخنە لە ئێمەو لە ئەوانیش بگرن».

ئەو بەرپرسە باڵایەی حیزبی ئیسلامیی نموونەی کێشەی نێوان لیستی حەدبای حوکمداری ئیدارەی موسڵ‌و برایەتی پـەڕاوێـزخـراوی بە نموونەی شکستی ڕۆڵنەبینینی ئەو یاداشتی لێکگەیشتنە هێنایەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکەی نێوان ئەو دوولایەنەو وتی: «من پێموانییە ناوەڕۆکی یاداشتی لێکگەیشتنی نێوان حیزبی ئیسلامیی‌و یەکێتی‌و پارتی چارەسەرێکی بۆ کێشەی نێوان لیستی حەدباو برایەتی تیابێت کە ئێستا لە موسڵ بەدیدەکرێت».

دەرئەنجامی پەیماننامە لێکگەیشتنەکەی حیزبی ئیسلامیی (قۆناغی هاشمی) و یەکێتی‌و پارتی وای لە بەرپرسانی بـاڵای نوێی حیزبی ئیسلامیی کردووە، کە بە ناوەڕۆکی ئەو ڕێکەوتنەدا بچنەوەو لەوبارەیەشەوە ئەندامەکەی ئەنجومەنی شورای حیزبی ئیسلامیی پێیوایە «لایەنی دۆڕاو» لەو پەیماننامەیە حیزبی ئیسلامییەو لەگەڵ ئەوەشدا لیستی هاوپەیمانی کوردستان نەیتوانیوە بەرگرییان لێبکات‌و وتی: «مەکتەبی سیاسیی حیزبی ئیسلامیی عێراق لە هەوڵدایەو دەیەوێت کۆبوونەوەیەکی باڵا لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی هەرێمی کوردستان لە سەرۆکی هەرێمەوە تا مەکتەبی سیاسیی دوو حیزبە گەورەکە ئەنجامبدات بە مەبەستی دەستکاریی‌و هەمووارکردنی واقیعی ناوەڕۆکی یاداشتی لێکگەیشتنەکەی نێوانمان».

# ـــارەسەربکات



پێشینەکەیان وەرگـرتـووەو هەندێکیشیان نیوەیان وەرگرتووەو نیوەکەی دیکەی ماوە وەریبگرێت‌و تائێستاش بڕی ١٠٢ملیارو ٥٠٠ملیۆن دینار لە ڕێگەی بانکی خانووبەرەوە بەمەبەستی پێدانی پێشینە بە هاوڵاتییان خەرجکراوە».

### پێدانی پێشینەی خانوبەرە بۆ ناوشارەکان ١٢ملیۆن دینارو بۆ دەرەوەی شارەکانیش ٩ملیۆن دینارە

دەربارەی ئەوەش کە گوایە دەنگۆی ئەوە هەیە کە پێشینەی خانووبەرە بکرێتە ٢٠ملیۆن دینار، بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرە باسی لەوەکرد، تائێستا هیچ بڕیارێکی ڕەسمییان لەوبارەیەوە بەدەست نەگەیشتووە.

سندوقی نیشتەجێبوونیش بەپێی بڕیاری ژمارە٤٥ لـە٢٠٠٨/٨/٢١دا ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان لە ڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووە.

بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرە ئاماژەی بەوەکرد، پێشتر خەرجکردنی پارەی سندوقی نیشتەجێکردن لە ڕێگەی بانکی خانووبەرەوە دەدرا بە هاوڵاتییان‌و بۆ ئەو مەبەستەش ٣٧٣٢ مامەڵە لەلایەن هاوڵاتییانەوە پێشکەش کراوەو تائێستاش ٢٨٠٠چەکی پارە بۆ هاوڵاتییان کراوەو بڕی ٣١ملیارو ٤٨٠ملیۆن دۆلاریش لەسەرمایەی سندوقەکە بۆ هاوڵاتییان خەرجکراوەو ئێستا بەڕێوەبەرێتییەک بە ناوی بەڕێوەبەرێتیی سندوقی نیشتەجێبوونەوە دروستکراوە.

بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون لـەشـاری مـۆمـبـای، پڕۆفیسۆر سیکنیک ئەزموونێکی سەرکەوتووی بەکارهێنا، ئەوەش ئەوەبوو کە خەڵکانی هـەژاری کۆکردەوەو پێیڕاگەیاندن، ڕۆژانە ١٠ تا ٥٠ سەنت کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی بەهاوکاری حکومەت توانای دارایی ئەو هەژارانە بەرزبکرێتەوە، ئەوەبوو لە ڕێگەی ئەو بەرنامەیەوە توانرا کێشەی نیشتەجێبوونی ١٨ملیۆن هاوڵاتی چارەسەربکرێت، بەڵام دوای ١٨ساڵ لە پێکهێنانی حکومەتی هەرێم‌و بوونی بودجەیەکی گەورەی ساڵانە، تائێستا نەتوانراوە کێشەی نیشتەجێبوون لەکوردستان چارەسەربکرێت.

د.خالید دەلـۆیـی، ئەندامی مونتەدای ئابووریی کوردستان لە لێدوانێکیدا ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو «کێشەی کوردستان لە بواری نیشتەجێبووندا ئەوەیە کە سوود لەئەزموونە نێودەوڵەتییەکان وەرنەگیراوەو نێتوۆرکێک لەنێوان دەسەڵات‌و هاوڵاتییان یان حکومەت‌و دنیای دەرەوە دروست نەکراوە بۆچارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون».

دەلۆیی، ئەوەشی ئاشکراکرد، کە «ئێستا دەیان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هەن کە ئامادەن یارمەتی داراییان بدەن بۆ ئەوەی ئەو نەخشە ستراتیژییەی ئێمە بۆ قەیرانی نیشتەجێبوون دایـدەڕێـژیـن، جێبەجێی بکەین»، هەربۆیە پێویستە حکومەت بیر لە داڕشتنی پلانی ستراتیژیی نیشتەجێبوون بکاتەوە.

لەماوەی ساڵێکدا ١١هەزارو ٦٠٠هاوڵاتی لە قەرزی خانووبەرەو ٢٨٠٠هاوڵاتیش لەقەرزی سندوقی نیشتەجێبوون سوودمەندبوون، بەڵام ئەندامەکەی مونتەدای ئابووریی پێیوابوو «ئەوسیستمانە ناتوانن قەیرانی نیشتەجێبوون چارەسەربکەن، بەڵکو چارەسەرکردنی ئەوقەیرانە تەنیا لە ڕێگەی دروستکردنی نێتوۆرکێکی هاوبەشەوە دەبێت لەنێوان حکومەت‌و هاوڵاتییاندا، بەمەرجێک پرس بە هاوڵاتی بکرێت‌و خودی هاوڵاتی لە کارەکەدا بەشداربێت‌و پرسی پێبکرێت، کاتێکیش ئەوە پەیڕەوکرا، ئەوکاتە حکومەت دەبێتە حکومەتێکی شەفاف‌و هاوڵاتییانیش دەبنە خاوەن بڕیارو دیموکراسییەتیش پەیڕەودەکرێت».

بەپێی زانیارییەکان لە دوای ساڵی ١٩٩٩وە یەکێک لەئامانجەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان کە بۆ هەزار ساڵی داهاتوو کاری لەسەردەکرێت ئـەوەیـە کـە هاوڵاتییان بکرێنە خـاوەن بڕیار، بەڵام لەتێکڕای ئەو قەرزو خانوو و پـرۆژە نیشتەجێبوونانەی کە حکومەت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون‌و بگرە لە زۆربەی بوارەکانی دیکەشدا پەیڕەوی دەکـات، هیچ پـرس‌و رایـەک بە هاوڵاتییان نەکراوەو لە زۆربـەی کارەکاندا هاوڵاتییان ناچارن بچنە ژێر باری ئەوبەرنامەو پلانەی کە حکومەت دایڕشتووە.

د. خالید، ئاماژەی بەوەشکرد «نەبوونی بیرکردنەوەیەکی ئابوورییانە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێک خەڵک بێویژدانانە ئیستغلالی بارودۆخەکە بکەن‌و کۆمەڵێک خەڵکی دیکەش زەرەرمەنددەبن‌و دەرئەنجام بەرژەوەندیی شەخسی لێدەکەوێتەوە».

وتیشی، بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان حـکـومـەتـی هـەوڵـیـداوە خـەڵـکـی بیانی لەدەرەوەبهێنێت، بەڵام ئێستا سەدان پسپۆڕو شارەزای کوردستان کە لە دەرەوەن‌و دەتوانن جێدەستیان دیاربێت لەئاوەدانکردنەوەی کـوردسـتـان، بـەڵام هـەوڵـنـەدراوە ئەوانەبهێنرێنەوەو سوودیان لێوەربگیرێت‌و هـەروەک نەبوونی خەڵکی شیاو لەشوێنی شیاو وایـکـردووە، حکومەتی ڕووبـەڕووی کۆمەڵێک کێشەی دارایی‌و ئابووری‌و ئیداریی کردووەتەوە.

کۆریای باشوور لە دوای جەنگی ناوخۆیی لەساڵی ١٩٥٣ بۆ ساڵی ١٩٥٦ بەسێ قۆناغ بەپێی پلانێکی پێنج ساڵی سنوورەکانی خۆیدا خست‌و لەساڵی ٥٦ەوە توانی کۆریا لە ٨٩ هەمین وڵاتی پیشەسازییەوە بگەیەنێتە ٢٩هەمین وڵات، لەساڵی ١٩٧٠ەوە کۆریای لە٢٩هەمین وڵاتەوە گەیاندە ١١هەمین وڵات، ئەوە لە کاتێدکایە کە کۆریای باشوور سەرمایەیەکی سرووشتی ئەوتۆی نییە، تەنیا پشتبەستوو بەسامانە مرۆییەکان توانی بگاتە ئەوئاستەی کە ئێستا ١١هەمین وڵاتی پیشەسازییە لەسەر ئاستی جیهان.

د.خالید باسی لەوەشکرد، ئەگەر حکومەتی هەرێمیش بیەوێت وەکو کۆریا بکات بێگومان دەتـوانـێـت، بـەڵام وەک خـۆی وتـی، ئەوە بەپلان‌و بە پشتبەستن بە توانا مرۆییەکان‌و گوێگرتن دەبێت لە راوبۆچوونی خەڵکانی پسپۆڕوشارەزا.

# حکومەتی هەرێم (٧.٨) ملیۆن پشکی لە کۆمپانیای (دی.ئێن.ئۆ) کڕیوە

شالاو فەتاح

### ئاشتی پشکەکان بۆ کێ دەکرێت؟

گـەنـەل ئینێرجی ئـاسـان پێینەنایە عێراقەوە، بەڵکو دەبوو جگە لە شەراکەتی هێریتەیج ئۆیڵی بەریتانی (٥٠ بە ٥٠) قەرزی (١,١) ملیۆن دۆلاری حکومەتی هەرێم بداتەوە، بەڵام لەبەر بێتوانایی ئەو کۆمپانیایەو سەرۆکەکەی مەهمەت ئەمین کارمەهمەت، بڕی (١٧٪)ی پشکەکانی کۆمپانیاکە بە حکومەتی هـەرێـم بەخشرا لەجیاتی ئەو قەرزە، بەمشێوەیەش ڕێژەی پشکەکانی ئەو کۆمپانیایە (٥٠٪)وە دابەزی بۆ (٣٣٪). ئەو (١٧٪) لە پشکەکانی هێریتەیج ئۆیڵی بەریتانی نابەخشرێت، کە هاوبەشی گەنەل ئینێرجییە بۆ دەرهێنانی نەوت، بەڵکو ڕاستەوخۆ لە کۆمپانیای گەنەل ئینێرجی دەدرێت. بەمشێوەیەش حکومەتی هـەرێـم دەبـووە خـاوەنـی (٩٦) ملیۆن لە (٢٨٦,٣) ملیۆن پشکەی کە کۆمپانیاکە هەیەتی، بەڵام ئەم پشکداربوونە لێرەدا نەوەستا، بەڵکو بـە کڕینی پشکەکانی کۆمپانیای (دی.ئێن.ئۆ) بۆ گەنەل ئینێرجی ڕاستەوخۆ (١٧٪)ی ئەم پشکانە دەبێت بدرێت بە حکومەتی هـەرێـم، ئەمەش وادەکـات، کە حکومەتی هەرێم لەبری قەرزەکانی خۆی (٧,٤٨) ملیۆن پشکی دیکە وەربگرێت‌و ئاستی پشکەکانی لەو کۆمپانیا تورکییەدا بەرزبێتەوە بۆ (١٠٣,٤٨) ملیۆن پشک.

لێرەدا پرسیاری ئەوە دەکرێت، کـە ئـایـا بـۆ ڕۆڵـی حکومەتی هەرێم‌و وەزیـرەکـەی لە کڕینی پشکەکانی (دی.ئێن.ئۆ) بۆ گەنەل ئینێرجی شـاراوە بـوو؟، ئایا کۆمپانیای گەنەل ئینێرجی بیری لەوە نەکردووەتەوە، کە لەگەڵ کڕینی پشکی نوێدا پشکەکانی هـەرێـم سـنـووردار بـکـات‌و (١٧٪)ی پێنەبەخشێت؟ دیارە ئەم پرسیارانە بێوەڵامن تائێستا، بەڵام ئەوەی گوماندەکرێت بریتییە لە زیرەکی حکومەت لە زیادکردنی پشکەکانی خۆی بێئەوەی هیچ خەرجییەکی زیـاتـر بـدات بە کۆمپانیای گەنەل ئینێرجی تورکی، چونکە بە بەردەوامبوونی بردنی (١٧٪)ی پشکەکانی کۆمپانیای گەنەل ئینێرجی حکومەتی هەرێم ڕاستەوخۆ زیاتر لە (٧) ملیۆن پشک وەردەگرێت.

### بۆ سوودی هەردوو کۆمپانیاکە؟

پاساوی هەرێم بۆ تێوەگلانی بـەشـێـوەیـەکـی نارەسمیی لە کڕینی پشکەکاندا ئەوەبوو، کە لە سوودی هەردوو کۆمپانیاکەو بۆ پشتگیریکردنی داراییان کڕیوە.

ئـەمـەش لـە وتـەی د.خالید سـاڵـح ڕاوێـژکـاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم‌و ڕاوێژکاری وەزیـری سامانە سروشتییەکان دەردەکەوێت لەو بەیاننامەیەی، کە لە سایتی فەرمیی حکومەتی هـەرێـمـی کـوردسـتـان‌و وەک بەیاننامەیەک بڵاوکرایەوە، بەڵام پـاش پشکداربوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێلایەنی حکومەت لەم کێشەیەدا دەکەوێتە بـەر گومان، چونکە حکومەتی هـەرێـم ڕاسـتـەوخـۆ کـاری بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پشکەکانی خـۆی کـردووە، هەربۆیە هانی کۆمپانیای (دی.ئێن.ئۆ)ی داوە، کە پشکەکانی بە گەنەل ئینێرجی بفرۆشێت‌و ئاشتی هەورامیش وەک میانگیر لەو نێوانەدا کاریکردووە.

### بەرەو دادگاییکردنی بەرپرسانی هەرێم:

جیا لەو دەنگدانەوە میدیاییەی، کە لە میدیای کوردییدا دروستیکرد، ڕووداوی فرۆشتنی پشکەکان نەبووە هۆی هیچ کاردانەوەیەکی دیکە بەرامبەر ئەو بەرپرسانەی لە مامەڵەکەدا تێوەگلاون.

بگرە دەتوانین بڵێین کاردانەوەی میدیای جیهانی زۆر زیاتر بوو لە میدیای کوردی، ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرزو ڕۆژنامەی ئەمریکی وۆڵ ستریت جـۆرنـاڵ چەندین ڕاپـۆرتـی چـڕوپـڕیـان لەسەر کێشەکە بڵاوکردەوە، بەڵام ئەمە هیچ کاری نەکردە سەر دادگای هەرێم بۆ لێپێچینەوەی یاسایی لەو بەرپرسانەی، کە لە مامەڵەکەوە تێوەگلاون، بگرە دواجار لە دوو شوێنی دیکەوە داوای لێپێچینەوە لە بەرپرسان دەکرێت.

چـاودێـری دارایـی نەرویج داوای لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەو مـامـەڵـەکـردنـی وەک تـاوانـی ئـابـووری دەکـات‌و لە نێویاندا داوای لێپرسینەوە لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم دەکـات، ئەمە جگە لــەوەی لیژنەی نـەوت‌و گـازی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەرەسمیی‌و لە نامەیەکدا داوای لێپێچنەوە لەو ڕووداوە دەکات‌و دەپرسێت؛ کە «بەڕاستی چی ڕوویـداوە؟»، دیارە وەڵامی پرسیارەکەی لیژنەی نەوت‌و غاز هێشتا نادیارە، کە بەڕاستی چی ڕوویداوە، چونکە وا دەردەکەوێت ڕووداوەکە زۆر لەوە ئاڵۆزتربێت، کە میدیاو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پەی پێبەرن.


یەکێک لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم

# حکومەت هۆکارە بۆ دەوڵەمەندبوونی خاوەن کۆمپانیاکان

# قـەرزەکـانی حکـومەت ناتوانێت قەیرانی نیشـتـەجێبوون چـ

محەمەد ساڵح حەمەلاو



یەکێک لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لە سلێمانی

هەرچەندە ئێستا بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون لە ڕێگەی بانکی خانوبەرەو سندوقی نیشتەجێبوونەوە قـەرز دەدەدرێـت بە هاوڵاتییان، بەڵام ئەندامێکی مونتەدای ئابووریی کوردستان رایدەگەیەنێت، ئەوسیستمانە ناتوانن قەیرانی نیشتەجێبوون چارەسەربکەن، بەڵکو چارەسەرکردنی ئەوقەیرانە تەنیا لە ڕێگەی دروستکردنی نێتوۆرکێکی هاوبەشەوە دەبێت لەنێوان حکومەت‌و هاوڵاتییاندا، بەمەرجێک پرس بە هاوڵاتی بکرێت‌و خودی هاوڵاتی لەپرۆژەکاندا بڕیاردەربێت، نەک حکومەت.

سندوقی نیشتەجێبوون بە بڕیاری ژمارە٤٥ی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان دەرچـووەو دواتریش بەبڕیاری ژمارە ٤٦ لـە بـەرژەوەنـدیـی کرێنیشینان‌و خەڵکانی کەمدەرامەت هەمووارکراوەتەوەو مەرجی گرتنەوەو پێدانی پارەش لەلایەن ئەوسندوقەوە ئەوەیە کە هەر کەسێک ئەگەر لەشارە گەورەکاندا کرێنشین بێت‌و پێشتر لەوەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە سوودمەند نەبوبێت، ئـەوا ئـەوقـەرزە دەیگرێتەوە، بەڵام لە قەزاوناحیەکاندا ئەگەر کەسێک کرێنشینیش نەبووبێت بەهەمانشێوە بڕیارەکە دەیگرێتەوە.

بە وتەی یاسین مەحمود، بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەڕێز، دەقی یاسای سندوقی نیشتەجێبوون، ڕێگە نادات بەوکەسانەی کە کرێنشین نین، یاخود موڵکێک بەناویانەوەیە لەسندوقی نیشتەجێبوون سوودمەندبن، هەربۆیە پێیوابوو سندوقی نیشتەجێبوون بۆ ئەوکەسانە سوودمەندە کە کرێنشینن‌و تارادەیەکی زۆریش سندوقەکە توانیویەتی کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەربکات.

وتیشی: «مـەرج نییە هەرکەسێک کەمدەرامەت نەبێت لەپرۆژەکانی سندوقی نیشتەجێبوون سوودمەند نەبێت، چونکە کاتێک خانوویەک یان باڵەخانەیەک کە نرخەکەی ٣٠هـەزار دۆلارە دەبێت، ئەو هاوڵاتییە٥٠٪ ی پارەکە کە دەکاتە١٥هەزار دۆلار، پێشەکی بیدات».

سندوقی نیشتەجێبوون بـۆ ئەو هاوڵاتییانە دانراوە کە دەیانەوێت خانوو یان یەکەی نیشتەجێبوون لەوکۆمپانیایانە بکڕن کە دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی پێداون‌و بەپێی ڕێنماییەکانی سندوقەکەش ئەگەر هاوڵاتییەک کەسوکاری شەهید یان کەمئەندام یان گەنجی تەمەن خوار ٣٠ساڵ بێت یان کچی تەمەن سەروو ٣٠ساڵ بێت‌و شوی نەکردبێت، یان خێزانێک باوکیان لەژیاندا نەمابێت‌و لەلایەن دایکیانەوە سەرپەرشتیبکرێن ئەوا ٥٠٪ ی بڕی تێچونی خانوو یان یەکەی نیشتەجێبوونەکەیان لەلایەن سندوقی نیشتەجێبوونەوە بۆ دەدرێـت‌و ئەو کەسانەش ئەومەرجانەیان تێدا نییە، ئەوا تەنیا ٣٠٪ یان بۆ دەدرێت، بەڵام لەقەزاوناحیەکاندا ٥٠٪ی بڕی تێچوون بەبێ جیاوازی بۆ هاوڵاتییان خەرجدەکرێت.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنـامـە، کوردستان پێویستی بە ١٠٠هەزار یەکەی نیشتەجێبوون هەیە بۆ ئـەوەی قەیرانی نیشتەجێبوون چارەسەربکرێت‌و هەر بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کـەوتـوون تا ٨ مانگی دیکە ١٤هـەزار یەکەی نیشتەجێبوون لەشارەکانی کفری‌و دەربەندیخان‌و هەڵەبجەو سلێمانی‌و ڕانیەو چەمچەماڵ‌و کۆیەو دوکان تەواودەکرێن‌و بەپێی وتـەی بـەڕێـوەبـەری کۆمپانیای بەڕێزیش، تەواوبوونی ئەو ڕێژەیەی خانوو یەکەی نیشتەجێبوون کە لەماوەی ساڵێکدا لە ڕێـگـەی سندوقی نیشتەجێبوونەوە لە کوردستان دروسـتـدەکـرێـت ٢٥٪ی قەیرانی نیشتەجێبوون لە کوردستاندا چارەسەردەکات.

حکومەتی هەرێم ٣٠٪ بۆ ٥٠٪ی بڕی تێچوونی ئەو یەکانەی نیشتەجێبوون دەدات بە هاوڵاتییان‌و دوای تەواوبوونی خانوو و باڵەخانەکان بەهەمان نرخ دەدرێـنـەوە بەهاوڵاتییان، بەڵام حکومەت خۆی ئەوکارە ناکات‌و پرۆژەکان لە ڕێگەی کەرتی تایبەت‌و وەبەرهێنانەوە جێبەجێدەکرێن.

یاسین مـەحـمـود، باسی لـەوەکـرد جێبەجێنەکردنی ئـەو پـرۆژانـە لەلایەن حکومەتەوە ئەوە ناگەیەنێت کە حکومەت خـۆی ناتوانێت ئـەوپـرۆژانـە جێبەجێ بکات، بەڵام ئێستا وەک ئەوەی لەدنیاشدا پەیڕەودەکرێت زوربەی کارو پرۆژەکان دەسپێردرێن بە کەرتی تایبەت، چونکە سیستمی کەرتی تایبەت لە دنیادا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، ئەوەشی بەنموونە هێنایەوە کە لـەنـاوەڕاسـت‌و بـاشـووری عێراقدا لەبەرئەوەی کارەبا نـەدراوە بە کەرتی تایبەت‌و حکومەت خـۆی پـرۆژەکـان جێبەجێدەکات کێشەی کارەبا چارەسەر نەکراوە، بەڵام لەهەرێمی کوردستان کەرتی تایبەت ئەوکێشەیەی چارەسەرکردووە.

یاسای وەبەرهێنان کە بە ژمـارە٤ لـە سـاڵـی ٢٠٠٦دا دەرچـــووە، بەپێی یاساکە دەبێت کەرتی تایبەت پرۆژەکانی وەبەرهێنان جێبەجێ بکات، نەک حکومەت، سندوقی نیشتەجێبوونیش بەشێکە لەیاسای وەبەرهێنان.

بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەڕێز ئەوەشی نەشاردەوە، کە «لەماوەی چوارپێنج ساڵی رابردوودا حکومەت نەیتوانیوە دووهەزار باڵەخانە لە هەولێرو سلێمانی دروست بکات‌و ئەوەشی کە لە مـاوەی ئەوچەند سـاڵـەدا دروستکرا ژمارەیەکی کـەم لە هاوڵاتییان سوودمەند بوون لێی، بەڵام لەماوەی یەک ساڵدا کەرتی تایبەت ١٤هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروسـتـدەکـات، هەربۆیە کەرتی تایبەت ڕۆلی باشی هەبووە لەجێبەجێکردنی پـرۆژەکـان لەهەرێمی کوردستان»و وەک خۆشی وتی «ئێستا لەچەندین بـواری دیکەدا لەکوردستان کەموکووڕیی هەیەو ئەگەر ئەوبوارانەش بسپێردرێن بەکەرتی تایبەت، ئەوا بێگومان ئەوکێشانەش چارەسەردەکرێن».

ئـەوەی ئێستا لەجیهان‌و لەزۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووشدا پەیڕەو دەکرێت ئەوەیە، کە دروستکردنی شارو باڵەخانەو یەکەکانی نیشتەجێبوون بەشێوەی ستوونییە نەک ئاسۆیی، ئـەوەش لەپێناو گەیاندنی خزمـەتـگـوزاری بەئاسانترین شێوەو دروستکردنی زۆرترین یەکەی نیشتەجێبوون لەکەمترین رووبەری زەویدا، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوهەڵەیەی بەسەردا تێپەڕیوەو وەک دەبینین پرۆژەکانی بواری نیشتەجێبوون لەکوردستان لەجیاتی ئەوەی زیاتر خۆی لەدروستکردنی باڵەخانەدا ببینێتەوە، زۆربـەی پـرۆژەکـان خۆیان لەدروستکردنی خانوو یان باڵەخانەی سێ نهۆمیدا دەبیننەوەو پانتاییەکی فراوانیش زەوی بۆ ئەوپرۆژانە تەرخانکراوە، ئەوە لەکاتێکدایە، زۆرێک لە هاوڵاتییان خۆیان دەتوانن خانووی دوو نهۆمیی دروستبکەن.

یاسین مەحمود، پێیوابوو، هاوڵاتی کورد بەتایبەت لەقەزاو ناحیەکاندا فێری ئەو کلتوورە نەبوون کە لەباڵەخانەدا نیشتەجێبن، هـەروەک ئەوەشی بە ئەرکی وەزارەتـی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن زانی کە دەبێت لە ڕێگەی بەرنامەو پلانی خۆیانەوە هەوڵبدەن هاوڵاتییان لەوە هۆشیار بکەنەوە کە لەباڵەخانەدا نیشتەجێبن‌و بەو ژیانەیان ئاشنا بکەن.

ئەو وەبەرهێنەرە هاوڕابوو لەگەڵ ئـــەوەش، کاتێک سیستمی باڵەخانە پەیڕەودەکرێت گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بە هاوڵاتییان ئاسانترەو بودجەیەکی کەمتریشی تێدەچێت، چونکە ئێستا سیستمی خانووی (نۆرماڵ) ئاسایی لەدنیادا بـەسـەرچـووەو تەنیا لەچەند وڵاتێکدا پەیڕەودەکرێت.

شارەزایانی بواری بیناسازیی پێیانوایە، بـۆ هـەر مەتر دووجـایـەک بینا ئەگەر بە(مواصفات) بکرێتەوە، ئەوا ٢٥٠دۆلاری تێدەچێت، بەڵام بەگوێرەی نرخی خانوو و باڵەخانەو یەکەکانی نیشتەجێبوون کە ئێستا لە کوردستان دەفرۆشرێن مەترێک بینا ٤٠٠دۆلاریش تێدەپەڕێنێت، واتە ئەگەر بینایەک ٤٠هەزار دۆلاری تێبچێت، بەڵام بە ٧٠ تا ٨٠ هـەزاردۆلار دەفرۆشرێتەوە بە هاوڵاتییان، ئـەوە سەرباری ئەوەی تائێستا ڕێـژەی سوود بۆ دروستکردنی پرۆژەکانی بواری وەبەرهێنان لە کوردستان دیارییەنەکراوەو وەبەرهێن بە ئارەزووی خۆی سوود لەسەر پرۆژەکان دادەنێت.

یاسین ئاماژەی بەوەشکرد، هەرچەندە کە لەیاسای ژمـارە ٤ی وەبەرهێناندا ڕێـژەی سوود دیارییەنەکراوە، بەڵام بەم دواییانە دەستەی وەبەرهێنان لیژنەیەکی سەرپەرشتیارێتی بۆ چاودێرییکردنی دانانی ڕێژەی سوود لەسەر پرۆژەکان پێکهێناوە.

بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەڕێز جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە «دەبێت ئەو لیژنانە زۆر بەهێزبکرێن، چونکە وەبەرهێنەر هەیە ڕێژەیەکی زۆر سوودی لەسەرخانووەکان داناوە».

دووجۆر پرۆژە لە بواری وەبەرهێناندا بوونیان هـەیـە، یەکێکیان ئـەوەیـە کە نرخەکانیان زۆرەو بە (HIGH COST) ناسراوە، وەک پرۆژەکانی گوندی بەهاران‌و پاکسیتی‌و گوندی ئەڵمانی، کە ئەوانە بۆ خەڵکانی دەوڵەمەندن، جۆری دووەمیشیان بە (LOW COST) ناسراوە، وەک پرۆژەکانی کوردسیتی‌و دییەسیتی‌و بەڕێز سیتی کە بۆخەڵکانی کەمدەرامەتن، هەروەک ئێستا لە دنیادا هەندێک پرۆژەی نیشتەجێبوون جێبەجێدەکرێت کە بۆ جوانییە، نەک بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون.

وەبەرهێنەرەکەی بواری نیشتەجێکردن باسی لەوەکردکەلەدروستکردنی پرۆژەکانی بـواری نیشتەجێکردندا لەکوردستان «حکومەت هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندبوونی ژمارەیەک خاوەن کۆمپانیاو وەبەرهێن‌و پێیوابوو، دەبێت حکومەت ئاستێک بۆئەوە دیاریی بکات، چونکە لەکاتێکدا هاوڵاتییەک بۆ کڕینی خانوویەک ١٥هـەزار دۆلاری لێوەردەگیرێت، نابێت ئەو ١٥هەزار دۆلارە بچێتە گیرفانی وەبەرهێنەرەکەوەو پێویستە پرۆژەیەک کە بۆ قەیرانی نیشتەجێبوون دروستدەکرێت‌و بۆ خەڵکی کەمدەرامەتە، دەبێت ڕێژەی سوودی پرۆژەکەش دیاریی بکرێت».

یاسین مەحمود، ئەوەشی روونکردەوە «ئەولیژنانەی ئێستا بۆ چاودێریکردنی پـرۆژەکـانـی بـواری نیشتەجێبوون دەستنیشانکراون، دەسەڵاتی ئەوەیان پێدراوە کە ئەوپرۆژانەش کە پێشترجێبەجێکراون، ئەگەر دەرکەوت ڕێژەی سوودەکانیان زۆرە، ئەوا دەبێت یان نرخەکانیان دابشکێنرێت یان مواسەفاتی پرۆژەکان بەرزبکرێتەوە.

بـۆچـارەسـەرکـردنـی قـەیـرانـی نیشتەجێبوون حکومەتی هەرێم بە بڕیاری ژمارە ١٠٤٥٢ لە ٢٠٠٨/٩/٢٣ەوە پێدانی پێشینەی خانووبەرەی بۆجاری دووەم دەستپێکردەوەو ئێستا ئەوبڕیارە کە زیاتر لە ساڵێکە لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێدەکرێت، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییان لێی سوودمەندبوون.

گەلاوێژ عەلی، بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرە لە سلێمانی لە لێدوانێکیدا بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند «تائێستا نزیکەی ١١هەزارو ٦٠٠مامەڵەی وەرگرتنی پێشینە لە هاوڵاتییان وەرگیراوە، کە زۆربەیان

## حکومەتی هەرێم تەنیا بەیاننامە دەردەکات

# تۆپباران قوتابخانەکان دادەخات

ئەحمەد باڵەکی

هەرچەندە دلێر چەند وانەیەکی لە خوێندنگەی گوندەکەیان خوێند بۆئەوەی لەو رێیەوە پێبگاتو بە خوێندەواریی داهاتوویەکی باش بۆخۆی مسۆگەر بکات، بەڵام تۆپبارانی گوندەکەیانو دوورکەوتنەوەی مامۆستاکان لە ترسی گیانیان وایکرد خەونەکەی دلێر نەیەتەدیو بۆ داهاتی رۆژانـــەی روو لە ئاژەڵداریی بکات.

دلێر تەها، دانیشتووی گوندی ئاڵەدووی سەربەناحیەی سیدەکانی هاوسنووری وڵاتی ئێرانەو بەهۆی تۆپبارانی ناوبەناوی تۆپخانەکانی وڵاتی دراوسێوە گوندەکەی چۆڵکردووە، بەدڵی حەسرەتەوە وتی: «لەبەر بەردەوامیی تۆپبارانەکان لەلایەن ئێرانو تورکیاوە ژیانمان نەماوە، بەو بۆنەیەشەوە ساڵی رابردوو وازم لە خوێندن هێنا هەرچەندە قوتابخانەش لەدێیەکەمان کـرابـووەوە، بەڵام لەترسی تۆپبارانەکان مامۆستایەکان ئێمەیان بەجێهێشتو ئێمەش توانامان نەبوو بچینەناو ناحیەو بخوێنین»، ئەو حکومەتی هەرێم بەکەمتەرخەم دەزانێت لە بەردەوامیی تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستانو وتی: چارەنووسمان نادیارە من لە خوێندن دابـڕاموو ئێستا سەرقاڵی مەڕداریم، تەنیا لە گوندەکەی ئێمە جگە لە من (٢٦) قوتابی وازیان لە خوێندن هێناوە».

تۆپبارانەکانی گوندەکانی سەر سنوور لەلایەن تورکیاو ئێرانەوە، کە (١٨) ساڵە درێژەیان هەیە گیانلەدەستدانو برینداربوونی دەیـان هاوڵاتی کـوردی لێکەوتووەتەوەو زیانی مـادی پێگەیاندوون، هـەروەک لە تۆپبارانی هەفتەی رابردوودا، کە گوندەکانی


ژیانی بەشێک لە ئاوارەکانی تۆپبارانەکان ئەرشیف

(لۆلان، تارستا، مێرگەمیر، کێلەشین، بیرکمە، سنین، خنیرە، کەرگەوزین، سەری چیای زەرکـی سەر بە ناحیەی سیدەکانیان لە قەزای سۆران) ناحیەی سیدەکانی گرتەوەو زیاتر لە (٧) سەعات بەردەوام بوو، کە زیانی ماڵی زۆری لێکەوتەوەو ترسو دڵەڕاوکێی خستەوە ناو دانیشتووانی ئەو ناوچانە.

هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای تۆپبارانەکەی هەفتەی رابـردوو بەیاننامەیەکی بۆ ئیدانەکردنی بڵاوکردەوە، بـەڵام بەردەوامیی ئەو تۆپبارانکردنانە هـاوڵاتـیـیـانـی کــوردی ســەرسـنـووری نیگەرانکردووەو بێ ئومێدبوون لەوەی حکومەتی هەرێم بتوانێت رێگری لێبکات.

شوان شێرزاد، هاوڵاتییەکی جوتیاری ناوچە سنوورییەکانی حاجی ئۆمەرانە، باس لە خراپی بارودۆخیان دەکات دوای تۆپبارانەکانی ناوچەکانیانو دەڵـێـت: « ٣ ساڵە لە کاتی پێگەیشتنی بەروبوومە کشتووکاڵییەکانی سنوورەکەمان ئێران تۆپبارانمان دەکـــات، ئێستا لـە ترسی تۆپبارانەکان شوێنی خۆمان چۆڵکردووەو جگە لە ترسی گیانمان زیانی مادیمان بەرکەوتووەو رەنجەکانمان بەفیڕۆ دەچێت، چونکە لەترسی تۆپبارانەکان ناوێرین ئاوی زەوییەکانمان بدەین»، رەخنەی ئەوەشی لە حکومەت گرت، کە هاوکاریی نەکردوون لە پێگەیاندنی بەروبوومو فەوتاندنیاندا.

لای خۆشییەوە عەبدولواحید گوانی، قایمقامی قەزای چۆمان، وتی: «تۆپبارانە پچڕپچڕەکانی تورکیاو ئێران لە چەند ساڵی رابردوودا زیانی زۆری مادیو گیانی لێکەوتوەتەوەو بووەتە هۆی گیانلەدەستدانو برینداربوونی هاوڵاتیانولەناوچوونی چەندین سەر مـەڕومـاڵات»، ئەوەشی خستەڕوو؛ کە چەندینجار کە لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانی کۆبوونەتەوەو وتی: «هەموو جارێک بەڵێنیان پێداوین تۆپباران کردن بووەستێنن، بەڵام بێ سوود بووەو دوای بەڵێنەکان تۆپباران دەستی پێکردووەتەوە».

عەبدولواحید گوانی، ئەوەشی راگەیاند: کە (٩) گوند لە سنووری باڵەکایەتی بەهۆی بەردەوامیی تۆپبارانەکانەوە نەتوانراوە ئـاوەدان بکرێنەوەو وتیشی: «چەندین کێڵگەی کشتوکاڵیو لەوەڕگای مەڕوماڵات سووتاون».

لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە تۆپخانەکانی ئێران بەشێوەیەکی پچڕپچڕو بە خەستی ناوچەکانی باڵەکایەتی تۆپباران دەکـەنو لە ساڵی (١٩٩١)ەوە تائێستا زیاتر لە (٢٠) هاوڵاتی بەهۆی تۆپبارانەکانەوە گیانیان لەدەستداوە، جگە لە برینداربوونی دەیـان هاوڵاتییو لەناوچوونی سـەدان سـەر مـەڕو بزنو سووتانی لەوەڕگاو کێڵگەی کشتووکاڵیی گوندنشینەکانی سەرسنوور.

بەڵام تائێستا حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە رێگریی لەو سنووربەزاندنانە بکاتو بە بەیاننامە تۆپبارانەکان ئیدانە دەکات، وەک لە بەیاننامەیەکدا دوای دوا تۆپبارانی هەفتەی رابـردوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: «بەداخەوە جارێکی دیکە هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەبێ هیچ پاساوێک بەسەختی دەستیان کردەوە بە تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەمەش پێشێلکارییەکی روونـە بەرامبەر سەروەریی عێراقو خاکی هەرێمی کوردستانو تێکدانی باری ئارامو سەقامگیری ناوچەکە».

هـــەروەک تێیدا هـاتـووە: «بەتوندی ئیدانەی تۆپبارانکردنی ناحیەی سیدەکانی سەر بە قەزای سۆرانو ناحیەی ژاراوەی سەر بە قەزای پشدەر دەکەین، بەردەوامیی تۆپبارانکردنی ئەو ناوچە سنووریانە لە خزمەتی پەیوەندی دۆستانەو دراوسێیەتی باشدا نییە، بۆیە داوا لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین بەزووترین کات تۆپبارانی بێ پاساوی ناوچە سنوورییەکان بووەستێنێتو رێـز لـە سـەروەریـی عـێـراقو یـاسـای نێودەوڵەتیو ئیرادەی ئاشتیانەی گەلی کوردستان بگرن».

شەوکەت حەمەد، کارگێڕی ناحیەی سیدەکان، ئاماژە بە زیانەکانی خەڵکی سنوورەکەیان دەکـاتو دەڵـێـت: جگە لە گیانلەدەستدانو برینداربوونو زیانی مادی، چەندین قوتابیش بەهۆی بەردەوامبوونی تۆپبارانەکانەوە وازیان لە خوێندن هێناوەو هەربەو هۆیەشەوە چەندین گوند چۆڵ بوون، هەرچەندە بەشێکیان گەڕاونەتەوە».

تەها عەزیز، دانیشتووی گوندی ئاڵەدووی سەر بە ناحیەی سیدەکانی قەزای سۆرانە، ئاماژە بەوە دەکات منداڵەکانیان لە خوێندن دابڕاونو ساڵانە چەند جارێک ئاوارە دەبن، وەکخۆشی دەڵێت؛ لە تۆپبارانی رابردوودا نزیکەی (٦٠) سەر مەڕی خۆیو ئامۆزایەکی لەدەستداوەو وتی: «ژیانمان نەماوە لەترسی تۆپباران، زۆرێـک لە گوندنشینەکانی ئەو سنوورە زیانمان پێگەیشتووە، بەڵام تائێستا قەرەبوو نەکراوینەتەوەو حکومەتی هەرێمیش هیچ هەوڵێکی وای نـەداوە بۆ وەستاندنی تۆپبارانەکان».

# حکومەت ئاوڕ لە شوێنەوارەکان دەداتەوە؟

بەرهەم عومەر


وێنەیەکی هەڵکۆڵدراو لە دەربەندی رەبەنە


دەربەندی رەبەنە، لە بناری شاخی پیرەمەگرون

دانیشتوویەکی گوندی قەرەچەتان، سەرگوزشتەی شکاندنی یەکێک لەو پەیکەرانەی گێڕایەوە، کە لە سەردەمی زەردەشتییەکانەوە لە گوندەکەیان مابووەوە، بەڵام لە ساڵەکانی هەشتادا پیاوێکی بەتەمەنی گوندەکەیان لەناوی بردووە، چونکە «شوێنی ئاگرپەرستەکان بووە».

گوندی قەرەچەتان لە بناری شاخی پیرەمەگروندایەو دەکەوێتە نزیکەی (٣٥)کم رۆژئـاوای شاری سلێمانییەوە، هەروەها دەکەوێتە سەر رێگەی سەرەکی نێوان (سلێمانی- دوکان)، پێشتر نزیکەی (٨٠) ماڵی تێدابووە، بەڵام ئێستا (٢٠٠) کەسی تێدایە لە (٢٥) ماڵدا، چەند شوێنێکی مێژوویيو دێرینی تێدایە، کە گرنگترینیان دەربەندی (رەبەنە)یە، کە بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان لە سەردەمی زەردەشتییەکاندا یەکێکبووە لە پەرستگە گەورەکانی ئەو ئایینەو تا ئێستاش شوێنەواری شورەو قادرمەی ئەو قەڵایە ماوەتەوە.

دەربەنی رەبەنە دەکەوێتە باکووری گوندی قەرەچەتانو (١١٨١)مەتر لە ئاستی رووی دەریـاوە بـەرزە، خەڵکی گوندەکە ئەوەیان بۆ تیمی رۆژنامەوانی رۆژنامە باسکرد، کە ئەو شوێنەوارانە لە (٢٠) ساڵی رابـــردوودا دووچـــاری چەندین هەوڵی سڕینەوەی شوێنەوار بـووەتـەوە، بەو پێیەی «وا تێگەیەنرابوون، کە ئاگرپەرستو جولەکەکان خاوەنی ئەو شوێنەوارانەن».

لە ساڵانی رابردوودا رەئوف ناسر، لە کاتی کێڵانی باخەکەیدا گاشەبەردێکی درێژ دەدۆزێتەوە، کە کۆمەڵێک نەخشی لەسەر بووە، هەرچەندە هیچ لەو وێنەو نەخشانە تێناگات، بەڵام لە نزیک ماڵی خۆی بەردەکە دادەنێتو رۆژانە ئالیکی ئاژەڵەکانی لەسەر دادەنێت، پاشان دەردەکەوێت ئەو نووسینانە بزمارییەو بەشێکە لە نووسراوەکانی پەرستگەی دەربەندی رەبەنە.

نەجمەدین عـەبـدوڵـڵا، دانیشتووی قـەرەچـەتـانو پـاسـەوانـی شـوێـنـەواری دەربـەنـی رەبـەنـە لـە بـەڕێـوەبـەرێـتـی شـوێـنـەواری سلێمانی، بە رۆژنـامـەی راگەیاند: لە چەند ساڵی رابردوودا بەهۆی نەبوونی هۆشیارییەوە چەندین شوێنەوار لە ناوچەکەیان دووچاری فەوتانو لەناوچوون بوونەتەوە، یان تاڵانفرۆشکراون، بەڵام ئێستا هەوڵی ئەوە دەدرێت پارێزگاریی لە پاشماوەی ئەو شوێنەوارانە بکرێتو زیاتر لەناونەچێت.

نەجمەدین باسی لـەوەکـرد، لە دوای راپەڕین چەند بەرپرسێک هەوڵی ئەوەیاندا ئەو گاشەبەردە تاڵانفرۆش بکەن، کە لە ماڵی جوتیارەکەدا بوو، بەڵام خەڵکی گوند (شەهید غەریب هەڵەدنی)یان ئاگادارکردووەتەوەو ئـەویـش نـووسـراوەکـەی پێشکەشی مۆزەخانەی سلێمانی کردووە، هەروەها بۆ یەکەمجار وێنەی پیاوێکی ئاشکرا کردووە، کە بەجلوبەرگ لە میرێکی دەسەڵاتدار دەچـێـت، لـەسـەر شـاخـی لای راستی دەربەندەکە هەڵکۆڵراوەو بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان ئەو وێنەیە بۆ سەردەمی ساسانیو ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە.

حکومەتی هەرێم بودجەیەکی تایبەتی تەرخان نەکردووە بۆ کردنی شوێنەوارە دێرینەکان بە شوێنی گەشتوگوزاریی، بەڵام بەڕێوەبەری گشتیی گەشتوگوزار لە سلێمانی، مهاباد شێخ لەتیف حەفید، وتی: «رووپێوییەکی گشتیی شوێنەوارەکانمان ئەنجامداوەو داوامانکردووە لە ئەنجومەنی وەزیـــران بـۆ ئـــەوەی بـودجـەی تایبەت دەستنیشان بکرێت بۆ کردنی شوێنەوارە دێرینەکان بە گەشتوگوزاریی»، بەڵام هیوادارین لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو پارەیەی بۆ تەرخان بکرێت، بۆئەوەی ئەو شوێنەوارە مێژووییانە زیاتر لەناونەچن.

بەهۆی ئەو مەترسیانەی دووچـاری شوێنەوارەکانی عێراق دەبنەوە، ساڵی رابردوو حکومەتی عێراقی بڕیاریدا هێزی پۆلیسی شوێنەوار دابمەزرێنێت، بەوپێیەی لە دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣)دا زیاتر لە (١٥) هـەزار پارچە شوێنەوار دزراون، بەڵام بەپێی ئامارێکی وەزارەتی گەشتوگوزاری عێراقی، تائێستا نزیکەی (٦) هەزار شوێنەوار گەڕێنراونەتەوە بۆ مۆزەخانەکان.

لە کوردستانیشدا، ساڵی رابـردوو لە ناوچەی خـدران، باندێکی (٤) کەسیی دەستگیرکران لەلایەن ئاسایشی راپەڕینەوە بە تۆمەتی ئەوەی خەریکی گەڕانو دۆزینەوەی شوێنەواربوونو چەندین نەخشەو هێڵکاریی جۆراوجۆریان پێ بووە بۆ دۆزینەوەی شوێنەوارەکان، ئەو باندە گۆڕێکی کۆنیان لە گوندی (تـۆڕەش)ی ناحیەی خـدران هەڵدابوومەوە، کە مێژووەکەی دەگەڕایەوە بۆ سەرەتاکانی حوکمڕانیی ئیسلام لە کوردستاندا.

حکومەتی هـەرێـم لـە چەند ساڵی رابردوودا چەند شوێنەوارێکی کردووەتە نـاوچـەی گـەشـتـوگـوزاریو رێـگـەی هاتوچۆی بۆ راکێشاوە، وەکو (ئەشکەوتی قزقاپانو نەرامسین..)، ئەمساڵیش کار بۆ ئەوە دەکرێت، کە رێگەیەکی قیرتاوکراو لە سەیرانگەی (زێـوێ) لە بناری شاخی پیرەمەگرونەوە رابکێشرێت بۆ شوێنەواری (میرقوڵی)، کە لە قەڵایەکو دەروازەیەکو چەند شوێنێکی نیشتەجێبوون پێکهاتووەو وێـنـەی جـۆراوجـۆری لـەسـەر بـەرد هەڵکەنراوی لێیە.

بـەپـێـی لـێـدوانـی کـەمـال رەشـیـد، بـەڕێـوەبـەری شـوێـنـەواری سلێمانی، دەربەندی رەبەنە، بەشێکە لە شوێنەواری میرقوڵیو بەپێی رووپێویی بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری عێراق لە چلەکانی سەدەی رابردوودا، مێژووی شوێنەواری دەربەندی رەبـەنـەو میرقوڵی، دەگـەڕێـتـەوە بۆ سەردەمی (ساسانیو ئەشکانییەکان)، بەڵام شارەزایانی بواری شوێنەوار لە کوردستان پێیانوایە؛ شوێنەواری رەبەنە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میرنشینەکانی کوردستان.

کەمال وتـی: «بەرنامەمان هەیە لە ساڵانی ئایندەدا چەندین شوێنەواری دیکەی کوردستان بکرێنە شوێنی گەشتیارییو بەتایبەتیش لە شـوێـنـەواری رەبەنەو میرقوڵیدا کنەو پشکنینی زانستیی بکرێت».

نـزیـک لــە شـــار، بـــەڵام دوور لە خزمەتگوزاریی: رۆژانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بە نزیک دەربـەنـدی رەبەنەدا تێدەپەڕن، بەوپێیەی دووریی شوێنەوارەکە لە شەقامی سەرەکی (سلێمانی- دوکان) نزیکەی (٥) کیلۆمەتر دەبێت، بەڵام لەبەر ئـەوەی رێگەی هاتوچۆی بۆ دروسـت نەکراوە، گەشتیاران زۆر بە سەختی دەتوانن بگەنە شوێنەوارەکە، تیمی رۆژنامەوانی رۆژنامە دوای سەعاتێک رێکردن بەناو دڕکو پوشو بەردەڵاندا، گەیشتنە قادرمەو تاقو ئەشکەوتو شوێنەواری دەربەندەکە.

نەجمەدین تەمەنی (٣٥) ساڵە، تەنیا کەسێکە کە چاوی کەوتووە بە زۆرینەی ئەو گەشتیارانەی روودەکەنە شوێنەواری رەبەنە (کە ساڵانە لە چەند کەسێکی کەم تێناپەڕێت)، باسی لەوەکرد، کە ئەگەر رێگەوبانی گوندو دەربەندی رەبەنە بەو ئەندازەیە خراپ نەبووایە، کە لە بەشێکی زۆریدا تەنیا دەبێت بەپێ رێگە ببڕیت، ئێستا گوندەکەیان جموجوڵێکی دیکەی تێدەکەوتو جگە لە ئاژەڵدارییو کشتوکاڵ سوودمەند دەبوون لەو گەشتیارانەی خوازیاری بینینی ئەو شوێنەوارەن.

## نەبوونی داهات، ژنانی چەوساندووەتەوە

# فراکسیۆنی گۆڕان هەوڵی دابینکردنی مووچە بۆ کابانی ماڵ دەدات

سەنگەر جەمال

**برینەوەی مووچەیەکی مانگانە بۆ ئەو کابانانەی خێزان کە هیچ داهاتێکیان نییە، بە پرۆژەیەکی گرنگ دەزانرێت و هەندێک لە چالاکوانانی بواری مافەکانی ژنان پێیانوایە، پێدانی مووچەیەکی مانگانە بۆ ئەو ژنانە کاریگەریی دەبێت لەسەر گەڕانەوەی متمانە بۆ ئەو ژنانەو ڕێگریی لە چەوساندنەوەیان.**

### نەبوونی داهات، هۆکاری چەوساندنەوە

سەربارى ئەوەی (١٨) ساڵە هەرێمی کوردستان خاوەن داهاتو حکومەتی سەربەخۆیە، بەڵام تائێستا داهاتێکی دیاریکراو بۆ بێکاران یا ژنانی ماڵ نەبڕاوەتەوە، کە هەندێک لە چالاکوانانی ئەو بوارە پێیانوایە کاریگەریی هەبووە لەسەر زۆربوونی گرفتی ژنانو چەوساندنەوەیانو «بەکۆیلەکردنیان».

کاردۆ محەمەد، پێیوایە ناڕوونی لە بودجەو داهاتو چۆنێتی سەرفکردنەکەیو کاریگەریی حیزب لەسەر حکومەت، کاریگەریی خراپی هەبووەو وتی: «خەڵکانێک هەن بەهۆی ڕۆڵو تەداخولاتی حیزبەوە مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە کە ڕەنگە پێویستیشیان نەبێت، بەڵام کەسانێکیش هەن ڕۆڵی کاریگەریان هەیە، بەڵام مووچەیان نییە، دەنا پێویستە هەموو کەسێک کە کاری نییە تا کاری بۆ دەدۆزرێتەوە بەشێک لە داهاتی بدرێتێ بۆئەوەی پێی بژی».

سەمیرە محەمەد، چالاک لە بواری مافەکانی ژن، پێیوایە پرۆژە یاسایەکی لەوجۆرە لەگەڵ واقیعی ئێستای ژناندا دەگونجێت، بەوپێیەی «بارودۆخی کۆمەڵایەتیو نەخوێندەواریی ئێستای ژنانی کوردستان وایکردووە، کە زنجیرەیەک لە ژنانی پێشوومان کە خاوەنی ماڵو منداڵن بێبەشبوون لە خوێندەوارییو نەیانتوانیوە دابمەزرێنو خاوەن داهاتبن».

ئەو ئاماژە بەوە دەکات، کە هەندێک لەو ژنانەی داهاتیان نییەو نەخوێندەوارن کراونەتە کۆیلەو گوێڕایەڵی بەخێوکەرەکانو توانای دەسەڵاتو بڕیاردانیان نییە «کەواتە کۆیلەن، زۆرێک لەو ژنانە بەهۆی نەبوونی داهاتو چاوەڕوانی دەستی بەخێوکەرەکانیان، وادەکات ئازادییەکانیشیان وەک پێویست نەبێتو بەشێک لە ژنانی ئێمە بچەوسێنرێنەوە».

کاردۆ محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی گۆڕان، سەربارى ئەوەی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو پرۆژەیەی پێشکەشیان کردووە، جێبەجێکردنی بەرنامەی پێشتری لیستەکەیانەو ئەو بەڵێنەیە کە بەخەڵکیانداوە، دابینکردنی داهات بۆ ژنانێک کە بەماڵدارییو پەروەردەکردنی منداڵەوە سەرقاڵن وەک پێویستییەکی گرنگی نەهێشتنی جیاوازیو بێ مافی ئەو ژنانە لەقەڵەمدەدات، کە «بەشێکی زۆریان بەهۆی هۆکاری کلتووریی، کۆمەڵایەتی، ئابووریی، یا بەهۆی ئەوەی ئەرکی منداڵ بەخێوەکردنیان هەیە لە ماڵەکانیانو هیچ داهاتێکیان نییە، ئەمانە وایکردووە ئەو ژنانە مافو سەربەخۆییان نەبێت لە خێزاندا کە بەشداریی بڕیاردان بکات یا خاوەنی مووچەیەک بن، بۆ ئەو مەبەستە ئەو پرۆژەیە پێشکەشکراوەو بەهیوایین لە پەرلەماندا ببێتە پرۆژەیەکی یاساییو ژنانی ماڵ ببنە خاوەنی بیمەیەک کە ژیانیان دابینبکات».

### بێکارەکان داهاتیان دەوێت

سەمیرە محەمەد، بڕوای وایە لە هەرێمێکی دەوڵەمەندی وەک کوردستان جێی خۆیەتی باسی ئەو ژنانە بکرێتو ئەو ڕێژەیەش بە کەم نازانێت لەکاتێکدا بەپێی ئامارەکان (٣/١)ی ژنانی کورد نەخوێندەوارنو «بەشێکی زۆری ئەوانە دانەمەزراونو داهاتێکیان نییە»، بۆچوونیشی وایە بێ سەرمایەیی ژن لە کوردستاندا جگە لەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتییو ئابووریان بووەتە فشارێکی جەستەییو دەروونی لەسەریان، کۆمەڵێک ئافاتی بەدوای خۆیدا هێناوەو بە پێویستی دەزانێت بۆ لەکۆڵکردنەوەی بەشێک لەو ئافاتانە بڕێک پارەی مانگانە بۆ ئەو ژنانە تەرخانبکرێت، وتیشی: «بەڵام ئەو ژنانە کە بەساڵاچوونینو خاوەن منداڵن پێویستە بە پرۆژەی ئابووریی بێت، هەروەها ئەو ژنانو کچانە لەخۆبگرێت کە پێشمەرگەبوونو داهاتێکی وایان نییە یا ئەو کچو ژنانەی تەمەنیان هەڵکشاوەو پێویستیان بەوە هەیە خاوەن داهاتێک بن بۆئەوەی بەڕێزەوە ژیان بەڕێبکەن».

لای خۆشیەوە کاردۆ محەمەد، بە مافی ئەو هاوڵاتییانەی دەزانێت پشکیان لە داهاتی کوردستاندا هەبێت کە تائێستا هیچ مووچەو داهاتێکیان نییەو دەڵێت: «ئەرکی حکومەت ئەوەیە هەموو تاکێک پشکی هەبێتو ئەوەی بێکاریشە بیمەی بێکاریی هەبێت، ئێمە تایبەتمەندێتیمان لەوە بەدیکردووە کە بەهۆی نەبوونی داهاتەوە ڕەنگە ژنی ماڵ نەتوانێت سەربەخۆیی هەبێتو ڕای هەبێت لە بڕیارداندا، لەکاتێکدا ئەرکی قورسی وەک منداڵ بەخێوکردنو ڕاییکردنی کاری ناوماڵیان لەئەستۆیە». هەروەک بە ئەرکی خۆیانی دەزانین کە بەرگریی یاسایی لەو ژنانەو پرۆژەیاساکەیان بکەن بۆ داکۆکی لە بەدیهێنانی مافی ژنانی ماڵ.

### ئایا دەبێتە یاسا؟

پرۆژەیاسای بیمەی کۆمەڵایەتی کابانی ماڵ (پرۆژەیەکی هاوکاری داراییە بۆ ئەو ژنانەی لە سنووری هەرێمی کوردستاندا هیچ مووچەیەکیان نییە)، کە سێ ڕۆژ لەمەوبەر لیستی گۆڕان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردو لە (٩) مادە پێکهاتووەو تێیدا داواکراوە «مووچەیەک بۆ ئەو کابانانە ببڕدرێتەوە کە هیچ مووچەیەکی حکومییو کەرتی تایبەتیان نییە».

کاردۆ محەمەد بڕوایوایە، پرۆژەکانیان بۆ بەرژەوەندییو بەرگریی لە خەڵکو هاوڵاتییانی کوردستان، وتیشی: «پێشموانییە هیچ هێزێک بتوانێت بە ئاسانی دژی پرۆژەیەک بووەستێتەوە کە بەرژەوەندیی بەشێکی گرنگی کۆمەڵ دابیندەکاتو شتێکی ڕەوایە، داهاتی بەشی ئەوەش هەیە لە کوردستاندا».



# فراکسیۆنی گۆڕان پرۆژە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ماڵ پێشکەشکرد

## مقترح

## قانون الضمان الاجتماعي للمرأة ربة البيت

• المادة الأولى: يقصد بالمصطلحات الآتية المعاني المبينة إزاءها:-

-مجلس الوزراء: مجلس وزراء إقليم كوردستان-العراق.

- وزارة العمل والشؤون الاجتماعية: وزارة العمل والشؤون الإجتماعية لحكومة إقليم كوردستان

- وزارة المالية : وزارة مالية حكومة إقليم كوردستان-العراق.

- دائرة الضمان الإجتماعي: دائرة الضمان الاجتماعي-وزارة العمل والشؤون الاجتماعية لحكومة إقليم كوردستان-العراق.

• المادة الثانية: يسمى هذا القانون «قانون الضمان الاجتماعي للمرأة ربة البيت».

• المادة الثالثة: يقصد بالمرأة ربة البيت لأغراض تطبيق هذا القانون :-

١. المرأة المتزوجة أو المرأة المطلقة أو المرأة الأرملة المتوفي زوجها والبالغة سن الرشد، التي لم تتوظف في أية وظيفة حكومية أو أهلية ولا تتقاضى أية رواتب أو منح مالية، لا حكومية ولا أهلية، ولا يوجد لديها مورد مالي ثابت ومستقل متمثل بالدخل أو الراتب أو منح مالية أو مخصصات من أية جهة حكومية أو غير حكومية.

٢. المرأة العانسة التي تجاوزت الأربعين من العمر وليست لها فرصة التوظيف أو العمل الحر لأسباب تعليمية أو معوقات اجتماعية أو أية أسباب أخرى جسدية أو عقلية.

٣. تعد المرأة المتزوجة التي أكملت السادسة عشرة من العمر بحكم المرأة البالغة سن الرشد لأغراض تطبيق هذا القانون عندما تتوفر فيها الشروط المنصوص عليها في الفقرة (١) من هذه المادة.

• المادة الرابعة :

١. يهدف هذا القانون الى تحرير تبعية المرأة للرجل بتحرير تبعيتها الاقتصادية وذلك بضمان الاستقلال المالي لها مما يسهم في النهوض بها داخل الاسرة والمجتمع واعتبارها امرأة عاملة الى أن تتولى وظيفة أو تتلقى مورداً مالياً ثابتاً بشكل دوري ضماناً لحقوقها.

٢. يكون هذا القانون أساساً لهدم التمايز الاجتماعي بين المرأة والرجل في المجتمع القائم أساساً على تمايز اقتصادي.

٣. يجب أن يؤدي تطبيق هذا القانون الى ضمان أن تكون للمراة ربة البيت ذمة مالية مستقلة عن الذمة المالية للزوج أو من الآخرين داخل الأسرة.

• المادة الخامسة:

١. على مجلس الوزراء العمل على توفير فرص عمل متساوية لجميع المواطنين في القطاعين العام والخاص مع الأخذ بنظر الاعتبار الظروف المعيشية والاجتماعية والاقتصادية للمرأة ربة البيت في هذا المجال.

٢. تُخصص وزارة المالية منحة مالية شهرية للمرأة ربة البيت تضمن لها استقلالية مادية وشخصية.

• المادة السادسة:

١. تتولى وزارة العمل والشؤون الاجتماعية مهمة إعداد الاحصاءات اللازمة وإصدار التعليمات الضرورية لتحديد شروط وأوصاف المشمولات بهذا القانون لتسهيل تطبيقه.

٢. تشَكل لجنة وزارية من قبل وزارتي المالية والشؤون الاجتماعية لتقدير المنح المالية الشهرية التي ستعطى للمرأة ربة البيت كضمان اجتماعي مع الأخذ بنظر الاعتبار الظروف الاقتصادية للاقليم والوضع الاجتماعي والمالي للمرأة ربة البيت، وستكون المنح المالية قابلة للتغيير بتغيير الظروف الاقتصادية والمعيشية في الاقليم.

٣. تخصص الميزانية اللازمة لتأمين الضمان الاجتماعي للمشمولات بهذا القانون من إيرادات النفط.

• المادة السابعة :

١. إستلام المرأة المتوفي زوجها لراتب زوجها التقاعدي لا يمنع من شمولها بأحكام هذا القانون إذا كان الراتب لا يضمن لها عيشاً رغيداً و استقلالية مادية وشخصية.

٢. إنفاق الزوج على زوجته طبقاً لأحكام الشريعة الاسلامية والقانون لا يعد مورداً مالياً ثابتاً ومستقلاً لأغراض تطبيق هذا القانون، دون أن يقلّل هذا القانون من أهمية ذلك الإنفاق من الناحية الشرعية والاجتماعية.

٣. تخصم المخصصات الزوجية من راتب زوج المرأة ربة البيت الموظف إذا كانت مشمولة بهذا القانون.

• المادة الثامنة: إذا ثبت أن المرأة التي تحصل على منحة مالية بموجب هذا القانون أنها موظفة أو أنها تتقاضى راتباً أو منحةً ماليةً ثابتة بشكل دوري من جهات حكومية أو أهلية، فتقطع عنها المنح المالية بموجب هذا القانون وتلزم بإعادة الاموال التي تقاضتها. وإذا ثبت أنها قدمت معلومات كاذبة أو مستندات مزورة بغية شمولها بهذا القانون فينبغي إحالتها الى القضاء.

• المادة التاسعة: على وزرارة العمل والشؤون الاجتماعية تخصيص منح مالية إضافية للمراة ربة البيت التي تتحمل عبئاً إضافياً داخل الأسرة كوجود زوج مقعد أو طفل مشلول أو مسن مقعد أو أي شخص داخل العائلة من ذوي الاحتياجات الخاصة أو يعاني من عاهة مستديمة أو مرض مستعصي وبحاجة الى من يعيله داخل المنزل، مالم تكن تتقاضى رواتب أو منحاً مالية أخرى للغرض نفسه، مع مراعاة القوانين النافذة في هذا السياق.

• المادة العاشرة: على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون.

• المادة الحادية عشرة: ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

الأسباب الموجبة

بما أنه من حق كل إنسان باختلاف جنسه العيش في حياة كريمة ورغيدة والحصول على فرص عمل متساوية للعمل والتمتع بالايرادات الحكومية بشكل متساو وطالما أن الحكومة ملتزمة بمحاربة البطالة وتوفير فرص عمل متساوية لجميع المواطنين وفي سبيل تهيئة أفضل الأجواء وأحسنها للمرأة ربة البيت داخل الأسرة لكي تترقى الى مكانتها المرموقة داخل الأسرة والمجتمع وبغية ضمان استقلاليتها المالية كي لا تبقى تابعة للاخرين واعتبار الجهد الذي تبذله المرأة ربة البيت داخل الأسرة عملاً يستحق الضمان والأجر الى أن تتوظف في وظيفة أو عمل خارج العمل المنزلي، وإنطلاقاً من أن واجب حكومة اقليم كردستان يقتضي إنفاق عائدات الثروة الوطنية، ومنها النفط، لأغراض التنمية البشرية بشكل عادل ودون تمييز بين الجنسين فقد شرع هذا القانون.

# سیناریۆکەی وەزارەتی پەروەردەو یەکێتیی مامۆستایان سەریگرت

**شارا عەبدولڕەحمان**

کۆتایی هەفتەی رابردوو یەکێتی مامۆستایانی کوردستان تا رۆژی (١٠/٣)ی دیاریکرد بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی داواکارییەکانی مامۆستایان جێبەجێ بکات بە گەڕانەوەی دەرماڵەی پیشەیی چوار مانگی مامۆستایانو رایگەیاند: ئەگەر تا ئەو وادەیە ئەو داوایەیان جێبەجێ نەکرا، ئەوا مانگرتنی سەرتاسەری رادەگەیەنن، بەو هۆیەشەوە ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتی پەروەردە دەستبەجێ داواکەی ئەو یەکێتییەی جێبەجێکردو مانگرتنەکە رووینەدا.

بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینیە، ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی کوردستان جێبەجێکردنی ئەو داوایەیان بە سیناریۆی نێوان وەزارەتی پەروەردەو یەکێتی مامۆستایان دەزانن، چونکە لەم کاتەدا کە زۆربەی مامۆستایان داوا دەکەن ستافی یەکێتی مامۆستایان دەستلەکاربکێشنەوە بەهۆی ئەوەی کە کار بۆ مامۆستایان ناکەنو شەرعیەتی کارکردنیان نەماوەو لەبری ئەوەی نوێنەری مامۆستایان بن نوێنەری حیزبەکانن.

دەستەی داکۆکیکردن لە بەرژەوەندیی مامۆستایان سەبارەت بە بڕیاری یەکێتی مامۆستایان بۆ مانگرتنی سەرتاسەری لە کۆتایی هەفتەی رابردوودا روونکردنەوەیەکی بۆ رای گشتیی بڵاوکردەوە، کە تیایدا وێڕای ئەوەی کە داکۆکیکردن لە هەر مافێکی مامۆستایان بەکارێکی رەوا دەزانن، کە لە بەرژەوەندی مادیو مەعنەوی مامۆستایاندا بێت، هاوکات ئاماژەیان بەوە کردووە، کە داواکردنی ئەو مافانەی ئێستا یەکێتیی مامۆستایان بیری کەوتووەتەوە دەبوایە زۆر پێشتر کاری لەسەر بکردایە، هەر لە روونکردنەوەکەشدا هاتووە؛ «یەکێتی مامۆستایان تەنیا ئەو کاتانە مامۆستاو مافو بەرژەوەندییەکانی ئەوانی بیر دەکەوێتەوە کە ئیشی تێیان دەکەوێت، لە ئێستاشدا لەگەڵ ئەو گوشارانەی کە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە یەکێتی مامۆستایاندا لە ئارادان، دەیانەوێت لە رێگەی ئەم سینایۆیەوە دڵسۆزییو پەرۆشیی خۆیان بۆ مامۆستا بسەلمێنن».

هەر چەند رۆژێکی کەم دوای بڕیاری مانگرتنی مامۆستایانی کوردستان، کە لەلایەن یەکێتی مامۆستایانەوە بڕیاری لێدرا، د.دڵشاد عەبدولڕەحمان وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم رۆژی (١٠/١) لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: کە بڕیاردراوە بەجێبەجێکردنی ئەو داواکارییانەی کە لەلایەن مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی مامۆستایانەوە داواکرابوو، وتیشی: «لەم مانگەوە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم بەڕەسمیی بڕیاری سەرفکردنەوەی دەرماڵەی (١٢٥) هەزار دینار بۆ چوار مانگ لەگەڵ خەرجکردنی دەرماڵەی مامۆستایانی تایبەت بە پلەی پێنجو شەش دراوە».

هەر دوای وتەکانی وەزیری پەروەردە، رۆژی (١٠/٢) یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: کە بڕیاری مانگرتنی مامۆستایان هەڵوەشاوەتەوەو داوای لە مامۆستایان کرد، کە رۆژی (١٠/٣) لە قوتابخانەو خوێندنگەکانیاندا دەوامی ئاسایی خۆیان بکەن، بەوپێیەی حکومەتی هەرێم داواکانی بۆ جێبەجێکردوون.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە، کە بەیاننامەکەی یەکێتیی مامۆستایان لە رێگەی بەریدی بەڕێوەبەرێتییەکانی پەروەردەوە وەک بڕیارو فەرمان بۆ قوتابخانەو خوێندنگەکان نێردراون بۆ ئەوەی ئیلتیزامی پێوە بکەن، بەوهۆیەشەوە دەستەی داکۆکیکردن لە بەرژەوەندی مامۆستایان ئەم کارەی یەکێتی مامۆستایان بە سیناریۆی نێوان دامودەزگا رەسمییەکانی پەروەردەو ئەو یەکێتییە دەزانن‌و ئەوە وەبیر مامۆستایان دەهێننەوە، کە چوار ساڵ لەمەوبەر مامۆستایان لەپێناو دابینکردنی دەرماڵەو مافی خۆیاندا رژانە سەر شەقامەکان، بەڵام یەکێتی مامۆستایان دژایەتیو بەرهەڵستی دەکردن، هەر بۆیە ئەو دەستەیە کە روونکردنەوەکەیاندا داوا دەکەن «باشترین کار کە یەکێتی مامۆستایان بیکەن ئەوەیە کە دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان رابگەیەنن، چونکە تەنیا لەپێناو بەرژەوەندیی شەخسی خۆیاندا کاریان کردووە، نەک مامۆستایان».

لەلایەکی دیکەوە، رۆژی (١٠/١) دەستەی مامۆستایانی گۆڕانخواز بەیاننامەیەکی دەرکردو وێڕای دەستخۆشیو پشتگیریی لە هەڵوێستەکەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە سووربوون لەسەر جێبەجێکردنی داواکانی مامۆستایانو بڕیاردان بۆ مانگرتن، بەڵام بە پێویستی دەزانن کە ئەم هەڵوێستەی یەکێتیی مامۆستایان چوار ساڵ لەمەوبەر بوایە نەک ئێستا.

لە بەیاننامەکەشیاندا ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەوان وەک مامۆستایانی گۆڕان ساڵی پار مانگرتنیان سازداو هەمان ئەم داواکارییەیان هەبوو، کە ئێستا یەکێتی مامۆستایان درکی پێکردووەو داواکەشیان پێشکەشی (جێگری سەرۆکی حکومەت، پارێزگاری سلێمانی، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردە، یەکێتی مامۆستایان) کرد، بەڵام وێڕای ئەوەی داواکەیان پشتگوێخرا، یەکێتی مامۆستایانو وەزارەتی پەروەردەوە دژی هەڵوێستەکەیان وەستانەوەو مامۆستایانی گۆڕانخوازیان بە گێرەشێوێنو نابەرپرس تاوانبار کرد.

هەر بەو هۆیەشەوە مامۆستایانی گۆڕانخواز هاوڕان لەگەڵ دەستەی داکۆکیکردن لە بەرژەوەندی مامۆستایانو ئەم کارەی یەکێتی مامۆستایانو وەزارەتی پەروەردە بە سیناریۆی نێوان ئەو دوو لایەنە دەزانن لەم کاتەدا کە زۆربەی مامۆستایان داوای بەستنی کۆنگرەو دەستلەکارکێشانەوەی ستافی یەکێتی مامۆستایان دەکەن.


فۆتۆ: عەدنان مەلا ساڵح

## گۆڕانکارییەکانی پەروەردەو کەمیی بینا کێشە بۆ خوێندکاران دروستدەکات

# مەکتەبی سیاسیی یەکێتیو ڕێکخراوە دیموکراتییەکان لە بینای پەروەردەدان

**بەرهەم خالید**

گۆڕانکارییەکانی پەروەردەی سلێمانی بۆ رێکخستنەوەی خوێندنگە بنەڕەتیو ئامادەییەکان، کە بەهۆی کەمیی بیناوە خوێندکارانی ژمارەیەک لە خوێندنگەکان لە شوێنەکانی خۆیان گواستراونەتەوە کێشەی بۆ خوێندکارانی چەند گەڕەکێک دروست کردووە، ئەوە لە کاتێکدایە کە ژمارەیەک بینای بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی لەلایەن حیزبی دەسەڵاتدارو چەند لایەنێکی دیکەوە داگیرکراون، بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانیش دەڵێت؛ هەوڵمان زۆرداوە ئەو بینایانە وەربگرینەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ ئەنجامێکیان نەبووە.

لە سەرەتای خوێندنی ئەمساڵەوە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی گۆڕانکاریی لە چەند خوێندنگەیەکی ناو شاری سلێمانیدا ئەنجامدا بە مەبەستی دووبارە رێکخستنەوەی ئەو خوێندنگەیانە بەپێی سیستمی نوێی پەروەردەو دابەشکردنیان لەنێوان بنەڕەتیو ئامادەییدا، کە بە هۆیەوە خوێندکارانی چەند خوێندنگەیەک ناچارکران لە خوێندنگەکانی پێشوویان بگوازرێنەوە ئەوەش کێشەی بۆ دروستکردوون، بەهۆی دووریی خوێندنگە نوێیەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە.

کەمال نوری غەریب، بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەوان پێش مانگێک دەستیانکردووە بە گۆڕانکاریی لە چەند خوێندنگەو قوتابخانەیەکداو ئەو گۆڕانکارییەش (٦٩) قوتابخانەی گرتووەتەوە، کە بریتین لە گۆڕینی خوێندنگە بۆ بنەڕەتیو ئامادەیی ئەوەش بەپێی فەرمانی وەزارەت بووەو دوای دیراسە لەسەرکردن بڕیاری لێدراوە، کە بریتیبوون لە هەڵوەشاندنەوەو یەکخستنو رێکخستنی ئەو خوێندنگەیانە، بەڵام هەندێک لە خوێنداکارانو مامۆستایان بەرژەوەندییان لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە نییەو ناڕازین لە کارەکانیان وتیشی: «ئێمە لەپێناو پەیڕەوکردنی سیستمی نوێی پەروەردە ئەوەمانکردووە بۆ ئەوەی بتوانین بە باشترین شێوە جێبەجێی بکەین لەپێناو سوود گەیاندن بە خوێندکاران».

لە ئێستادا کەمیی بینا یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی پەروەردە، بۆیە بە ناچاریی خوێندکاران دەگوازرێنەوە بۆ خوێندنگە دوورەکانو تەنانەت لە هەندێک خوێندنگەدا تائێستا زیاتر لە دوو دەوام دەکرێت، ئەوە لە کاتێکدایە ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە کێشەی کەمیی بینا یەکێکە لە کێشە ئەزەلییەکانی ئەوان، بەڵام تائێستا ئیشی باش کراوە بۆیە لە چەند خوێندنگەیەکدا تائێستا سێ دەوامی تێدایە ئەوە لە کاتێکدایە، کە لەدوای راپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ەوە ژمارەیەک بینا کە سەر بە بەڕیوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانین لەلایەن خێزانی ئاوارەکانو حیزبو لایەنە سیاسییەکانەوە داگیرکراونو تائێستا چوڵ نەکراونو هەردوو بارەگای ئێستای مەکتەبی سیاسیی یەکێتیو رێکخراوە دیموکراتییەکان بینای پەروەردەن.

بەرێوەبەری پەروەردەی سلێمانی باسی لەوەکرد، کە ئەوان بۆ وەرگرتنەوەی ئەو بینایانە هەموو رێگەیەکیان گرتووەتە بەر تەنانەت رێگەی شەخسیشو هەروەها نووسراویان بۆ ئەنجومەنی وەزیرانیش کردووەو گەیشتووەتە ئەوێش، بەڵام تائێستا وەڵامیان نەدراوەتەو هیچ ئەنجامیان نەبووە، «ئێمە هێزمان نییە تا بەهێز بیناکانمان وەربگرینەوە».

**ئەو بینایانەی کە سەر بە پەروەردەی سلێمانینو داگیرکراون:**

١- بینای (١٢) پۆلیی ناوەندیی لە قالاوا لەسەر شەقامی شەست مەتری.
٢- بینای (٩) پۆلیی لە گەڕەکی شێخ محێدین چەند ماڵێکی تێدایە/ ئاوارەن.
٣- بینای (٦) پۆلیی لە نزیک وەزارەتی دارایی.
٤- بینای باخچەی ساوایان لە شێخ محێدین.
٥- بینای بەشی ناوخۆیی لە گەڕەکی قالاوا.
٦- بینای چالاکی قوتابخانەکان لە گەڕەکی قالاوا.
٧- بینای بەشی ناوخۆیی لە سەرکارێز.
٨- بینای باخچەی ساوایان لە گەڕەکی خەبات.
٩- بینای باخچەی ساوایان لە سەرکارێزی وەستا شەریف داگیرکراوە.
١٠- بینای قوتابخانەی مەحوی کۆن بەرامبەر ناوەندیی سلێمانی کچان/ ئیبن خەلەکان.
١١- بینای چەند ژوورێک لە تەنیشت قوتابخانەی ئەمین زەکی.
١٢- بینای باخچەی ساوایان لە چوارتا/ ئاوارەن.
١٣- بینای باخچەی ساوایان لە چوارتا/ ئاوارەنین.
١٤- بینای خانووی تایبەت بە بەڕێوەبەری گشتیی/ حیزبی سۆسیالیستی تێدایە.
١٥- هەشت ژوور لە ئامادەیی سلێمانی کوڕان لەلایەن رێکخراوی ئازادی لاوانەوە داگیرکراوە.
١٦- بینای پاشکۆی پیشەسازیی سلێمانی کوڕان/ رێکخراوی ئازادی لاوان داگیریکردووە.
١٧- خانەی مامۆستایان ئێستا مەکتەبی سیاسیی (ی.ن.ک)ی تێدایە.
١٨- بینای مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان لە کۆندا خوێندنگە بووە.

## ئاگریان لە ئۆتۆمبێلەکەی بەردا

# بەختیار سەعید: یەکێتیو پارتی بە ئاگر وەڵامی رای جیاواز دەدەنەوە

کاروان ئیبراهیم

شەوی ١٠/٢ لە رووداوێکی تەمو مژاویدا، ئاگر بەردرایە ئۆتۆمبیلەکەی رۆژنامەنووس، (بەختیار سەعید)، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ بەشداریکردن لە بەرنامەیەکی کەناڵی (KNN)، کە تێیدا بەختیار رەخنەی لە دەسەڵاتو یەکێتیو پارتی گرت.

**رۆژنامە: تۆ وەکو رۆژنامەنووسێک ئەو دەستدرێژییە چۆن کرایە سەرتان؟**

* من رۆژێــــــــک پێش رووداوەکە لەگەڵ، روژنامەنووس (رەئـوف محەمەد ئالانی) لە دیدارێکی تایبەت لە رادیۆی گۆڕاندا قسەمان لەسەر یەکلیستییو یەکهەڵوێستیی دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستاندا کرد، من لە پێش بەرنامەکەشدا باسمکردووە، هیچ کاتێک رەخنەم لە یەکێتیو پارتی نییە، کاتێک کە ئەوان ئەرکو واجبی حیزبایەتی خۆیان جێبەجێ بکەن، بەڵام کاتێک ئەم دوو حیزبە تەداخول لە بوارەکانی ژیانو کایە رۆشنبیرییو سیاسییو کۆمەڵایەتییەکانی ئەم وڵاتەدا دەکەنو بە ئاشکرا حکومەتیان کـردووە بە حیزبو حیزبیان کـردووە بە حکومەت، دەبێت ئەوان چاوێک بە هەڵەکانیاندا بخشێننەوەو سەیری ئەو حاڵەتە بکەن کە تێیکەوتوون، بە کۆی گشتیی دەتوانم بڵێم، قسەکانی من قسەکردن بووە لەسەر ئەوەی کەحەق نییە کورد بەیەک لیست دابەزێتو داوا دەکەم هەموو لیستەکان بەجیادابەزن، چونکە یەکێتی وپارتی هەموو دەسکەوتە سیاسییو نیشتمانیو نەتەوەییو سامانە گەورەکانیان لە بەغدا دۆڕاندووەو بۆ بەرژەوەندیی حیزبی خۆیان بەکاریانهێناوە، بۆیە هەرکەسێک ببێتە یەکلیست لەگەڵ ئەمانەدا دەبێتە شەریکی دۆڕاوەکـانو بەرئەنجامەکانی رابـردووی ئەمان.

نازانم ئازادیی رادەربڕین لە کوێدایە، بەئاشکرا (سۆرانی مامەحەمە) یان لەسەر دوو رێپۆرتاژ شەهید کرد، لە سلێمانیش دەستێکی بۆگەنی دەزگا ئەمنییەکان یەکێتیو پارتی بە هاوبەشی، بۆیە دەڵێم بە هاوبەشی، چونکە دەبوایە عەمەلییەکە نەوعێکی تر بوایەو دەبوایە زیاتر روونکرایەتەوە، ویستیان رۆژنامەنووس (ئەحمەد میرە) تیرۆربکەن، بەڵام هەوڵەکە ئاشکرابوو، ئەمرۆ هاتوون ئۆتۆمبیلەکەی من دەسووتێنن، بۆیە پێموایە ئەمە ئۆتۆمبێلی بەختیار سەعید نییە بە تەنیا کە دەستدرێژی دەکرێتەسەر، بەڵکو هەڕەشەیەکی ئاگراویو باروتاوی یەکێتیو پارتییەو بەخەڵکی ئەم وڵاتەی دەدەن کە جگە لە ئەوان کەس مافو ژیانو هەڵمژینی هەوای نییە، بۆیە ئەوان ئەمەیان بە ئاشکرا ئیسپاتکردووەو نانی خەڵک دەبڕنو خەڵک دەگوازنەوەو خەڵک دەردەکەن، لەبەر ئەوە پێموایە، ئەوەی بەعس نەیتوانی بیکات ئەمان زۆر بەباشی توانییان جێبەجێی بکەن.

بەعس دوژمنی خەڵکی کوردستان بوو، بەڵام ئەمان بە ناوی کوردایەتییەوە نانی خەڵک دەبڕنو ئازادییەکانمان لێ زەوت دەکەن، دوو دەزگای ئەمنیی هەیە بەناوی (پاراستن وزانیاری) لە هیچ شتێک ناترسنو ناسڵەمنەوە، من لەبیرمە بەڕێز (مەسعود بارزانی) لە کاتی کردنەوەی ئاژانسی پاراستنی پارتی لە سەلاحەدین، وتەیەکی پێشکەش کردو وتی «ئومێدموایە، ئەم دەزگایەی کە ئێستا دەکرێتەوە دەزگایەک بێت خەڵک سەردانی بکاتو دەزگایەک بێت رۆحیەتی تێکەڵاوبوونی تێدا بێت، دەزگایەک نەبێت وەکو قەسری نیهائی بەغداو ئەمنە سوورەکەی سلێمانی».

بۆیە بیرکردنەوەی مەسعود بارزانی ژیرانەو حەکیمانە بووە کە وتویەتی نابێت ئەم دەزگایە ئاوا بڕوات، بەڵام ئێستا مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتیو سەرۆکی هەرێمە دەزانێت ئۆتۆمبیلی بەختیار سەعید دەسووتێتو کێ هەوڵی تیرۆرکردنی ئەحمەد میرەی داوەو هەموو ئەم جۆرە هەوڵانە مایە پوچن، چونکە هەزارەها کەسی ئازادیخواز بەرێوەنو درێـــژە پـێـدەری ئـازادیـی رادەربـڕیـنو ئازادیی رۆژنامەوانین، پێموایە دەبوایە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان روونکردنەوەیان بدایە، من بە ئاشکرا لە بەردەم دادوەردا وتوومە، گومانم لە دەزگای پاراستنو زانیاری هەیە،

**رۆژنامە: بۆچی بۆ وەڵامدانەوەی قەڵەمی ئازادو رۆژنامەنووسێک کە خاوەنی تێڕوانینی جیاوازبێتە رێوشوێنە مەدەنیو ئەدەبییەکان ناگرنەبەر؟**

*زۆربـەی زۆری ئەو رۆژنامەنووسانەی لەناو یەکێتیو پارتیدان هاوکارو هاورێو برادەری منن، کاتێک قسەیان لەگەڵدا دەکەم دەڵێن، قسەکانت هەمووی راستە، بەڵام ئەگەر قسە بکەین مووچەو نانمان دەبڕن، چونکە لە دەستی حیزبدایە، ئەو حزبانە ئەگەر دیموکراسی بوونایە لە کاتی هەڵبژاردندا دەمانچەو ماکسی ژنانەیان دابەش نەدەکرد، دەبوایە نانی خەڵکیان نەبڕیایە.

ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی هەبووە دڵنەوایی کـردووومو لەگەڵ خەمو نیگەرانیی خۆمو هاوەڵەکانم بووە، من دووساڵ لەمەوپێش پارتی بووم، بۆیە ناتوانم جارێکی تر پارتی بم، من کاتی خۆی باوکم لە قەسری نهائی سجن بوو، پاراستنیش ١٥رۆژ منی سجن کرد کە دێمە ئەم شارە (سلێمانی)، بەرپرسی دەزگای پاراستنی ئەم شارە بەدوامەوەیە، چەندین ئیتلاعاتو پیاوی میتی تورکیو ئیستخباراتی عێراقیو سووری دەسورێنەوەو تەراتێن دەکەن، بەڵام بەدوای ئەواندا ناگەڕێنو بەس بەدوای (بەختیار سەعید)دا دەگەڕێن.

ئەگینا ئەگەر ئەرکێکی ئەخلاقیو نیشتمانی لە ئەستۆ دەگرن، رەخنەم لێگرتوونو رەخنەم لێبگرن، ئەگەر جنێوم پێیاندا، جنێوم پێبدەن یان بمدەن بە دادگا.

دادوەر دەناسم لەم وەزعە بێزارە، زۆربەی پارێزەرو یاساناسەکان بێزارن لەم وەزعەی کوردستان، رۆشنبیرانیان بێزارکردووە، پێموایە، ئەگەر یەکێک دۆڕاوو مایەپووچ نەبێت نایەت ئۆتۆمبێلێک بسووتێنێت. ئەگەر ئەوان بڕیاری خزمەتکردنیانداوە، با بێن پێشبڕکێمان لەگەڵدا بکەن، نەک بمانکوژن.

**رۆژنامە: دەزگای ئاساییش چ هەڵوێستێکیان هەبوو لەسەر ئەو روداوەی بەسەر تۆدا هاتووە؟**

*سوپاسی برایانی ئاگرکوژێنەوەی پیرەمێردو (١٠٤) دەکەم کە هاتن، بەڵام هەر کە وتم کامێرای (KNN) دێت ئەوان یەکسەر رایانکرد، دەبوایە بهاتنایەو ببیانوتایە، ئێمە کارمەندی ئەم حکومەتەینو هاتوین ئاگرێک کەوتووەتەوەو دەیکوژێنینەوە، ئایا خێرە من لە بەردەرگای ماڵەکەم ئۆتۆمبێلەکەم دەسوتێتو ئەوانیش قاچ دەخەنە سەر قاچ، ئەگەر وا نییە، بۆ ئەو هەموو کەناڵە لۆکاڵیو ئاسمانییەی یەکێتیو پارتی نەهاتن ئەم رووداوە بگوازنەوە، بۆیە من پێتدەڵێم دەزگای ئاسایشی سلێمانی، خۆم پەیوندیم پێوەکردن، بڕواناکەم دەرئەنجامی تەحقیقشیان لە دەرئەنجامەکەی (سۆرانی مامە حەمە) زیاتر بێت، (١٠٦) هاتنە ئێرەو خۆم رووداوەکەم بۆ گێڕانەوەو پێشموتن، ئەمە بەدەر نییە لە یەکێتیو پارتیو دەزگای زانیارییو پاراستن گومانم لەکەسی تر نییە.



بەختیار سەعید لە تەنیشت ئۆتۆمبیلە سوتێنراوەکەیەوە رۆژی ٢٠٠٩/١٠/٢

## تەنیا لەم مانگەدا نرخی ئەمپێرێک (٤) هەزار دینارە

# ساڵی داهاتووش موەلیدە ئەهلییەکان لانابرێن

سەنگەر جەمال

موەلیدە ئەهلییەکانی سلێمانی قایل بوون بۆ ئەم مانگە بەوبڕە پارەیەی وەزارەتی کارەبا دایناوە کار بکەن، بەڵام رەنگە بۆ مانگەکانی داهاتوو گۆڕان لە نرخو بڕی کارەبای موەلیدەکاندا بکرێت، هەروەک پێشبینی دەکرێت، تا هاوینی داهاتووش پێویستی بە موەلیدەکان هەبێتو وێستگەکانی کارەبا نەتوانن کارەبای بەردەوام دابین بکەن.

دوای ئەوەی چەند شەوی رابردوو خاوەن موەلیدە ئەهلییەکانی شاری سلێمانی قایل نەبوون بەرامبەر (٤) هـەزار بۆ یەک ئەمپێر شەوانە (٣) سەعات کارەبا بدەنە هاوڵاتییانو بڕیاری وەزارەتی کارەبا جێبەجێ بکەن، لە کۆبوونەوەیەکی سەندیکاکەیان لەگەڵ فەرمانگەی کارەبای سلێمانی بڕیاریاندا دەستبەکارکردنو پێدانی کارەبا بکەنەوە بەو نرخە «بەڵام تەنیا ئەوە بۆ ئەم مانگەیەو رەنگە مانگەکانی داهاتوو گۆڕانی بەسەردا بێت».

ئەبوبەکر ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای سلێمانی، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە ئەوەی خستەڕوو، کە خاوەن موەلیدەکان قایلبوون بەوەی تەنیا شەوانە لە کاتی کارەبا کوژانەوەدا لە سەعات (٥-١٢) تەنیا سێ سەعات کارەبا بدەنە هاوڵاتیان بەرامبەر (٤) هـەزار بۆ ئەمپێرێکو ئەوە کارەبا بڕین لە رۆژدا ناگرێتەوە، وتی: «ئەو بەرنامەیە بۆ ئەم مانگەیەو بۆ مانگەکانی داهاتوو بەرنامەی دیکە دادەنرێتو رەنگە لەو بەرنامانەدا گـۆڕان لـە بـڕی پێدانی کـارەبـاو نرخەکەشی بکرێت، یا وەکخۆی بمێنێتەوە».

لەبارەی ئەگەری لابردنی موەلیدە ئەهلییەکانی ناوشار لە ساڵی ئایندەدا وەک ئەوەی پێشتر باسی لێوەکرابوو بەڕێوەبەری کارەبا وتی: «تائێستا هیچ قسەیەک لەسەر ئەوە نەکراوە، کە ساڵی داهاتوو موەلیدە ئەهلییەکان ببڕێتو بەرنامەکەمان مانگانەیەو بۆ مانگی تشرینی دووەمو کانوونی یەکەم گفتوگۆی دیکەی لەسەر دەکرێتو بەپێی شێوازی پێدانی کارەبا، من بڕیاری ئەوە نادەم کە دەمێننەوە یان نا، ئەوە حساباتی بۆ دەکرێت، بەڵام ئێستا وێستگەی (٧٥٠) مێگاواتی (٤) یەکەی ماوە بکەوێتە کارکردن»، بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای سلێمانی وتیشی: «مـن پێشبینی دەکـەم لە هاوینی داهاتوودا یەکەکان ئامادەبنو بکەونە کارو بتوانرێت کارەبای بەردەوام لەرێگەی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەباوە دابینبکرێتو پێویستی بە موەلیدە ئەهلییەکان نەمێنێت، چونکە زستان گرفتو پێویستی بۆ کارەبا زیـاد دەکـات، بـەڵام ئێمە موەلیدە ئەهلییەکان لا نابەینو هەرکاتێک هاوڵاتی گەیشتە ئەوەی پێویستی بە موەلیدە نەمێنێت، خاوەنەکان خۆیان لای دەبەن».

## وێنە هەواڵ



سلێمانی گەرەکی بەختیاری – تا ئێستا پۆستەری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان لێنەکراوەتەوە فۆتۆ: سەنگەر

## سیستمی زۆرینەی زۆرایەتی: پاڵێوراوەکان سەردەکەون بە زۆرینەی دەنگەکان یان بە زۆرترینی دەنگەکان، ئەنجامەکان پێویستی بە رێژە نییە

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **براوەی یەکەم** | – بۆهەموو بازنەیەک کورسییەکە. – بۆ هەموو دەنگدەرێک دەنگێکە. – ئەو پاڵێوراوانەی زۆرترین دەنگ بەدەستدێنن دەیبەنەوە. | ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا، هیندستان، کەنەدا، بەریتانیا. | –پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەن و دەنگدەراندا هەیە. – ژمارەیەکی کەم لەو حیزبانە دەمێننەوە، کە جەماوەرێکی زۆریان هەیە. | دەکرێت زۆرێک لە نیوەی دەنگدەران پاڵێوراوێک هەڵبژێرن کە دەرنەچووە. – دەکرێت ئەنجامەکان نەشیاو بن. دروستکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن قورسدەبێت. | – قورسە. – کورسی دیاریکراویان لەئەنجومەن دەبێت. – هەندێک لە بازنەکان بۆ پاڵێوراوان دەستنیشاندەکرێن. | سنووری ئەو بازنانە دەکێشرێن کە زۆرینەی کەمەنەتەوەکانی تێدایە. – کورسییان لە ئەنجومەن بۆ دیاریدەکرێت. | ئاسانە، چونکە دەنگدەران پاڵێوراوێک هەڵدەبژێرن. | – تێچوونەکانی مامناوەندە بەهۆی کەمیی بەکارهێنانی کاغەزەوە. |
| **دەنگدان بە لیست** | – فرەبازنەییە بۆ کورسییەکان. – دەنگدەران چەند دەنگێک بۆ چەند کورسییەک دەدەن. – پاڵێوراوان تێدەکۆشن بۆ ئەوەی زۆرترین دەنگ بەدەستبێنن. | کوێتن لاوس، لوبنان، مالدیف، مۆریس، ناوچەی دەسەڵاتی فەلەستینی، سوریا. | دەنگدەرو نوێنەرەکان پەیوەندییان دەبێت. | دەکرێت، ئەنجامی نە شیاوی ببێت. | – کۆتا بۆ پاڵێوراوان هەیە. – کورسییەکان لە ئەنجومەن دیاریکراون. – کورسی بۆ ئەو ژنانە دیاریدەکرێن کە نەگەیشتوونە رێژەیەکی دیاریکراو بۆیان تەواودەکرێت. | – کۆتا بۆ پاڵێوراوان هەیە. – کورسییەکان لە ئەنجومەن دیاریکراون. – کورسی بۆ ئەو کەمینانە دیاریدەکرێت کە نەگەیشتوونە رێژەیەکی دیاریکراو بۆیان تەواودەکرێت. | قورسە، چونکە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر پاڵێوراو و کورسی مامەڵە دەکرێت ئەگەر دەنگدەران چەندجارێک دەنگ بدەن. | تێچوونی زیاد دەبێت بەهۆی کاغەزی گەورەوە. |
| **دەنگی ئەڵتەرناتیڤ** | بازنەیەک یەک کورسییە. – دەنگدەران ئەولەویاتیان بۆ زنجیرەبەندی پاڵێوراوانە، لە یەک پاڵێوراوەوەیە تا ئەوانی دیکە. – ئەولەویاتەکان لەنێوان پاڵێوراوەکان و ئەوانەی زۆرینەی رەهایان هەیە، دیاریدەکرێن. | ڤیجی، ئوستورالیا، بابواگینیای نوێ | بەگشتیی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی پاڵێوراو بەشداردەبن. – بۆ سیاسییە میانڕەوەکان باشترە، چونکە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیان تەنیا بۆ پاڵێوراوە یەکەمیەکان نابێت و هەڵبژاردەی دووەمو سێیەمیش هەیە. | دەکرێت ئەنجامی نەگونجاوی لێبکەوێتەوە. – قورسییەکەی لە دروستکردنی بازنەی هەڵبژاردندایە. | – قورسە – کورسی دیاریکراو لە ئەنجومەندایە. – کۆتا بۆ پاڵێوراوان هەیە. | سنوورەکانی بازنەی هەڵبژاردن بۆ زۆرینەی رێژەیی دەنگدەرانی کەمینەکان. – کۆتا بۆ پاڵێوراوان. – کورسی لە ئەنجومەن دیاریکراوە. | – قورسە، ئەگەر ژمارەیەکی زۆر لە پاڵێوراوان لەلایەن دەنگدەرانەوە بە ژمارە دەستنیشان بکرێن و یان زۆرینەیان لەسەر کاغەزی دەنگدان. | تێچوونی زۆری دەبێت بەهۆی گەورەیی کاغەزی دەنگدانەوە، لەگەڵ پێویستی دەنگدەران بە پاڵێوراوی زۆر. |
| **یەک دەنگی نەگۆڕاو** | – فرە بازنەیە. – دەنگدەران یەک پاڵێوراو هەڵدەبژێرن. – پاڵێوراوان دەیانەوێت زۆرترین دەنگ بۆ دەرچوون بەدەستبێنن. – بەگشتیی بە سیستمێکی شێوە رێژەیی دەناسرێت. | ئوردن، ڤانواتۆ، ئەفغانستان | – هاوکاریی حیزبە بچووکەکان دەکات بۆ سەرکەوتن. | – ئەنجامی نەشیاوی هەیە. – حیزبەکان بێهێزدەکات. –پەیوەندییەکی لاواز لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەن و دەنگدەراندا هەیە. | کورسییەکانی ئەنجومەن دیاریکراون. کۆتا بۆ پاڵێوراوان هەیە. | کورسییەکانی ئەنجومەن دیاریکراون. کۆتا بۆ پاڵێوراوان هەیە. | – قورسە بۆ بەشێکی زۆر لە پاڵێوراوان. | – تێچوونی زۆری دەوێت، کاری جیاکردنەوەی زۆری دەوێت. |

# بەراوردی سیستمەکانی هەڵبژاردن

| سیستم | وەسف | ئەو وڵاتانەی بەکاریدێنن | خاڵە پۆزەتیڤەکان | خاڵە نێگەتیڤەکان | بەشداریی ژنان | بەشداریی کەمینەکان | ئاسانکاری دەنگدان و جیاکردنەوە | تێچوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی: ئەنجامەکان ڕیزبەندییەکان دیاریدەکەن** | | | | | | | | |
| **لیستی کراوەی ڕێژەیی** | – فرەبازنەییە بۆ کورسییەکان.<br>– دەنگدەران پاڵێوراوێک یان زیاتر هەڵدەبژێرن.<br>– حیزبەکان لەسەر ژمارەی دەنگەکان پاڵێوراو دادەنێن.<br>– ئەو پاڵێوراوانەی بەژمارەیەکی زۆر سەردەکەون کورسی لە حیزبیشدا بەدەست دێنن. | بەرازیل، ئیکوادۆر، فنلەندا، کۆسۆڤۆ، لوسمبۆرگ، هۆڵەندا، پۆڵەندا، سریلانکا، سوید، سویسرا | – ئەنجامەکانی زۆر شیاوە.<br>– دەنگدەران بەتەواوی بەسەر حیزبەکاندا زاڵ دەبن. | – حیزبە سیاسییەکان لاواز دەبن.<br>– پەیوەندییەکی لاواز لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەن و دەنگدەران دەبێت. | کورسییەکان بە ڕێژەیەک بۆ ژنان دادەنرێن، سێیەک یان چوار یەک.<br>– کورسییە دەستنیشانکراوەکان بۆ ژنان وادەکات ڕێژە بۆ ژنان دیاربنەکرێت. | کورسییەکان بە ڕێژەیەک بۆ کەمینەکان دادەنرێن.<br>– کورسی تایبەتیان بۆ دیاریدەکرێت و حیزبە ئیتنییەکان دەتوانن ئەو کورسییانە ببەنەوە. | قورس دەبێت بۆ دەنگدەران لە پاڵێوراوێک زیاتر هەڵبژێرن.<br>– ئاسان دەبێت ئەگەر دەنگدەر پاڵێوراوێک هەڵبژێرێت. | تێچوونی زۆری دەوێت بەهۆی کاغەزی زۆرەوەو جیاکردنەوەکەشی درێژخایەن دەبێت. |
| **لیستی داخراوی ڕێژەیی** | – فرە بازنەییە بۆ کورسییەکان.<br>–دەنگدەر یەک لیست هەڵدەبژێرێت.<br>– حیزبەکان لەسەر ژمارەی دەنگەکان پاڵێوراو دادەنێن.<br>– پاڵێوراوان لەسەر ئەو لیستەی حیزب دایناوە دەچنە پەرلەمانەوە. | فەرەنسا، عێراق (2005)، ئیسرائیل، نیپاڵ، پرتوغاڵ، سعودیە، باشووری ئەفریقا، ئیسپانیا | ئەنجامەکان بە ڕێژەیەکی بەرز باشدەبن.<br>– حیزب بەهێز دەکات. | پەیوەندییەکی لاواز لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەن و دەنگدەراندا دەبێت.<br>– حیزب کۆنترۆڵی تەواوی لیستەکان دەکات. | شوێنەکان لە لیستەکاندا لەلایەن حیزبەوە دیاریدەکرێن.<br>– کورسییەکان لە ئەنجومەن دیاریدەکرێن. | شوێنەکان لە لیستەکاندا لەلایەن حیزبەوە دیاریدەکرێن.<br>– کورسییەکان لە ئەنجومەن دیاریدەکرێت.<br>– دەکرێت حیزبێکی ئیتنی پاڵپشتی بکرێت بۆ بردنەوەی کورسییەک.<br>– نزمترین ئاست سنوور بۆ حیزبەکان دیارناکرێت. | ئاسانە ئەگەر دەنگدەران تەنیا حیزبێک یان لیستێکیان هەڵبژارد. | تێچوونی مامناوەندە بەهۆی کاغەزی دەنگدەرانەوە. |
| **یەک دەنگی گۆڕاو** | فرەبازنەییە بۆ کورسییەکان.<br>– دەنگدەران ئەولەویاتیان بۆ ئەو پاڵێوراوانەیە کە لەسەر لیستەکان ژمارەکراون، وەک دەتوانن هەموو پاڵێوراوەکان هەڵبژێرن.<br>– دەتوانرێت ئەولەویات لەنێوان پاڵێوراواندا دیاریبکرێت بۆ بەدەستهێنانی کورسییەک.<br>– ئەگەر قەوارەی بازنەکان مەعقول بوو، بەگشتیی دەتوانرێت پاڵێوراوەکە قبووڵ بکرێت. | ئێرلەندا، مالتا، ئوسترالیا | ئەنجامەکانی بە ڕێژەیەکی بەرزە.<br>– دەنگدەران کۆنترۆڵی تەواو بەسەر حیزبەکاندا دەکەن. | حیزبە سیاسییەکان لاواز دەبن. | کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەران دیاریدەکرێت.<br>– کۆتا بۆ پاڵێوراوان دیاریدەکرێت. | کورسی لە ئەنجومەن دیاریدەکرێت.<br>– سنووری بازنەکان دیاریدەکرێن.<br>– کۆتا بۆ پاڵێوراوانی کەمینەکان دیاریدەکرێن. | – قورس دەبێت ئەگەر دەنگدەران پاڵێوراوان ڕیزبەندیی بکەن یان هەموویان لەسەر کاغەزی دەنگدان هەڵبژێرن. | تێچوونی زۆری دەوێت بەهۆی زۆریی کاغەزی دەنگدانەوە، هەروەها پێویستیی گواستنەوەی زۆر. |
| **سیستمی نوێنەرایەتی تێکەڵاو: ئەم سیستمە سیستمەکانی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، فرەیی، زۆرینەیە** | | | | | | | | |
| **ڕێژەی ناوێتە** | کورسییەکان نوێنەرایەتی زۆرینەو زۆرایەتی بەپێی جوگرافی دیاریدەکرێت.<br>– کورسییەکان لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی تەعویزیی دەبێت و هۆکارەکەی لیستی زۆرینە یان زۆرایەتییە. | ئەلبانیا، پۆلیڤیا، ئەڵمانیا، ئیتالیا، لیسوتۆ، مەکسیک، نیوزلەندا، فەنزویلا | نوێنەرایەتی جوگرافی پەیوەندی نێوان ئەندامانی ئەنجومەن و دەنگدەران دیاریدەکات.<br>– کورسییەکانی تەعویزیی بۆ نوێنەرایەتی حیزبەکان دیاریدەکرێت. | پێویستی بە خەتکێشانی سنووری بازنەکان دەبێت. | شوێنەکان بۆ لیستی حیزبەکان دیاریدەکرێن.<br>– کورسییە دیاریکراوەکان ناگیرێن تەنیا بۆ ژنان نەبن. | شوێنەکان بۆ لیستی حیزب دیاریدەکرێن.<br>– پێویستی بە خەتکێشانی سنووری بازنەکان دەبێت بەپێی زۆرینەی ڕێژەی دەنگدەرانی کەمینەکان.<br>– کورسییە دیاریکراوەکان بۆ حیزبە ئیتنییەکان دەبن، ئەگەر پاڵپشتی بکرێن.<br>– پێویستی بە کەمترین ڕێژە نییە. | قورس دەبێت ئەگەر دەنگدەران یەکێک یان چەند کەسێک هەڵبژێرن. | تێچوونی زۆری دەوێت و جیاکردنەوەی دەنگەکانیش کاریگی قورس دەبێت. |
| **سیستمی تەریب** | کورسییەکان زۆرینەی بەپێی جوگرافی دەبن.<br>– کورسییەکانی لیستەکان بەپێی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بۆ جۆرێک لە تەئمینکراو بەکاردەهێنرێن.<br>– جیاواز لە سیستمی ئەندامێتی ڕێژەیی تێکەڵاو ئەنجامەکانی بە وەدەستهێنانی کورسی زۆرینە لەسەر حسابی دابەشکردنی لیستەکان کۆتایی نایەت. | ئەرمینیا، ژاپۆن، لیتوانیا، پاکستان، فلیپین، کۆریای باشوور، تایوان، تایلەند، ئۆکرانیا | نوێنەرایەتی جوگرافی پەیوەندیی پتەوی لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەن و دەنگدەراندا دەبێت.<br>– لیستی ڕێژەیی نوێنەرایەتی سیاسیی بە ڕێژەی کەمینەکان دەکات.<br>– جیاواز لە سیستمی ئەندامێتی تێکەڵاو دابەشکردنی کورسییەکان لە پێناو دابەشکردنی ئەنجامەکاندا کۆتایی نایەت. | هیچ گرەنتییەک بۆ پشکی تەواو نییە. | شوێنە دیاریکراوەکان لەسەر لیستی حیزبە.<br>– کورسییە دیاریکراوەکان لەئەنجومەندا. | شوێنە دیاریکراوەکان لەسەر لیستی حیزبە.<br>– سنووری بازنە جوگرافییەکان دەکێشرێت بەپێی ڕێژەی زۆرینە لە دەنگدەرانی کەمینەکان.<br>– دەکرێت حیزبە ئیتنییەکان پاڵپشتی بکرێن بۆ دەستکەوتنی کورسی.<br>– پێویستی بە کەمترین ڕێژە بۆ ئەوحیزبانە نییە کە نوێنەرایەتی کەمینەکان دەکەن. | قورس دەبێت بۆ دەنگدەران ئەگەر ڕێژەیی، یان بۆ زۆرینە دەنگ بدەن. | تێچوونی زۆری دەوێت و جیاکردنەوەی دەنگەکانیش کاریگی گران دەبێت. |

# هەڕەشەکانتان لەچییەوە سەرچاوە دەگرن؟



سیروان سمایل وەرتی

**با کۆمەڵانی خەڵک لەوە بەئاگا بکرێنەوە کە هەموو ئەو مووچەیەی پێیان دەدرێت و ئەو پارانەی لە پرۆژە سەقەت و وەهمییەکاندا سەرف دەکرێن لە خەزێنەی گشتیی دەردەچێت، نەک بانکە زەبەلاحەکانی حیزب**

هەژدە ساڵی حکومەت و دەسەڵاتی کوردی بریتیبووە لە دوورخستنەوەی تاکەکان لە داهێنان و برەودان بە تواناکانیان لەناو کۆڵەکە گرنگەکانی ئابووریی کوردستاندا، لەبری گەشەدان و بەکارهێنانی تواناکانی گەنجان لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی ...هتد حکومەت بۆ بەرژەوەندیی حیزبەکان و لە چەند کاتێکی دیاریکراودا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەستیکرد بە دامەزراندنی خەڵک و ئەمەش دوور لە پێویستی ئیداریی و تەنیا بەخواستی حیزبەکان و لەناو حیزبەکانیشدا بەمیزاجی ئەم و ئەو، بەم کارانە جوتیارەکان پاچ و خاکەنازەکانیان فڕێداو شوانەکانیش ماڵئاوایان لە گۆچانەکانیان کرد. بەمەش حکومەت کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ئیفلیجکردو شاڵاوی کۆچی لادێ بۆ شاری بە تەواوی خستە سەر سکە کە ڕەنگە پێچەوانەکردنەوەی ئاسان نەبێت، بۆیە دەکرێت بوترێت دەسەڵاتداران بێبەرنامە بوون بۆ شێوازی حوکمڕانی و گەشەدانی وڵات، بەڵام وردبین و دووربین بوون بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان، ئامانجیان لەم کارانە تەنیا گرەنتی مانەوەو پاوەنخوازی دەسەڵات بوو بۆ خۆیان، وەک بینیمان لەم هەڵبژادنەدا بەهەموو ئەوانەی کە چەندین ساڵە بە مووچەیەکی ڕەمزیی قۆڵبەست و دەمبەست دەکرێن وترا، ئێمە دوانزەمانگ نانتاندەدەین بۆیەک ڕۆژ، بە واتایەکی تر ئێمە نانتاندەین و ئێوەش ڕێگەی مانەوەمان ڕۆشن بکەن و چاوپۆشی بکەن لە هەموو دزی و گەندەڵی و ناعەدالەتییەکانمان، ئەگەر واش نەکەن نانبڕاوتان دەکەین. دەسەڵاتداران هەمیشە منەتی مووچە بەسەر توێژەکانی کۆمەڵدا دەکەن وەک ئەوەی ئەم پارەیە میراتی باوباپیرانیان بێت و ئەمڕۆ بەسەر خەڵکی تردا بیبەشنەوە، بیریان چووەتەوە ئەو کاتەی لەشاخ گەڕانەوە تەنیا خاوەنی جوتێک پێڵاوو جلەکانی بەریان بوون کەچی ئەمڕۆ سەرمایەکانیان نەک هەر کاریگەری لەسەر بانکەکانی کوردستان، بەڵکو بانکەکانی وڵاتانی دراوسێ و هەندێک وڵاتی تریش هەیە، بۆیە دەبێت کاربکرێت بۆئەوەی تاکی کورد بەتەواوی لەوە بەئاگا بێتەوە کە ئەوەی مانگانە وەریدەگرن لەبەرچاوی کاڵی ئەم و ئەو نییە، بەڵکو ئەرک و ماندووبوونی خۆیەتی ئەوەی پێدەبەخشێت، دەبێت کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگە دێرینەکان و کەمئەندامان لەوە تێبگەن کە ئەوەی ئەمڕۆ وەریدەگرن خێرو خێراتی هەندێک چاوچنۆک نییە، بەڵکو لە بەرامبەر خوێن و شەونخونی و لەدەستدانی چاوو قاچ و دەستەکانیان بۆ ئەمڕۆی میللەت وەریدەگرن، چونکە هەر لاشەی ئەوان بوو بەپردی گەیشتنی خەڵکانێک کە ئەمڕۆ وەکو سیکۆتین بە کورسییەکانییانەوە نوساون. با کۆمەڵانی خەڵک لەوە بەئاگا بکرێنەوە کە هەموو ئەو مووچەیەی پێیان دەدرێت و ئەو پارانەی لە پرۆژە سەقەت و وەهمییەکاندا سەرف دەکرێن لە خەزێنەی گشتیی دەردەچێت، نەک بانکە زەبەلاحەکانی حیزب، بەو مووچە خەیاڵی و زۆرانەشەوە کە دەدرێن بە کادیرە حیزبییەکان بۆ خزمەتکردنی حیزب کە ژمارەیان دوو بەرابەری کارمەندە حکومییەکانەو لەم ڕووەوە ئەرکی پەرلەمانە بەتایبەت بەرەی ئۆپۆزسیۆن کە کاری جدیی بکات بۆ جیاکردنەوەی ئیدارەی گشتی و مەکتەبی دارایی حیزبەکان لە وەزارەتی دارایی.

# یەکهەڵوێستیی لەپێناوی چی؟

**ئەگەر زانیمان ڕۆڵی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێستای عێراقدا لەماوەی چوارساڵی ڕابردوودا کە یەکهەڵوێست بوون لە ئاست خواست و ئاواتەکانی کوردا بوون، ئەوا دووبارەکردنەوەی ئەو ئەزموونە لە پەرلەمانی داهاتوودا کارێکی بەجێیەو داواکانمان یەکدەخەین بۆ دووبارەبوونەوەی، بەڵام ئەگەر ئەنجامەکە لە ئاست داخوازی و کێشەکانی خەڵکی کوردستاندا نەبوو، ئەوا لێرەدا پرسیارێک بەرەوڕووی هەمووان دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە، یەکهەڵوێستیی بۆچی؟**

ئەوڕەحمان قادر

باسەکانی ئێستای سەر گۆڕەپانی عێراق و هەروەها کوردستانیش بەزۆریی لەبارەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمانی داهاتوو و ئەو حکومەتەوەیە کە لەژێر سایەی ئەو پەرلەمانەوە دێتە کایەوە، لەبەر ئەوە گشت لایەن و پێکهاتەکانی سەرقاڵ کردووە، چونکە هەریەک لەوانە هەوڵی ئەوەیەتی زۆرینەیەک مسۆگەر بکات لەناو پەرلەماندا تا بەهۆیەوە بتوانێت یەکێک لە پۆستە سەرۆکایەتییەکانی ناو حکومەتیش بەدەستبهێنێت، ئەوەی لای هەمووان ئاشکرایە هەوڵەکانی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانە سەبارەت لیستێکی سەربەخۆی جیا لە لیستی ئیئتیلافی نیشتیمانی شیعە بەناوی لیستی دەوڵەتی یاسا، ئەویش بە کۆکردنەوەی زۆرینەیەک لە هەردوو پێکهاتەی شیعە و سوننە لەو لیستەدا، بەمەش دوو بەرەی بەهێزی هاوتا پێکدێت لە بەرژەوەندیی شیعە، کە لەوە دەچێت یەکێکیان لەژێر ئاڵای جەعفەریداو ئەوی دیکەشیان مالیکی بێت، بە دووریش نازانرێت کە ئەو دوو هێزە هەردوو زۆرینەی یەکەم و دووەمی کورسییەکانی ناو پەرلەمان بەدەستبهێنن، کە ئەمە یەکێکە لە خەونە ئەرخەوانییەکانی شیعە، خۆ ئەگەر ئەم خەونە بەوشێوەیە هاتەدی، ئەوا شیعە دەبێتە خاوەنی دوو پۆستی سەرۆکایەتیی سەرەکی لە عێراقدا، کە یەکێکیان پۆستی سەرۆک وەزیرانەو ئەوی دیکەشیان سەرۆک کۆمار، ئەوسا بەبێ چەندو چوون حکومەتێک پێکدێت کە زۆر نزیک دەبێت لەو حکومەتە زۆرینەیەی کە ئاواتی خۆیان بوو، ئەمە لێرەدا توانایی و لێهاتوویی سیاسەتمەدارانی شیعە دەردەخات لە چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی سیاسەت بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، کە بە هیچ بەرژەوەندییەکی دیکەی ناگۆڕنەوە، ئەم سەرکەوتنە گوڕوتینێکی نوێ دەداتە شیعە لە بەردەم گشت مەسەلەو کێشە هەڵواسراوەکاندا، کە دوور نییە خوێندنەوەی نوێیان هەبێت بۆیان.

لێرەدا کورد خۆی لە قەیرانێکی نائومێدی ئەوتۆدا دەبینێتەوە کە هەرگیز چاوەڕوانی نەدەکرد، لەدەستدانی پۆستی سەرۆک کۆماری و پلەی دووەمی لە زۆرینەی کورسییەکان لە پەرلەمانی داهاتوودا کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر بە ئەنجام گەیاندنی کارەکان وەک پێویست، ئەم لێکدانەوەیە خەڵکی کوردستانی تووشی نائومێدییەکی گەورە کردووە بە شێوەیەک کە هەردوو کابینەی پێشووی کورد لە بەغداد دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی گەورەی مێژووییەوە کە قبووڵی چاوپۆشین ناکات، بۆیە خەڵکی کوردستان بە گشتیی و حکومەتی هەرێمیش کە دەمڕاستی ئەو خەڵکەیە دەبێت ئەو مەسەلەیە بە هەند وەربگرێت و بەدواداچوونی بۆ بکات بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی هەردوو کابینەی حکومەت و پەرلەمانی کورد لە بەغداد دەربارەی تێکڕا ئەو کارانەی کە بە ئەنجامیان گەیاندووە بۆ نەهێشتنی ئەو گومانانەی لای تاکی کوردی دروستبووە.

ئەو بەدواداچوونە کاریگەریی دیکەشی دەبێت لەسەر هەر نوێنەرێک کە متمانەی بەرپرسیارێتیی پێدەبەخشرێت لە داهاتوودا، لەلایەکی دیکەوە ئەنجامی ئەو بەدواداچوونە هۆشیاریی دەداتە خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی بیروڕا یەکبخەن دەربارەی هەڵبژاردنی داهاتووی گشت عێراق، چونکە ڕای جیاواز هەیە لەسەر شێوازی بەشداریکردنی لایەن و پێکهاتەکانی ناو کوردستان لەو هەڵبژاردنەدا، ئایا یەکلیست و یەکهەڵوێست بێت یان فرە لیست و یەکهەڵوێست یان فرە لیست و فرە هەڵوێست بێت.

ئەوەی گرنگە لێرەدا هەڵوێستە، کە پێویستە قسەی لەسەر بکرێت، ئەویش لە ئەنجامی هەمان بەدواداچووندا بۆمان یەکلایی دەبێتەوە، هەرچەندە زۆرینەی خەڵکی کوردستان فیکرەیەکیان لەسەر ڕۆڵی نوێنەرەکانیان لەماوەی چوارساڵی ڕابردووی پەرلەمانی عێراقدا لا دروستبووە، بەڵام ئەو بەدواداچوونە بەڵگەیەکی زیندووی حاشا هەڵنەگر دەدات بە دەستەوە.

ئەگەر زانیمان ڕۆڵی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێستای عێراقدا لەماوەی چوارساڵی ڕابردوودا کە یەکهەڵوێست بوون لە ئاست خواست و ئاواتەکانی کوردا بوون، ئەوا دووبارەکردنەوەی ئەو ئەزموونە لە پەرلەمانی داهاتوودا کارێکی بەجێیەو داواکانمان یەکدەخەین بۆ دووبارەبوونەوەی، بەڵام ئەگەر ئەنجامەکە لە ئاست داخوازی و کێشەکانی خەڵکی کوردستاندا نەبوو، ئەوا لێرەدا پرسیارێک بەرەوڕووی هەمووان دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە، یەکهەڵوێستیی بۆچی؟ ئایا لەپێناو یەکهەڵوێستیی خۆیدا کە وەک دروشمێک پیشانی پێکهاتەکانی دیکەی ناو پەرلەمانی بدەین بۆ ئەوەی بڵێن کورد یەک هەڵوێستەو حەسودیمان پێبەرن یان بۆ شاردنەوەی ئازاری زامە قووڵەکان و کەموکوڕییەکانی نێوانمان کە پێوەی دەناڵێنین، یان یەک هەڵوێستیی لەپێناو بێدەنگیی بەرامبەر ئەو پلان و قسەو قسەڵۆکانەی کە بە ئاشکراو ژێر بە ژێرەکی دژ بە مەسەلە ڕەواکانی کورد هەڵیاندەبەست، یەک هەڵوێستییەکی دروستکراو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی تا ڕادەیەک دوور لە بەرژەوەندییە گشتییەکان و سڵکردنەوە لە ترسی پاشقولگرتنی ژێر بە ژێرەکی لە یەکترو بێدەنگبوون لە ئاست زۆر مەسەلەدا نەک زیان بگەیەنێت بە بەندەکانی ئەو یەکبوونەو لێکیان بترازێنێت، خۆ ئەگەر ئەمە بێت یەکهەڵوێستیی هەر نەبوونی باشترە.

بۆیە دەبێت هەوڵبدرێت لەپێناو هێنانەکایەی یەکهەڵوێستیی ڕاستەقینە، ئەویش بە یەکخستنی هەڵوێستی لیستە جیاوازەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و خواستەکانیان بە داڕشتنی بەرنامەیەکی تۆکمە لەسەر ڕێکەوتنی گشت حیزب و لایەنە بەشداربووەکان کە یەکتریان پێ قبووڵەو ڕێز لە بیروڕاو بۆچوونە جیاوازەکانی یەکتر بگرن و هیچ کام خۆی لەوانی دیکە بە گەورەترو نیشتمانپەروەرتر نەزانێت و هەموانیش وەک یەک ملکەچی یاساو لێپرسینەوەبن، ئەوسا نزیکبوونەوەی بیروڕاو بۆچوونە جیاوازەکان ئاسان دەبێت، هەموو هەڵوێستەکانیش لەناو پەرلەماندا بۆ یەک مەبەست دەبێت، کە ئەویش بەرژەوەندییە باڵاکانەو هیچ کەس و لایەنێک بۆی نییە سازشی لەسەر بکات یان دەستبەرداری بێت، ئەوسا ڕکابەری ململانێی لیستە جیاوازەکان و هەڵوێست وەرگرتنیان لەسەر بەدەستهێنانی مافە ڕەواکان دەبێت بێ چاوپۆشین و سڵکردنەوە لە یەکتر بۆئەوەی بگەنە ئەو ئاستەی کە جێی متمانەو باوەڕی خەڵکی کوردستانە.

# ڕوونکردنەوە

لە ژمارە ( ٥٤٩)ی ڕۆژنامەکەتاندا، کە لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٩/٢٩) بوو، لە لاپەڕە دوو دا هەواڵێکتان بە ناونیشانی: ((بە فەرمانی ناوچەیەکی پارتی چل کەس لە سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی دادەمەزرێنرێت)) بڵاوکردووەتەوە، کە بەداخەوە هەواڵێکی نادروست و هەڵبەستراوە، جا بۆ ئەوەی ڕاستییەکان پەردەپۆش نەکرێت بە پێویستی دەزانین ئەم ڕوونکردنەوەیە بڵاوبکەینەوە.

لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٩/٦) بە فەرمانی سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکیی ڕاگەیاندراوێک لە سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوکرایەوە، کە زانکۆ پێویستی بە دامەزراندنی (١٠٥) کەس هەیە، ئەوەی ئارەزووی دامەزراندنی هەیە دەتوانێت سەردانی زانکۆی ناوبراو بکات.

بە فەرمانی سەرۆکی زانکۆ لیژنەیەک بە سەرپەرشتی[ پ.ی.د.دارا عومەر میران] یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕیی و دارایی و بە ئەندامیەتی [ پ.ی.د کامەران یونس ]یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری قوتابیان پێکهێنرا تاوەکو ئەو کەسانە دەستنیشان بکەن، کە خاوەن شارەزایی و لێهاتوویین، جگە لەم لیژنەیە سەرۆکی زانکۆ ڕاستەخۆ سەرپەرشتی چۆنیەتی بەڕیوەبردنی کارەکانی لیژنەکە دەکات.

سەرەڕای ئەوەش سەرۆکایەتی هەولێری پزیشکی بەشێوەیەکی مۆدێرنانە تەلەفۆن بۆ پێشکەشکاران دەکات و لە ڕۆژی چاوپێکەوتنیان ئاگاداریان دەکاتەوە.

زانکۆی هەولێری پزیشکیی ڕاشکاوانەو شەفافانە ڕایگەیاندووە، کە پێویستی بە دامەزراندنی ئەوەندە فەرمانبەر هەیە، بەڵام بەداخەوە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە کە داوای شەفافییەت و ڕاستگۆیی دەکات هەواڵێکی هەڵبەستراو بڵاو دەکاتەوە، کە فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە.

ڕۆژنامەکەتان، بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەیەکی فەرمیی بدات یان پشت بە بەڵگەیەک ببەستێت، ئەو تۆمەتەی داوەتە پاڵ زانکۆکەمان، ئەوە دەچێتە خانەی بوختان و ناوزڕاندنەوە، ئەمە دوورە لە کاری میدیای ڕاستگۆو پەیامەکەی.

ئێمە ڕۆژنامەکەتان و سەرجەم ئەو بەڕێزانە ئاگادار دەکەینەوە، کە بە مەبەستی دامەزراندن داواکارییان پێشکەش کردوو تائێستا هیچ کەسێک دانەمەزراوەو چاوپێکەوتن بەردەوامە هەر بە فەرمانی سەرۆکی زانکۆش، هەموو جۆرە ڕاسپاردەو واسیتەیەک ڕەتکراوەتەوە، تەنیا لێهاتوویی و شارەزایی و بڕوانامەی خەڵکەکە لەبەرچاو گیراوە.

داوا لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە دەکەین، ئەگەر هەر بەڵگەیەکی لەبەردەستدایە، کە ناوچەی زانکۆی پارتی چل کەسی دامەزراندووە با بڵاوی بکاتەوە، ئەگەر نا داوای پۆزش بکەن و ئەم ڕوونکردنەوەیە بەبێ دەستکاریی بڵاو بکەنەوەو هیواداریشین لە بڵاوکردنەوەی هەواڵدا ڕاستگۆیی لەبەرچاو بگرن.

**ڕاگەیاندنی زانکۆی هەولێری پزیشکیی**
٢٠٠٩/١٠/١

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئاودێر شێخ عومەر**
٠٧٥٠١٥٨٧٧٧٧ - ٠٥٣٣١٩٢٠٠٣
awder.sh.omer@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان ڕەشید** - **هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕی و ریکلام و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩




بۆتان ئامێدی دەینووسێت

# ڕاستییەکان وەک خۆیان

**هیچ کات سیاسەتی ئەمریکا پشتگیریی کەسایەتییەک ناکات، ئەگەر سیاسەتی ئەمریکا وابوایە ئەوا دوای ڕووخاندنی سەدام لە بەغدا ئەو کەسانە حوکمیان دەکرد کە بە دڵی ئەو دەبوون**

سەرکردەیەکی یەکێتی لە وتارێکیدا بەتوندیی ڕەخنەی لە کۆمپانیای وشە گرتووەو هۆکارەکانی ئەم کارەشی ڕوونە. ڕەخنەکان گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە بە شێوەیەکی کۆمیدییانە باس لە شێوازو بەڕێوەچوونی ئەو کۆبوونەوەیە بکات کە لە پازدەی ئابدا لەنێوان نوێنەرانی لیستی گـۆڕانو چەند سیناتۆرێکی ئەمریکیدا بەسترا.

بمانەوێتو نەمانەوێت، ئێستا بزوتنەوەی گۆڕان قەوارەیەکی ڕەسمییە، ئەمەش پاش ئـەوەی توانی لەهەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەمموزی ڕابـردوودا لیستی کوردستانی یەکێتیو پارتی لە سلێمانی توشی دۆڕاندن بکات.

ئەوەی من دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم بریتی نییە لەو ڕکابەرییەی کە لەنێوان یەکێتیو گۆڕاندا هەیە، بەڵکو دەمەوێت چەند هەڵەیەکی زەق لەو وتارە ڕاستبکەمەوە بەپێی سەرچاوەی زانیارییەکانم لە واشنتۆن.

وەفـدی سیناتۆرە ئەمریکییەکان کە لەمیانەی گەشتەکەیاندا بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە هەولێر لیستی گۆڕانیان بینی بریتیبوون لە: جۆن مەکین، سوسان کۆڵین، لیندسی گراهام، بەڵام سیناتۆر جۆسێف لیبەرمانی دیموکراتی سەربەخۆ کە لەوگەشتە لەگەڵیان بوو نەچووە کوردستان، وەفدەکەی گۆڕانیش برتیبوون لە: محەمەد تۆفیق ڕەحیم، ئەندامی ئەنجومەی کۆمپانیای وشەو سەرکۆ عوسمان، ئەندامی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆمپانیا.


بەپێی سەرچاوەکان لە واشنتۆن سیناتۆر مەکینو نەوشیروان مستەفا دەبوایە یەکتریان ببینیایە، بـەڵام بـەداخـەوە کاک نەوشیروان نەچووە کۆبوونەوەکە بەهۆی (لایەنی ئەمنیی) کە بە ڕای من هەڵەیەک بووە کە نەوشیروان مستەفا کردی، چونکە دەرفەتێک بوو بۆ ئەو تا بتوانێت چەند بیروڕایەک لەگەڵ ئەو گەورە سیاسییە ئەمریکاییانەدا ئاڵوگۆڕبکاتو لە پرۆسەی گۆڕان لە کوردستان ئاگاداریان بکاتەوە. بایکۆتکردنی ئەمریکا لەلایەن کوردەوە شتێکی ژیرانە نییە، چونکە ئەمریکا کوردی پاراستووەو ئەوەش کوردستانە پێویستی بە ئەمریکایە نەک بە پێچەوانەوە.

سەرکردەکەی یەکێتی لە وتارەکەیدا باس لەوەدەکات کە گوایە سیناتۆرەکانی ئەمریکا بە لیستی گۆڕانیان وتووە، ئەمریکا پشتگیریکردنی بارزانیو تاڵەبانی بە یەکێک لە ئەولەویەتەکانی خۆی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو عێراق دادەنێت، هەروەها باسیش لـەوەدەکـات کە بەهۆی نا پرۆفێشناڵی وەفدەکەی گۆڕانەوە، ئەمریکییەکان کۆبوونەوەکەیان نافۆرماڵکردووە. یەکەم، ڕاستە ئەمریکا مامەڵە لەگەڵ تاڵەبانیو بارزانیدا دەکات، بەڵام هیچ کات سیاسەتی ئەمریکا پشتگیریی کەسایەتییەک ناکات، ئەگەر سیاسەتی ئەمریکا وابوایە ئەوا دوای ڕووخاندنی سەدام لە بەغدا ئەو کەسانە حوکمیان دەکرد کە بە دڵی ئەو دەبوون. دووەم، وەفدەکەی ئەمریکا بەهەمانشێوەی لیستی گۆڕان، وەفدی لیستی کوردستانیشیان بینیو هیچ جیاوازییەک لە پێشوازی ئەو دوو وەفدەدا نەبوو.

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا ئەوسەرکردەیەی یەکێتی دەڵێت، سیناتۆرەکانی ئەمریکا بە وەفدەکەی لیستی گۆڕانیان وتووە کە بوونی ئۆپۆزسیۆن شتێکی نۆرماڵە، بەڵام من دەڵێم نەخێر، ئەگەر بەس نۆرماڵ بوایە، ئەوا چ پێویستی دەکرد ئەو وەفدە ئەمریکییە لیستی گۆڕان ببینن؟ ئەوان پێیانوایە، بوونی لیستی گۆڕان بریتییە لە گەشەیەکی سیاسیی تەندروست کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پرۆسەی دیموکراتی لەو هەرێمەدا. ڕاستییەکیش هەیە دەبێت بزانرێت کە ئەمریکا دەوڵەتێکی دیموکراتەو پاڵپشتی لە دیموکراسییەتو هاندەری دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنێکی لێپرسراوانەیە لە خۆرهەڵانی ناوەڕاست، ئەمەش ئەو هۆکارەیە کە وای لە وەفدە ئەمریکییەکە کرد لەگەڵ لێپرسراوانی لیستی گۆڕان کۆببنەوە.

ئەمریکاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست خاوەنی دوو کلتوری جیاوازن، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دیکتاتۆرییەت سیاسەتی گۆڕیوە بۆ جەنگێکی ناپاکی دەسەڵاتپەرست کە بە وتارەکەی ئەوسەرکردەیەی یەکێتییەوە دەردەکەوێـت. لە خۆرئاواش، سیاسەت بریتییە لە جەنگێگی دروسـتـی نـێـوان فیکرو ئایدیاکانو سیاسییەکان، خاوەنی مسداقیەتی خۆیانن بەرامبەر دەنگدەرانیان.

# حکومەتی پەرلەمانیی یان دەسەڵاتی سەرۆکایەتی؟



خدر مەرەسنە

**لە ڕابردوودا دیتمان بەهۆی تەداخولکردنی حیزبەکانو سەرۆک حیزبەکان لە کاروباری دەوڵەتدا، چۆن سیستمی حکومەتداریی ڕۆڵی خۆی لە دەستدا نەمابوو، هەر وەک ئیستاش مەعلوم نییە لە هەزینەی کوردستان چەندی بۆ حکومەتو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان خەرجکراوەو چەندیشی چووەتە گیرفانی بەرپرسانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان. ئێمە پێمانوایە بۆ چاکتر بەڕێوەبردنی وڵاتو بەشدارکردنی خەڵک لە دەسەڵاتدا، دەبێت هەموو ئەو دەزگایانەی کە حیزبەکان هەیانەو بە هەزینەی کوردستان ژیانیان دابیندەکرێتو خزمەتی بەرژەوەندیی حیزبەکانیان دەکەن، دەبێت چیتر لەسەر حکومەت ژیانیان دابین نەکرێتو ئەرکیشیان خزمەتکردنی حیزب بێت، حکومەتێکی نەتەوەییو نیشتمانی لە کوردستان دابمەزرێنرێت، ئەو کات ئەو بۆشاییەی نێوان دەسەڵاتو خەڵک پڕدەکرێتەوەو ئامانجو ئاواتی خەڵک دێتەدی**

حکومەتەکان لە دونیادا لەسەر بنەمای هێزی یاسایی، جێبەجێکردنو دادوەریـی ریـزبـەنـدی کـراونو هـەر لـەو چوارچێوەیەشدا حوکم بەسەر خەڵکدا دەکەنو وڵات بـەڕێـوەدەبـەن، ئەگەر هێزی جێبەجێکردن (واتـا بەشی ئیجرایی) لە بەرامبەر پەرلەمانو هێزی یاسادا بەرپرس بێت، ئەوا ئەو حکومەتە پەرلەمانیی پێدەڵێن.

لەم ڕووەوە ئەگەر هێزی جێبەجێکردن لە پەرلەمانەوە سەرچاوەی گرتبێت، هەرگیز ئـەودەسـەڵاتـە باڵادەسـتـەی کە پێیدەوترێت سەرۆکایەتی ناتوانێت لە دەسەڵاتی حکومەتی پەرلەمانیی کەمبکاتەوە یان وەلای بـەرێـت. بە وتەیەکی دیکە، حکومەتی پەرلەمانیی یـان ئەنجومەنی نیشتمانیی کە پێکهاتووە لە هێزەکانی جێبەجێکردنو دادوەریـیو یاسایی، بـەڵام حکومەتیش سـەرۆکـایـەتـیـیـە، لـەشـێـوە حکومەتێکی ئـاوادا سـەرۆک جیاوازی تـەواوی لەگەڵ ئەو هێزانەدا هەیە کە حکومەتیان پێکهێناوە، لە حکومەتێکی ئـەوتـۆشـدا سـەرۆک حوکم بـەسـەر پەرلەماندا دەکـات، بۆزانیاریی لە وڵاتی ئینگلستان نـمـوونـەیـەکـی کلاسیکی زیندووی حکومەتی پەرلەمانیی هەیە، کە حوکم بەسەر هەموو دامـودەزگـاکـانـی حکومەتدا دەکات. لە ئەمریکاش نموونەی حـکـومـەتـی سـەرۆکـایـەتـی هـەیـە، بـەڵام لـەوێ هەموو بڕیارەکان لە مەجلیسی پیران دەردەچنو سەرۆک بڕیارەکان ڕادەپەڕێنیو جێبەجێیاندەکات، بـەڵام بـە گـوێـرەی ئـەو دەسـتـوورو یاسایانەی کە لـەلایـەن پـەرلـەمـانـی دەور بەسەرچووی کوردستانەوە پێشتر دراوەتـــەدەر، دەبێت دەسەڵاتی سەرۆک لە سەرووی پەرلەمانو هێزەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەرییدا بێت!، واتا سەرۆک بەسەر هەمووساندا حـوکـم بـکـات، بـۆ باشتر پێناسەکردنی سیستمەکانی حـکـومـەتـی پـەرلـەمـانـیو دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هـەرێـم لـە کـوردسـتـان، پێویستە جارێکی دیکەش دەسـەڵاتـەکـانـی پەرلەمانی حکومەت لەگەڵ دەسەڵاتی سەرۆکایەتی لێک جیابکرێتەوە، ئـەو کاتە بە بەرابەرکردنو بەراوردکردنی هێزەکان لەگەڵ دەسەڵاتی سەرۆک لێکدانەوەو توێژینەوەیان لەسەر بکرێتو هـەمـوو دەسـەڵاتـەکـانـی حوکمکردن لەو سێ هێزەدا کۆبکرێنەوە، کە ئاماژەمان پـێـکـردن. ئـەو سـێ هـێـزە لە پەرلەماندا پەیوەندییان بە هۆکارو فاکتەری پێکهێنانی دەوڵەتو دانانی پلانی هاوبەش هەیە، کە بریتین لە حکومەتی پەرلەمانیی، ئیدی بەمجۆرە حکومەت دەبێتە کاردانەرێک کـە بـەهـۆی ئـەوی ئـیـدارەو ئۆرگانە دەسـەڵاتـدارەکـانـی حکومەت ڕێکوپێکدەکرێنو بە قۆناغی جێبەجێکردن دەگەنو دەچنە چوارچێوەی حوکمەوە.

لــەمـــڕووەوە حـکـومـەتـی پەرلەمانیی ئامرازێکی پێویستەو دەبێت لە خزمەت ئامانجەکانی خەڵکی کـوردسـتـانـدا بێت، نەک بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتیی، هـەروەک وتمان ئـەو حکومەتەش لـە بـواری شێوازی کارەوە دابەشدەکرێت بەسەر سێ بـەش: یاسایی، جێبەجێکردنو دادوەریـی، کە بریتین لە دەسەڵاتی حکومەتو چاودێریکردن بەسەر هەموو دامودەزگاکانی حکومەتکردن لە چاک بەڕێوەبردنو خراپ بـەڕێـوەبـردنـی حکومەتدا بـەرپـرسـیـارن، لـەم بـوارەدا هـەر حکومەتو دەسەڵاتێک بـنـەمـای لـەسـەر ئـەو سێ ئـەسـڵـە دانـەمـەزرابـێـتو دیـمـوکـراسـی نـەکـردبـێـتـە بنچینەی کـارو کـارنـامـەی خۆیو نیازی پێداویستییەکانی خەڵکی بەشێوەی یەکسانی جێبەجێنەکردبێت لە دونیادا تەمەنیان کەم بووە.

بـنـەمـاو ئـامـرازەکـانـی حیزبەکان بە گشتییو دەسەڵاتی کـوردی بەتایبەتی، چونکە بنچینەیان لەسەر ئوسوڵو پرەنسیپەکانی دیموکراسی دانـەڕێـژراوەو سـەرۆکو سـەرکـردەکـان لە سـەرووی دەسەڵاتەکان بڕیاردەربوون، لەم ڕێگایەوە حوکمی خۆیان بەسەر خەڵکدا کـردووە، بەم هـۆیـەوە لـە کـوردسـتـان نە دیموکراسی گەشەی کردووەو نـە حکومەتی پەرلەمانیش بەشێوەیەکی دیموکراتیانە چووەتە چوارچێوەی خۆیەوە، بۆیە کـارەکـانو پـرۆژەکـان بـە لەنگیی بـەڕێـوەبـراونو دەسـەڵاتـی سـەرۆک لە سەرووی پەرلەمانو حکومەت بووە، هەر بۆیە کە زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دەسـەڵات ناڕازین. لێرەدا بنەماکانو ژێرخانی حوکمکردن لـەژێـر دەسـەڵاتـی سەرۆکدا دەمێنێتەوەو گـۆڕان بەسەر دامـودەزگـاکـانـی حکومەتدا نایەت، کەواتە بۆئەوەی خەڵکی کوردستان بتوانن بە مافەکانی خـۆیـان شـاد بـن، دەبـێـت لە بنەڕەتدا سیستم بگۆڕدرێت، ئێمە دیتمانو ئەزموونەکان فێریان کردین کە چۆن پەرلەمانی پێشووی کوردستان نەیتوانی ڕۆڵی هەبێت لە ڕێکوپێککردنی دامـودەزگـا حکومییەکانو هەروەها لە چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی کوردستان، چ لە پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتی عێراقو چ لە بـواری دابینکردنی مافەکانی خەڵکو قەیرانە ناوخۆییەکان، لەم ڕووەوە دەبێت دوو هێزی دیکەی بەنێوی ڕێکخستنی ئیدارەکانو ئەوەی دیکە هەیئەتی هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی کـارمـەنـدانو کـارگـێـڕانـی حـکـومـەت زەروورەتـێـکـی پێویستن، هـەروەک (فاینر) وتویەتی: (بۆ تەکمیلکردنو بەجێگەیاندنی ئەرکەکان لە پەرلەماندا دوو شت پێویستن، یەک ساغبوونەوەو بڕیاردان دووەمیش جێبەجێکردن) بۆ باشتر بەڕێوەبردنی حکومەت، دانـانـی ئـەو دوو دەزگـایـە پێویستییەکی سیاسینو دەبێت بەیەکەوە هاوکاریی یەکتر بکەن، لە حکومەتێکی دیموکراتیکی میللیدا دەبێت نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانو نوێنەرانی خەڵک لە پەرلەماندا ناوەندی گرنگترین بـڕیـارەکـانـی حـکـومـەتو پـەرلـەمـانـی کـوردسـتـان بـن، بـەڵام بـەپـێـچـەوانـەوە لە پەرلەمانی کوردستاندا حیزبەکان بڕیاردەدەن، کاتێک ئەو پرەنسیپانەی سـەرەوە ڕەچاوکرانو پەیڕەوییان لێکرا، ئەوجار بڕیارەکانی پەرلەمان لەلایەن سـەرۆکو سـەرۆک وەزیـرانـەوە ئیمزادەکرێنو دەگەنە قۆناغی جێبەجێکردنو لە ڕۆژنامەو میدیاکانی کوردیدا بـڵاودەکـرێـنـەوە، ئـەو کات ئەو کەسانەی کە بەرپرسی جێبەجێکردنی بڕیارو پرۆژە خـزمـەتـگـوزاریـیـەکـانو نەیانتوانی بـە ئەرکەکانی خۆیان هەڵسنو گەندەڵیی لە کارەکانیان سەریهەڵدا، ئـەوا لەلایەن پۆلیسەوە بۆ لێکۆڵینەوە ڕاکێشی دادگا بکرێنو سزایان بۆ دیاریبکرێت، بەمجۆرە پەرلەمانو حکومەت دەتوانێت ڕۆڵی گرنگی هەبێت لە ئیدارەکردنو بەڕێوەبردنی وڵات بەشێوەی دیموکراسیانە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر حیزب یـان سـەرۆک حیزب لـەو دەسـەڵاتـەی کـە بۆی دیاریکراوە زیاتر لە کاروباری حکومەتدا تـەداخـول بکات، بێگومان سیستمی حکومەت لێکهەڵدەوەشێت، هـەروەک لە ڕابـردوودا دیتمان بەهۆی تەداخولکردنی حیزبەکانو سـەرۆک حـیـزبـەکـان لـە کـاروبـاری دەوڵـەتـدا، چۆن سیستمی حکومەتداریی ڕۆڵی خـۆی لە دەسـتـدا نەمابوو، هەر وەک ئیستاش مەعلوم نییە لە هەزینەی کوردستان چـەنـدی بـۆ حـکـومـەتو پـرۆژە خزمەتگوزارییەکان خـەرجـکـراوەو چەندیشی چووەتە گیرفانی بەرپرسانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان. ئێمە پێمانوایە بۆ چاکتر بەڕێوەبردنی وڵاتو بەشدارکردنی خەڵک لە دەسەڵاتدا، دەبێت هەموو ئەو دەزگایانەی کە حیزبەکان هەیانەو بە هەزینەی کوردستان ژیانیان دابیندەکرێتو خزمەتی بەرژەوەندیی حیزبەکانیان دەکـەن، دەبێت چیتر لەسەر حـکـومـەت ژیـانـیـان دابین نـەکـرێـتو ئـەرکـیـشـیـان خزمەتکردنی حیزب بێت، حکومەتێکی نـەتـەوەییو نیشتمانی لـە کـوردسـتـان دابمەزرێنرێت، ئەو کات ئەو بۆشاییەی نێوان دەسەڵاتو خەڵک پڕدەکرێتەوەو ئامانجو ئاواتی خەڵک دێتەدی، بەمجۆرە دوژمـنـانو داگـیـرکـەرانـی کوردستان لەمەبەدوا ناتوانن لەم بۆشاییەی نێوان خەڵکو دەسـەڵات کەڵک وەربگرنو گـورزی خۆیان لە پەیکەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بوەشێنن.


SAMSUNG
تەلەفزیۆنی سامسۆنج LED TV - لوتكە
كۆمپانیای بەیاد
www.bayadgroup.com
info@bayadgroup.com
00964 770 192 4220
هاوڕێی ژینگە
ڕونییەكی بێ هاوتا لە وێنەدا Mega C/R
باریكترین ئامێری تەلەفزیۆن 1.2 depth
كەمترین تەزوی كارەبای پێویستە
SERIES 7
SLIM
سلێمانی - شەقامی سالم - تەلاری جەمال حاجی عەلی
هەولێر - شەقامی پرمام - تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی بەنزینخانەی شۆرش
بەغداد - كەرادە - شەقامی سەعدە


ISHIK UNIVERSITY
مژدە بۆ دەرچووانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی
زانكۆی ئیشق بۆ جارێكی تر ئامێزی خۆی واڵا دەكات بۆ وەرگرتنی ژمارەیەك ئەوەی دوارۆژ.
هەوڵ دەدات بە پەروەردەكردنی قوتابیان وخوێندكارانی بەنوێترین زانست وپێشكەوتووترین تەكنەلۆژیای جیهانی لەسەر دەستی پسپۆرانی نێودەوڵەتی .
بەشەكانی زانكۆی ئیشق :
- هۆڵی خوێندنی پشوو بەخش.
- ڕاقەكردنی وانەكان بە نوێترین تەكنەلۆژیای سەردەم (سمارت بۆرد).
- گۆڕەپانی وەرزش.
- كتێبخانەی فراوان.
- چالاكی وەرزشی وكۆمەڵایەتی ورۆشنبیری و ئەكادیمی جۆراوجۆر.
- ڕێكخستنی باڵەخانەی زانكۆ بەهەموو ئامێرە تەكنەلۆژیە پێشكەوتووەكان.
- ڕێكخستنی هاتوچۆ بە سیستەمی ID كارد وفێنكەر بریننت.
لە سیما جوانەكانی زانكۆی ئیشق
ماوەی وەرگرتن وگێرانەوەی فۆرم 2009-7-18 بۆ 2009-8-31
تێبینی : بۆ وەرگرتنی فۆرم دەتوانی سەردانی زانكۆی ئیشق بكەن ،
یان ماڵپەری زانكۆی ئیشق بكات www.ishikuniversity.com
ناونیشان :
هەولێر – شەقامی 60 مەتری تەنیشت هۆڵی زەرد
0750 705 02 11
066 252 98 41
بەشەكانی زانكۆی ئیشق
كۆلێژی پزیشكی ددان | پزیشكی ددان
كۆلێژی ئەندازیاری | بەشی ئەندازیاری كۆمپیوتەر، بەشی ئەندازیاری بیناسازی
كۆلێژی زانستەكانی بەڕێوەبردن وئابووری | بەشی بەڕێوەبردنی كار، بەشی دارایی وئابووری
كۆلێژی پەروەردە | بەشی زمانی ئینگلیزی، بەشی بیركاری
كۆلێژی زانست | زانستی كۆمپیوتەر (IT)
خوێندنی ئێواران | زانستی كۆمپیوتەر (IT)، زمانی ئینگلیزی، بەڕێوەبردنی كار


HOMA company
پێشانگای كتێب
لە (هەولێر - دهۆك - سلێمانی)
ڕۆژانی ١٠- ١٠ تاكو ١٨- ١٠
بەچاودێری حكوومەتی هەرێمی كوردستان وەزارەتی پەروەردە كۆمپانیای هوما بە هەماهەنگی لەگەڵ چەند دام ودەزگا دەرەوە ناوەوەی هەرێمی كوردستان پێشانگای گەورەی كتێب لە هەر سێ پارێزگا ( هەولێر - دهۆك - سلێمانی ) دەكاتەوە
داشكاندن
50%
بۆ زانیاری زیاتر
0750 495 8246 - 0750 462 0176
0750 465 8486 - 0770 644 4008
ناونیشانی پێشانگا :
هەولێر - هۆڵی پەیمانگای هونەرە جوانەكانی
هەولێر بەرامبەر كولێژی كارگێری وئابووری
دهـوك - هۆڵی سەری رم